شەڕ و تەنگژە.. مێژووی رۆژە سەختەکانی نەتەوە دەنووسێتەوە و
کاریزمای سەرۆک دەخاتەڕوو

# ئەرکە مەحاڵەکانی سەرۆک ..
# لەکاتی بەڕێوەبردنی شەڕ و تەنگژەدا





**«سەرکردەی جەماوەری لە کاتی دروستبوونی شەڕ و تەنگژە ئەرکەکانی شێوە مەحاڵێک دەبن. بەڕێوەبردنی تەنگژە و شەڕ پێویستی بە خۆپاراستن و خۆئامادەکردن و وەڵامدانەوە و دووبارە بونیادنانەوە هەیە، ئەمانەش ئەرکە قورسەکانی سەرکردەکانن، هەموو بەڵگەکان ئەوە پیشاندەدەن لە کاتی تەنگژە و شەڕەکاندا جۆرێک لە دڵەڕاوکێ لە نێوان مەزندەکان و واقیعی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی تەنگژەکان درووست دەبێت، هەروەها مێژووی تەنگژە و شەڕ ئەوەیان سەلماندووە بەوەی شەڕ و تەنگژە هەلی گۆڕانکاری و چاکسازی دێنێتە پێشەوە، هەروەها ئەو حاڵەتە خراپەی کە لە کاتی شەڕ و تەنگژە دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە شەڕ و تەنگژە ببێتە ئەمری واقیع و وەک کێشەیەکی بێ چارەسەر سەیر بکرێت و سەرۆک کە سەرکردایەتی تەنگژەکە دەکات، نەتوانێت زەمینەیەکی لەباری سیاسی بۆ ئەلتەرناتیڤ درووست بکات، زۆر جاران لەکاتی تەنگژەدا هەلی ریفۆرم و چاکسازی کەم و لاوازە، نەک وەک هەندێک بیری لێدەکەنەوە زۆر ئاسان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێوازی بیرکردنەوەی سەرکردایەتیکردنی تەنگژەکە جیاوازی هەیە لەگەڵ**

## ● بڕیاڕی بوێرانەی سەرۆك لە دووڕیانی مێژووی نادیاری نەتەوەدا

کاتێك نەتەوە دەکەوێتە دووڕیانی مێژوویەکی نادیارەوە، ئەوە سەرۆکی لێهاتوو و خاوەن بڕیاری سەخت و بوێرانەیە ئاراستەی مێژووی نەتەوە لە ئاراستەی ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان و قبوولکردنی ئەمری واقیعی تەنگژەوە دەگۆڕێت بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە سەپێندراوە و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو نووسینەوەی مێژوویەك بۆ نەتەوەکەی کە بەرجەستەیی ئیرادەی نەتەوە دەخاتەڕوو، لەم هاوکێشە هەستیار و ئاڵۆزەی کە لە قۆناخێکی هەستیار و نادیاری نەتەوەدا رووبەڕووی سەرۆکی ئەو نەتەوەیە لە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراودا دەبێتەوە، سەرۆکی نەتەوە ئەرکەکانی وەك شێوە مەحاڵێك دەردەکەون، زۆر جاران لە دەوڵەتانی دیموکراتیدا، لە نێوان تێڕوانینی سەرپێی پەرلەمان و بیرکردنەوەی قووڵی سەرۆك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو واقیعە تاڵە و هەنگاو هەڵگرتن جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە مەحاڵە جۆرێك لە جیاوازی و تەنانەت کێشەش دروست دەبێت. هۆکاری درووستبوونی ئەم جیاوزی و پێکنەگەیشتنە لە نێوان بیرکردنەوەی سەرۆك و شێوازی موناقەشەکردن و بڕیاردانی پەرلەماندا، لە باشترین حاڵەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لەبیرکردنەوە و تێڕوانینی سەرۆك بۆ ئایندەی نەتەوە تەنیا یەك ڕێگەچارەی شێوە مەحاڵ هەیە بۆ رزگارکردنی نەتەوە، بەڵام لەناو وتووێژەکانی پەرلەماندا بژاردەی جیاواز دێنە پێشەوە، کە زۆر جاران هێندەی ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندی حزبی، هێندە بیرکردنەوە نییە لە بەرژەوەندی گشتی و ئایندەی نەتەوە، هەربۆیە هاوکێشە گرنگەکەی: (پاراستنی نەتەوە، ئامادەکردنی نەتەوە، وەڵامدانەوەی هەڕەشە و تەحەدییەکان، بونیادنانەوەی ئایندەی نەتەوە) لە دیدی حزبە سیاسییەکاندا دەگۆڕێت بۆ هاوکێشەیەکی دیکەی حزبی کە بریتی دەبێت لە: (پاراستنی حزب لە داکشانی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئامادەکردنی حزب بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، وەڵامدانەوەی حزب بۆ سواڵکردنی دەنگ، بیرکردنەوە لە ئایندەی حزب، نەك نەتەوە). هەروەها لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و خەبات بۆ رزگاربوون لە داگیرکاری بەتایبەتی ئەگەر بزاڤی نەتەوە نەگەیشتبێتە ئەوەی خاوەنی پەرلەمانی خۆی بێت، ئەوا دیسان کێشمەکێشی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی کاریزمای ئەو قۆناخە دەگاتە ئاستی ئەوەی سەرۆك ناچار بێت بڕیاری قورسی خۆی بدات و لەهەمانکاتدا هەوڵەکانیشی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی رایەکی گشتی لەسەر مەترسیی ئەو قۆناخە بە پشتبەستن بە گەل درووست بکات.

لە مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی خەبات و قوربانیدانی گەلان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، هیچ سەرۆکێکی کاریزما نییە، رووبەڕووی ئەم ئاستەنگ و کێشە و لێکتێنەگەیشتنە ناوخۆیانە نەبووبێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە زۆر لە سەرۆکەکان لەو قۆناخە سەخت و مێژوویی و چارەنووسسازانەدا، هەوڵیانداوە گەلەکانیان لە بازنەیەکی گەورەتر لە بازنەی حزب کۆبکەنەوە، یان راستەوخۆ پەنا بۆ ئیرادەی گەلەکەیان بەرن بۆ ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی تێپەڕێنن و حزبەکان ناچار بکەن لە ژێر گوشاری ئیدارەی گەلدا واز لە بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی بهێنن.

لەم رووەوە ئەگەر سەیری رۆڵی جۆرج واشنتۆن بکەین لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی، دەبینین هەموو ئیرادەی گەلی ئەمریکای لە چوارچێوەی پرەنسیپێکدا کۆکردەوە، کە دەڵێت: «کە نوێنەرایەتی نەبێت، باجدانیش بوونی نییە». جۆرج واشنتۆن ئەم بنەمایەی

**ڕەفتارەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی لە روانگەی بەرژەوەندی، ئەو تێڕوانینە بووە کە ئایندەی کوردستانی تێدا دەبینی، لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی کوردستانیش هەنگاوەکانی لەسەر بنەمای پشتبەستن بوو بە بەرژەوەندی گەلی کوردستان، نەک بەرژەوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**سەرۆک بارزانی لە پێناوی ئەوەی ئەم هەلە مێژووییەی بۆ کوردستان هاتۆتە پێشەوە، لە دەست نەدرێت و بە یەکرِیزی و یەکدەنگی بەرەو ئەم ئامانجە مێژوویيە گرنگە هەموو پێکەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگرین، ئامادەباشی پیشانداوە کە هەموو ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ ئەوەی هیچ هێزێک نەتوانێت ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان دابنێت**

**ئەو چاکسازییە کاریگەرەی داوای دەکرێت. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش تەنگژە لە خۆیدا پەنجەرەیەکە، یان هەلێکی رەخساوە لەبەردەم سەرۆکدا دەکرێتەوە، هەروەک چۆن دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی ئاستی جەماوەری بەرەو هەڵکشان بوو، هەروەها حاکمی ویلایەتی نیویۆرک وەک پاڵەوانێک دەرکەوت، بەڵام ئەم واقیعە بۆ جیمی کارتەری سەرۆکی پێشوی ئەمریکا پێچەوانە بوو. لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا و کارمەندەکانی بە بارمتە گیران، بەڵام لەبەر ئەوەی کارتەر نەیتوانی بارمتەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەمریکا، ئەمە وەک شکستێکی گەورە بۆی تۆمار کرا».**

- **توێژینەوەی: «سەرکردە جەماوەرییەکان لەکاتی تەنگژەدا: ئەرکە مەحاڵەکان»**
- **نووسینی: پرۆفیسۆر ئیرژین بۆێن لە زانکۆی لیدن . پرۆفیسۆر پاول هارت لە زانکۆی ئۆتریێخت لە هۆڵەندا**

شیکردووەتەوە و ئەم ئەرکە مەحاڵەی سەربەخۆیی ئەمریکای گرێدایەوە بە هەر تاکێکی ئەمریکاوە، لەبەر ئەوەی ئەوکات ئەمریکییەکان باجیان دەدا، بەڵام خاوەنی نوێنەرایەتی و پەرلەمان نەبوون، هەر ئەمە وایکرد جۆرج واشنتۆن بنەمای شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ئاهەنگی چاخواردنەوە لە سەر رووباری بۆستن ئەنجام بدریت و هەموو بارە چاکان بخەنەوە ئاوەکەوە بەو مانایەی «باج دەدەین بە دەریا، بەڵام باج نادەین بە پەرلەمانی بەریتانیا»، لەم قۆناخەدا دیارە ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج واشنتۆن ئامانجی سەربەخۆیی بەدەست هێنا، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کێشەی لێکتێنگەیشتن و جیاوازیی رای هەندێك لە گرووپەکانی ئەو کاتی ئەمریکا لەگەڵ جۆرج واشنتۆن بوونی نەبووە؟ بێگومان ئەو کێشەیە بوونی هەبووە. بە هەمان شێوە ئەبراهام لنکۆڵن کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم شەڕی دژی کۆیلایەتی راگەیاند و ئێستا لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەمریکادا بە لنکۆڵن دەڵێن: «میراتی ئازادی بۆ ئەمریکا»، گەورەترین کێشەی لنکۆڵن لەگەڵ کۆنگریس بوو. کۆنگرێس زۆر دژی بڕیارەکەی بوو بۆ شەڕی دژی کۆیلایەتی، هەتا کار گەیشتە ئەوەی لنکۆڵن بڕیاری دا هاوکات لە کاتی شەڕدا، بینایەکی تازە بۆ کاپیتاڵ هۆڵ دروست بکات و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لەو بینا تازەیەی کاپیتاڵ هۆڵ وەڵامی کونگریسمان و گەلی ئەمریکا دەداتەوە، لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانیشدا، کە فاشیزم و نازیزم هەڕەشەی گەورەیان لە سەر دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاوا دروست کردبوو، وینستۆن چەرچل-ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و هەروەها رۆزفەڵتی سەرۆکی ئەمریکا، رووبەڕووی گۆشارێکی زۆر توندی کۆنگرێس و پەرلەمانی بەریتانیا بوونەوە. رۆزفەڵت بۆ تێپەڕاندنی گوشاری کۆنگرێس پەنای بۆ رای گشتی خەڵکی ئەمریکا برد، چەرچڵ کە بە بڕیاری بوێرانەی بەریتانیای بەشداری شەڕەکە کرد و شەڕەکەش بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانان کۆتایی هات، بەڵام چەرچڵ پۆستەکەی خۆی لەسەر دانا، یان ئەگەر سەیری بڕیارە بوێرانەکەی دیگۆل بکەین دوای داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە، راستە دیگۆل توانی بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان سەربەخۆیی و رزگاری بۆ فەرەنسا بگێڕێتەوە، بەڵام حزبە سیاسییەکانی فەرەنسا دوای ساڵی ١٩٤٦ کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دیگۆڵ دروست کرد، بەوەی دیگۆل ناچار بوو بۆ ماوەی ١٢ ساڵ ئایندەی فەرەنسای بۆ بیرکردنەوەی حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەم بەجێهێشت، بەڵام باسەیری ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٥٨ و مێژووی سیاسی و دەوڵەتداری فەرەنسا بکەین، بزانین ئەو حزبانە فەرەنسایان بەرەو کوێ برد؟ مێژووی سیاسی و دەوڵەتداری فەرەنسا پێمان دەڵێت لە ماوەی ئەو ١٢ ساڵە حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەم کارێکیان بە فەرەنسا کرد کە خەریك بوو فەرەنسا لە شکۆی دەوڵەتێکی گەورەی جیهانەوە بهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی دەوڵەتێکی ئاسایی، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨ جارێکی دیکە دیگۆڵ بە پشتبەستن بە رای گشتی گەلی فەرەنسا توانی حزبی دیگۆلی دابمەزرێنێت و کۆتایی بەو پاشاگەردانییە حزبیەی فەرەنسا بهێنێت، بەڵام ئایا دوای ئەوەی دیگۆل جارێکی دیکە شکۆی بۆ فەرەنسا گێڕایەوە، ئایا حزبە ساسییەکان وازیان لە چارەنووسی فەرەنسا هێنا، بێگومان نەخێر، پاش ئەوەی دیگۆل لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٨ لە چوارچێوەی کۆماری پێنجەمدا فەرەنسای گەیاندەوە شکۆی شایستەی خۆی و بەردی بناخەی یەکێتی ئەوروپای دانا، حزبە سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ بە بیانووی ئەنجامدانی خۆپیشاندان دژی مانەوەی ئەمریکا لە ڤێتنام، ئاژاوەیەکیان لە فەرەنسا

**لەسەر ئاستی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ پێشوازییەکی گەورە لە هەنگاوەکانی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، لە میانی دیدار و کۆبوونەوەکانیان چ لە کوردستان، یان پایتەختەکانی ئەوروپا بە گرنگییەوە گوێ لە هەنگاوەکانی سەربەخۆیی دەگیرێت و بە قەناعەتەوە پشتگیری دەکەن**

**دەوڵەتی تورکیا کە هەتا رابردوویەکی نزیک نکۆڵی لە ناوی کورد دەکرد، بەڵام وەک لە سەردانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بینیمان لە فڕۆکەخانەی ئەنکەرا و لە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی تورکیادا بە ئاڵای کوردستان پێشوازی لە بەڕێزیان کرا**

# جەنگی دووەمی جیهانی ئەو شانۆ گەورەیەی ڕۆزفەلت ڕۆڵی خۆی تێدا گێڕا

فرانکلین ڕۆزفەلت کارامەییەکی سرووشتی بۆ دەسەڵات و ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی هەبوو. جەنگی دووەمی جیهانی- کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەسەر ئاستی جیهان و هاوپەیمانێتیگەلێکی نێودەوڵەتی ئاڵۆز و تەحەددیگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرت- شانۆیەکی گەورە بوو کە ئەو ڕۆڵێکی بنەڕەتی تێدا بگێڕێت. ڕۆزفەلت بە هەموو پێوەرێک، فەرماندەیی هێزی چەکداری نەتەوەکەی خۆی بوو، پێگەیەکی سەرەکیشی هەبوو لە هاوپەیمانێتی سەروەختی شەڕەکەدا کە لە ٢٦ وڵات پێکهاتبوون و پێی دەوترا نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو لەگەڵ جۆزێف ستالین و وینستۆن چێرچل سێ مەزنەکەیان لە نێو جەرگەی ئەم هاوپەیمانێتیەیان پێکدەهێنا. بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی جەنگەکەدا، فرانکلین زیاتر و زیاتر وەک ناوبژیوان و بڕیاردەری نێو گرووپەکە ڕەفتاری دەکرد.

لە ماوەی جەنگەکەدا، سەرۆک جەختی لەسەر گرنگیی بنیادنانی هاوپەیمانێتی کردەوە. بە

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو جۆرێک لە قەناعەت و تێگەیشتن لای سەرۆک و میر و پادشاکانی ئەو وڵاتانە درووست بووە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان فاکتەرێکە بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سەرۆک بارزانی لە کاتێکدا ئەم نەخشەی ڕێگەی داڕشتووە، کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێمی و نیودەوڵەتی لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کوردستان وەک دەوڵەتی ئەمری واقیع لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهان پێشوازی لێدەکرێت

درووست کرد، کە زۆر بێ بەزەییانە شەقامی شانزەلیزەیان خەڵتانی خوێن کرد و زانکۆی سۆربۆنیان سووتاند، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی دیگۆل پشت ئەستور بوو بە ئیرادەی فەرەنسییەکان توانی ئەم ئاژاوەیە کۆتایی پێبهێنێت و ئەوانەشی کە هۆکاری هەڵگیرسانی ئەم فیتنەیە بوون، ناسنامە و ڕەگەزنامەی فەرەنسیان لێ سەندراوەیە و وڵات بەدەر کران.

لە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی و لەو وڵاتانەی کە هێشتا خاوەنی پەرلەمانی خۆیان نەبوون، بۆ نموونە وەك باشووری ئەفریقیا و هیندستان، مەهاتما گاندی و نیلسۆن ماندێلا، ئەم دوو سەرکردە کاریزمایەش وەك هەموو سەرکردەکانی دیکەی جیهان ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگ و لێکتێنەگەیشتن بوونەوە. تەنانەت ماندێلا لەسەر پرسی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی ڕەگەزپەرستی گەیشتە ئەو ئاستەی لە خێزانەکەی جیا بێتەوە، مەهاتما گاندی-یش دوای ئەوەی بەریتانیای مەزنی بە چۆکدا هێنا و نیمچە کیشوەری هیندستانی ڕزگار کرد، بەدەستی هاووڵاتیەکی خۆی تیرۆر کرا.

ئەگەر لەسەر پاشخانی ئەم سەرکردە کاریزمایانەوە بپەڕێینەوە بۆ کوردستان و ئەو پرسیارە بکەین، ئایا سەرۆکی نەتەوەییمان مستەفا بارزانی لە قۆناخی دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولی سەرتاسەری، وەك سەرجەم سەکردە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگ بۆتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەکرێت دژایەتی و لێکتێنەگەیشتن لە گەڵ تێڕوانینی سەرۆك مستەفا بارزانی لەسەر دوو ئاست بخوێنینەوە.، یەکەمیان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە ئەوکات لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا جیهان تەواو دابەش ببوو بە سەر جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، سەرۆك مستەفا بارزانی ئەگەر لە هەنگاوێکدا ڕەخنەی لە ڕۆژئاوا بگرتایە، ئەوا بە شیوعی تۆمەتباریان دەکرد و ئەگەر ڕەخنەی لە ڕۆژهەڵات بگرتایە، ئەوا بە پیاوی ئیمپریالیزم تۆمەتبار دەکرا، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکیشدا ڕەفتارەکانی سەرۆك مستەفا بارزانی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی، ئەو تێڕوانینە بووە کە ئایندەی کوردستانی تێدا دەبینی، لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی کوردستانیش هەنگاوەکانی لەسەر بنەمای پشتبەستن بوو بە بەرژەوەندی گەلی کوردستان، نەك بەرژەوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر بۆیە کە لە ساڵی ١٩٦٤ و دوای وەرگرتنی رای خەڵکی کوردستان لە کۆنگرەی کۆیە بڕیاری دا بۆ ماوەیەك شۆڕش ئاگربەست بکات، هەتا خەڵکی کوردستان بەروبوومی ئەو ساڵەیان کۆدەکەنەوە، ئاستی لێکتێنەگەیشتن و جیاوازی لە بیرکردنەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی و بەرژەوەندی مەکتەبی سیاسیی پارتی وەك حزب گەیشتە ئەو ئاستەی کە بڵێن: «مەلا مستەفا کوردستانی بە سێو و پڕتەقاڵ فرۆشتووە»! لەمەش سەیرتر ئەوکات ئەوانەی لە سەرۆك مستەفا بارزانی ناڕازی بوون، پەنایان بۆ شای ئێران برد، بەڵام دوای ئەوەی بەرژەوەندی شۆڕش وای پێویست کرد پێوەندی لەگەڵ ئێران درووست بکرێت، ئەوجا شۆڕشی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکرا کە پشتی بە ئێران بەستووە، لەمەش سەیرتر هەڵمەتێکی تیرۆری فیکری دژی شۆڕشی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی پیادە کرا، بەڵام دوای ئەوەی لە ١٩٧٠ شۆڕشی کوردستان توانی ڕێککەوتنی

**چەشنی ستراتیژیەتی سەربازی، ستراتیژیەتی دیپلۆماسیش بووە خەسڵەتی سەرکردایەتییەکەی لە سەروەختی جەنگەکەدا. سەرۆک کاری خۆسازدانی سەربازی و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری بە مەرکەزی کرد، ئەویش بۆ ئەوەی بتوانێت لە نزیکەوە چاودێری و ئاڕاستەی ڕووداوەکان بکات لە کۆشکی سپییەوە. ئەو ڕێزی لە ئەنجومەنی فەرماندە سەربازییەکانی دەگرت و ئامادەبوو ستراتیژیەتی شەڕ و وردەکارییەکان کارەکانیان بۆ بەجێبهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی تەحەددی بۆوە، بەڵام لە پێوەندیدا بە ستراتیژیەتە گەورەکەوە ڕۆزەفڵت پێداگیر بوو، بواری نەدەدا کەسانی خوارەوە ستراتیژیەتی پێچەوانە و دژ بە ستراتیژیەتەکانی خۆی دابێژن.**

- **سەرچاوە:** freedom from fear FDR commander in chief
- **ئامادەکردنی: سێنسیا کۆچ**

ئادار لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئیمزا بکات، سەرۆک مستەفا بارزانی دووبارە ماڵی کوردی یەکخستەوە و کۆتایی بە دووبەرەکی هێنا.

ئەم حاڵەتە ئێستا بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی سەرکردایەتی سەرۆک مسعود بارزانی بۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە سەرۆک مسعود بارزانی لە دەستپێکی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، هەموو ئامانجی ئەوە بوو کوردستان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بپارێزیت، ئەوکات کە سەرۆک مسعود بارزانی هەوڵی پاراستنی کوردستانی دەدا، لەهەمانکاتدا هەوڵی خۆئامادەکردنی دەدا بۆ وەڵامدانەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو کە بێتەپێشەوە، لەم ماوەیەدا کە سەرۆک مسعود بارزانی خەریکی ئەم خۆئامادەکردنە بوو، دەنگی نەشاز هەبوو دەیانویست گوشار بخەنە سەر سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کوردستان ببێتە بەشێك لەو شەڕە، بەڵام سەرۆک مسعود بارزانی وەك سەرۆکێکی کاریزما لە قۆناخێکی هەستیاری نەتەوەکەماندا، لە کاتێکدا بڕیاری بوێرانەی دا، کە تیرۆریستانی داعش شەڕێکی نەخوازراویان بە سەر کوردستاندا فەرز کرد، لەم کاتەشدا کە سەرۆك مسعود بارزانی خۆی وەك پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری بوو، کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو دوژمنان و تیرۆریستان تێکبشکێنت، زۆر جار ئەوەی لە میدیاکانی کوردستانەوە سەبارەت بەو شەڕە سەپاوە گوێمان لێی دەبوو، دوژمنانیش هەر ئەوەیان بە کورد و کوردستان دەگوت. بەڵام سەرکردایەتی لێهاتووانەی سەرۆك مسعود بارزانی و بە پشتبەستنی بە ئیرادەی گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، بارودۆخەکەی بە جۆرێك وەرچەرخان کە نەك هەر تیرۆریستانی داعش تێکشکێندران و ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان ئازاد کرانەوە، لە هەمانکاتدا سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی بووە هەوێنی ڕێککەوتنی دهۆك و ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و ئازادکردنەوەی کۆبانێ تەنیا لە ماوەی ٨٠ ڕۆژدا، هەر بۆ مێژوو ئەو کاتەی بە سەرپەرشتی سەرۆك بارزانی ڕێککەوتنی دهۆك لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا ئیمزا کرا و پاشتریش پێشمەرگە نێردرا بۆ کۆبانێ، تیرۆریستانی داعش ٨٠٪ی کۆبانێ-یان داگیرکردبوو، سەرۆك کۆماری تورکیا بە ئاشکرا دەیگوت: کۆبانێ کەوت، بەڵام شێوازی بەڕێوەبردنی شەڕەکە و هاوکاریی سیاسی و سەربازی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ڕۆژئاوا وایکرد، کۆبانێ وەك چیای شنگال لە یەك کاتدا ئازاد بکرێت، دوای ئەو سەرکەوتنانەش ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی دژەتیرۆر چووە قۆناخێکی دیکە و پێشمەرگە بووە سیمبولی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، لەمەش زیاتر دەوڵەتانی هاوپەیمان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەرچەرخانێك لە تێڕوانینیان بۆ کوردستان دروست بوو، بەجۆرێك کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستاندا، سەرۆك مسعود بارزانی لە مانگی ئایاری 2015 پرسی دەوڵەتی کوردستان و بڕیاردانی خەڵکی کوردستان لە چارەنووسی خۆیانی خستە سەر مێزی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و تەواوی ستافی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا و بە ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندن، مێژووی ئێمە وەك کورد مێژوویەکی تاڵە، واقیعێك بەسەر نەتەوەکەماندا سەپاوە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆمان بووە و بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوین،

**لە پێناوی گەیشتن بەم ئامانجە و نەبوونی هیچ لایەک بە بەشێک لە ئەجیندای هەرێمی لە دژی پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان، ئەوا سەرۆک مسعود بارزانی بڕیاری داوە، ئەگەر ئەم ئامانجە بە نەمانی ئەو لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بێتە دی، ئەوا بڕیاری خۆی داوە**

**سەرۆک بارزانی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەدا، پلانی داڕشتنی نەخشەڕێگەیەکی هەیە بۆ چاوپۆشین لە بەرژەوەندییە تەسکە حزبیەکان و دروستکردنی زەمینەیەک بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەدا هەموو لایەک سەیری ئایندەی کوردستان بکەن**

# سەرکردایەتی چێرچل ئێستاش جێگەی پەند و تێڕامانە

**هێشتا میراتی چێرچل زیندووە کە چەندین سەرکردە پەند لە بنەماکانی شێوازی سەرکردەیی ئەو وەردەگرن، نەک تەنیا بۆ شەڕی تیرۆر لە ڕۆژگاری ئێستادا، بەڵکو بۆ سەرکردەکانی بواری بزنس و بازرگانیش لەم جیهانەدا کە بە ڕەوتێکی خێرا لە گۆڕانکاریدایە. وتارەکانی چێرچل بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ سەرکردەکانی جیهانی ئێستا، کاتێک لەوە دەڕوانن کە چۆن چێرچل لەسەروەختی نائارامییە سیاسییەکان لە جیهاندا هەڵسوکەوتی کردووە.**

**دروووستکردنی پێوەندی بەهێز لە سەروەختی قەیراندا فاکتەرێکی گرنگە کە چێرچل لە ڕۆژگاری جەنگی دووەمی جیهانیدا کاری لەسەر دەکرد. هەمیشە گۆڕانکاری شتێکی حەتمییە و خەڵکی بەرهەڵستی دەکەن، لەبەر ئەوە دروووستکردنی پێوەندی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە لە ناو ڕێکخراوێکدا بە ئیجابی بشکێتەوە. بۆ نموونە کەسێکی وەک لۆنگستاف بەراوردی بنەماکەی چێرچل دەکات لە بواری بزنسدا، کە چۆن لە ئەگەری ڕوودانی قەیرانێک دەڕوانرێت، ئەویش کاتێک قازانجەکان کەم دەبنەوە، بچووککردنەوە کارێک خوازراو دەبێت،**

سەبارەت بە باشووری کوردستانیش سەرۆك مسعود بارزانی زۆر بە ڕاشکاوی بە سەرۆك و ئیدارەی ئەمریکای ڕاگەیاندبوو، لە باشووری کوردستانیش مێژوویەکی تاڵمان لەگەڵ هەموو حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی بەغدا هەیە، تا گەیشتە ئەوەی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بکەن و بە چەکی کیماوی لە نەتەوەکەمان بدەن، لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراقیش جیا لەوەی سیاسەتەکانی بۆتە هۆکاری ئەوەی عێراقە لەبەریەك هەڵبوەشێت، بەڵام بودجە و مووچەیان لە کوردستان بڕیوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردبووە، کە ناکرێت جارێکی دیکە نەتەوەی کورد ئایندەی نادیار بێت، یان هەموو ئەو کارەساتە دووبارە بێتەوە و گەلی کوردستان شایستەی ئەوەیە خۆی بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات. ئەم ڕاشکاوییەی سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆك و ئیدارەی ئەمریکا، مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی بە تەواوەتی بە سەرۆك و ئیدارەی ئەمریکای ڕاگەیاندووە پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان دەستی پێکردووە، مانای ئەوەشە کە سەرۆك بارزانی سوورە لە سەر ئەوەی ئەم مێژووە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کاتێك سەرۆك بارزانی لەم سەردانە سەرکەوتووەی گەڕایەوە، بە نیازی چی بوو؟ حزبە سیاسییەکانی کوردستان چۆن بیریان دەکردەوە؟ بێگومان دیارە سەرۆك بارزانی نیازی بوو ژوورێکی عەمەلیات بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنێت، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە حزبە سیاسییەکان بەوجۆرە بیریان دەکردەوە چۆن دەبێت ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی سەرۆك مسعود بارزانی ڕابگەیەندرێت. بەڵام لۆژیکی سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی نەك هەر نەیهێشت ئەم لێکتێنەگەیشتن و ئاستەنگانە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان پەکبخەن، بەڵکو بە ئازادکردنەوەی شنگال، پرۆسەی دەوڵەتی کوردستانی کردە ئەو ئەمری واقیعەی کە خۆمان بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆمی گشتی ئامادە بکەین.

### ● کوردستان و گەشبینی بۆ ئایندە لە تێڕوانینی سەرۆکدا

ئەم قۆناخەی ئێستا کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، لە تێڕوانینی سەرۆك بارزانی-دا بەرەو ئایندەیەکی موژدەبەخش هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام دیسان لە ڕوانگەی سەرۆك بارزانی- یەوە ئەم ڕێگەیە بە گوڵ نەچێنراوە و ئاستەنگ و نشێوی زۆری دێتەڕێ، بەتایبەتی کە هەتا ئێستا هێزگەلێکی ئیقلیمی هەموو هەوڵی خۆیان بەو ئاراستەیە دەخەنەگەڕ کە ئاستەنگی سەرەکی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە بەکارهێنانی گوشاری جۆراوجۆر دروووست بکەن، لەم چوارچێوەیەدا بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەدا، پلانی دارشتنی نەخشەڕێگەیەکی هەیە بۆ چاوپۆشین لە بەرژەوەندییە تەسکە حزبیەکان و دروووستکردنی زەمینەیەك بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەدا هەموو لایەك سەیری ئایندەی کوردستان بکەن، بۆ دروووستکردنی ئەم زەمینەیەش سەرۆك بارزانی لە پەیامی سەری ساڵی ٢٠١٦ هێڵە گشتییەکانی ئەو نەخشەڕێگەی بە گەلی کوردستان ڕاگەیاند و دوای لە سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان کرد، پێکەوە کۆببنەوە و لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە سێ ڕێگەچارە یەکێکیان هەڵبژێرن، ئەو ڕێگە چارانەش بریتی بوون لەوەی:(یان ئەوەتا ڕێکبکەون هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی

**ئەم قۆناخەی ئێستا کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، لە تێڕوانینی سەرۆک بارزانی-دا بەرەو ئایندەیەکی موژدەبەخش هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام دیسان لە ڕوانگەی سەرۆک بارزانی- یەوە ئەم ڕێگەیە بە گوڵ نەچێنراوە و ئاستەنگ و نشێوی زۆری دێتەڕێ**

**سەرۆک بارزانی نیازی بوو ژوورێکی عەمەلیات بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنێت، بەڵام بەداخەوە هەندێک لە حزبە سیاسییەکان بەوجۆرە بیریان دەکردەوە چۆن دەبێت ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی سەرۆک مسعود بارزانی ڕابگەیەندرێت**

**لـەو کاتـەدا تیمەکـە پاڵنەریـان نامێنێـت و پشـکدارەکانیش بێئومێـدی دایاندەگرێـت. لـەم کاتـەدا ئەگـەر وێنـای ئـەوە بکەیـن کـە چێرچـل چـۆن لـەم حاڵەتـەدا رەفتـار دەکات، ئـەوا دێـت و واقیعەکـە روون دەکاتـەوە و دواتـر ئیلهـام بـە تیمەکـە دەدات و تێڕوانینێکیـان بـۆ دەخاتـەڕوو بـۆ ئـەوەی وێنـە گەورەکـە ببینـن، هەروەهـا ئامۆژگارییـان دەکات کـە چـۆن ئامانجەکانیـان بەدەسـت بێنـن و پاڵنـەری ئەوەشیـان بـۆ درووسـت دەکات کـە بـە دەسـتی بێنـن. هەروەهـا هاندانەکانیـش رەنگدانـەوەی دەبـوو لەسـەر هەڵسـوکەوتەکانی، چونکـە خەڵکـی زیاتـر لـە کـردار دەڕوانـن، نـەک گوفتـار. پێداگیـری و پەرۆشـی چێرچـل هـاوکاری بـوون لـەوەی رۆئیـای خـۆی بگەیەنێـت و ببێتـە ئیلهـام بـۆ ئـەو کەسـانەی سـەرکردایەتی دەکـردن. بنەماکانـی سـەرکردایەتی چێرچـل زەمـەن تێپەڕێنـن و خـاوەن کار و سـەرکردەکانی ئـەم رۆژگـارە و ئاینـدەش پەنـدی لێوەردەگـرن بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتوو بـن.**

- **سەرچاوە:** Leadership Analysis - Winston Churchill
- **لە سایتی** http://leadershiprocks.tripod.com/id1 **بڵاوکراوەتەوە.**

هەرێمی کوردستان بکرێت، یـان لـە نێوخۆیانـدا رێکبکـەون یەکێك هەڵبژێـرن بـۆ سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، یـان رێکبکـەون هەتـا هەڵبژاردنـی ٢٠١٧ بارودۆخەکـە پێکـەوە بەڕێـوە بـەرن).

ئەگـەر سـەیری ئـەم نەخشـەڕێگەیە بکەیـن کـە سـەرۆك مسـعود بارزانـی بـۆ حزبەکانـی کوردسـتانی دارشـتووە، راشکاوانە ئـەوەی خستۆتەڕوو، بەوەی ئـەم قۆناخە پێویستی بـە یەکڕیـزی و یەکهەڵوێسـتیی هەمـوو حزبـە سیاسـییەکان و تـەواوی خەڵکـی کوردسـتان هەیـە، ئەوجـا لـە پێنـاوی گەیشتن بەم ئامانجە و نەبوونی هیچ لایەك بە بەشێك لە ئەجینـدای هەرێمی لە دژی پرۆسـەی دەوڵەتـی کوردسـتان، ئـەوا سـەرۆك مسـعود بارزانـی بڕیـاری داوە، ئەگـەر ئـەم ئامانجـە بـە نەمانـی ئـەو لـە پۆسـتی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتاندا بێتـە دی، ئـەوا بڕیـاری خـۆی داوە.

لێرەوە گرنگـە هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت، بزانیـن ئایندەی کوردسـتان لـە تێڕوانینی سـەرۆك مسعود بارزانـی بەرەو کام ئاراسـتەیە و چـۆن ئاینـدەی کوردسـتان دەبینێـت، لێـرەدا بەچەنـد خاڵێـك دەیخەینـەڕوو:

- سـەرۆك بارزانـی لـە کاتێکـدا ئـەم نەخشـەی رێگـەی دارشتووە، کە پێگـەی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێمـی و نیودەوڵەتـی لـە ژێـر سـەرکردایەتی ئـەودا، گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی کوردسـتان وەك دەوڵەتـی ئەمـری واقیع لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهان پێشوازی لێدەکرێت.

- لەسـەر ئاسـتی وڵاتانـی عەرەبی و کەنـداو جۆرێك لـە قەناعەت و تێگەیشـتن لای سـەرۆك و میر و پادشـاکانی ئەو وڵاتانـە درووسـت بـووە کـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان فاکتەرێکـە بـۆ سـەقامگیری و ئاشـتی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا.

- دەوڵەتـی تورکیـا کـە هەتـا رابردوویەکـی نزیـك نکۆڵـی لـە نـاوی کـورد دەکـرد، بـەڵام وەك لـە سـەردانی ئـەم دواییـەی سـەرۆك بارزانـی بینیمـان لـە فڕۆکەخانـەی ئەنکـەرا و لـە نـاو کۆشـکی سـەرۆکایەتی تورکیـادا بـە ئـاڵای کوردسـتان پێشـوازی لـە بەڕێزیـان کـرا.

- لەسـەر ئاسـتی دەوڵەتانـی یەکێتـی ئەورووپـا و ناتـۆ پێشـوازییەکی گـەورە لـە هەنگاوەکانـی سـەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، لە میانـی دیـدار و کۆبوونەوەکانیان چ لـە کوردسـتان، یـان پایتەختەکانـی ئەورووپـا بـە گرنگییـەوە گـوێ لـە هەنگاوەکانـی سـەربەخۆیی دەگیرێـت و بـە قەناعەتـەوە پشـتگیری دەکـەن.

ئەمانـە و چەندیـن هەنـگاوی گرنگـی دیکـە کـە لـە سـایەی سـەرۆکایەتی سـەرۆك مسـعود بارزانـی وایکـردووە کوردسـتان وەرچەرخانـی گـەورەی بـە خۆیـەوە بینـوە، بۆیـە ئێسـتاش سـەرۆك بارزانـی لـە پێنـاوی ئـەوەی ئـەم هەلـە مێژوویيـەی بـۆ کوردسـتان هاتۆتـە پێشـەوە، لـە دەسـت نەدرێـت و بـە یەکڕیـزی و یەکدەنگـی بـەرەو ئـەم ئامانجـە مێژووییـە گرنگـە هەمـوو پێکـەوە هەنـگاوی بـۆ هەڵبگریـن، ئامادەباشـی پیشـانداوە کـە هەمـوو رێگەیـەك بگرێتـە بـەر بـۆ ئـەوەی هیـچ هێزێـك نەتوانێـت ئاسـتەنگ بـۆ پرۆسـەی سـەربەخۆیی دەوڵەتـی کوردسـتان دابنێـت.

ئـەم تێڕوانیـن و جیهانبینییـەی سـەرۆك بارزانـی جۆریکـە لـە خەسـڵەتی کاریزمایـی سـەرۆك کـە هەمـوو ئامانجەکانـی لەسـەر ئاینـدەی بونیادنانـی نەتـەوە و گەیاندنـی نەتـەوە بـۆ گەیشـتن بـە قۆناخـی سـەرفرازی بونیـاد دەنێـت، نـەك بەرژەوەنـدی تەسـکی حزبایەتـی کـە دوورتـر لـە سـندوقەکانی دەنگـدان شـتێکی دیکـە نابینیـن.

**لۆژیکی سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی نەک هەر نەیهێشت ئەم لێکتێنەگەیشتن و ئاستەنگانە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان پەکبخەن، بەڵکو بە ئازادکردنەوەی شنگال، پرۆسەی دەوڵەتی کوردستانی کردە ئەو ئەمری واقیعەی کە خۆمان بۆ پرۆسەی ریفراندۆمی گشتی ئامادە بکەین**

**کاتێک نەتەوە دەکەوێتە دووڕیانی مێژوویەکی نادیارەوە، ئەوە سەرۆکی لێهاتوو و خاوەن بڕیاری سەخت و بوێرانەیە ئاراستەی مێژووی نەتەوە لە ئاراستەی ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان و قبووڵکردنی ئەمری واقیعی تەنگژەوە دەگۆڕێت بۆ بەرپەرچدانەوە و رەتکردنەوەی ئەو واقیعە سەپێندراوە**



**محەمەد رەئوف**

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە ئابوورییە دەبێت خۆمان لە ئینتیمای حزبی دابماڵین و ئینتیمای گەل و نیشتمان پێکەوە کۆمان بکاتەوە

دابەزینی نرخی نەوت بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەپڕ بۆ خوار ۳۰ دۆلار قەیرانێکی راستەقینەی بۆ هەموو ئەو وڵاتانە دروست کردووە کە بە ڕێژەیەکی بەرز لە بودجەی ساڵانەیاندا پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن، عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بە ڕێژەی ۹۰-۹۵٪ پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت و هەرێمی کوردستانیش کە هەتا ئێستا بەپێی دەستوور و سیستمی ئابووریی عێراق، بەشێکە لەو وڵاتە و لەو سیستمە ئابوورییە دووچاری هەمان قەیران بۆتەوە، لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی بۆ ئەوەی ئەو قەیرانە تێپەڕێنێت، بەڵام دیارە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەشێکە لە عێراق سنووردان و ناتوانێت هەموو ڕێگەیەك بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە بگرێتەبەر. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم کێشەیە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ محەمەد رەئوف سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سازکرد. محەمەد رەئوف جیا لەوەی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردستانە و پێشتر وەزیری بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، یەکێکە لەو کەسانەش بایەخێکی زۆر بە ئابووری و کەرتی نەوت دەدات و بەشداری چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە، لەم دیمانەیەشدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.



*** بەهۆی داشکانی نرخی نەوت بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، هەموو ئەو وڵاتانەی کە هەناردەی نەوت دەکەن و لە داهاتی ناوخۆیاندا پشت بە نەوت دەبەستن، دوچاری قەیرانێکی گەورەی دارایی بوونەتەوە، دیارە هەرێمی کوردستانیش بۆتە بەشێك لەو کێشەیە، ئێوە چۆن سەیری ئەم داکشانە چاوەڕواننەکراوەی نرخی نەوت دەکەن؟**

- دابەزینی نرخی نەوت بەم شێوە چاوەڕواننەکراوە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو وڵاتانەی نەوت هەنارده دەکەن و بە ڕێژەی ٢٠٪ -٣٠٪ زیاتر پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن بۆ دابینکردنی بودجەکانیان، بۆتە قەیران و کێشەیەکی گەورە، بەڵام ئەم حاڵەتی دابەزینی نرخی نەوتە جاری یەکەم نییە و ئەگەر سەیر بکەین لە ماوەی ٦٠-٧٠ ساڵی رابردوودا ئەمە چوارەمین جارە نرخی نەوت بەو شێوە چاوەڕواننەکراوە دادەبەزێت، هەموو جارێکیش بۆ هەندێك وڵات قەیرانی گەورەی درووست کردووە و بۆ هەندێکیش ئاسایی بووە، دیارە ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی درووستکردنی ئەم قەیرانە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە وڵاتانی خاوەن نەوت بەتایبەتی ئەوانەی بە ڕێژەیەکی بەرز پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن، لەکاتی هەڵکشانی نرخی نەوت، یان سەرچاوە سرووشتییەکان، ئابوورییەکەیان جۆرێك لە بازدانی ئابووری (طفرة اقتصادية) بە خۆیانەوە دەبینین، بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە کە گەشەیەکی ئابووری ئاسایی و تەندرووست دەکەن وەك وڵاتانی پیشەسازی، ئەم بازدانە ئابوورییە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە نرخی سەرچاوە سرووشتییەکان لە بەرزبوونەوەدا بێت، لەم حاڵەتەدا بانکەکان پڕ دەبن لە پارە، خەڵکیش گوزەرانی باش دەبێت، وڵات پڕدەبێت لە دوایین مۆدێلی ئۆتۆمبیلی گرانبەها، بەڵام کە نرخی نەوت دابەزی، ئەوا ئەگەر باری ئابوورییان نەشبێتەوە بە سفر، ئەوا لە سفر نزیك دەبێتەوە. لە مێژووی ئابووریدا ئیسپانیا یەکەمین وڵاتە کە بەهۆی دابەزینی نرخی زێڕەوە دووچاری قەیران بۆتەوە، ئێستاش ئەو وڵاتانەی کە بە ڕێژەیەکی بەرز پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن لەگەڵ ئەم دابەزینە دووچاری قەیرانی ئابووری بوونەتەوە، لەبەرامبەردا دەوڵەتانی پیشەسازی کە ڕێژەی گەشەکردنی ئابوورییان لە نێوان ٠,٥٪ - ٢-٣٪، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە گەشەکردنە ئاسایی و تەندرووستە وەك دەوڵەتانی ئەورووپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە بەر ئەوەی خاوەنی ژێرخانێکی پیشەسازی تۆکمە بوون، ئەوا کە دووچاری قەیرانی ئابووریش دەبن، دەتوانن بە ماوەیەکی کەم هەڵبستنەوە، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە لە سیستمە ئابوورییەکەیدا بایەخی تەواو بە مرۆڤ و توانای مرۆڤ و ئەقڵی مرۆڤ دەدات و لە بەرەنجامی داهێنەکانی ئەقڵی مرۆڤەوە سێکتەرەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ پێکەوە گەشەی ئابووری درووست دەکەن، ئەوا ئەم گەشە ئابوورییە لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمایەکی درووست دامەزراوە، ئەوا ئەگەر دووچاری قەیرانیش بێتەوە، بە ئاسانی ناکەوێت، یان ئەگەر دووچاری قەیرانیش بێت، دەتوانێت بە خێرایی هەڵبستێتەوە و قەیرانەکە تێپەڕێنێت، هەربۆیە داکشانی نرخی نەوت لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، وایکرد بەشێکی زۆری دەوڵەتانی هەناردەکەری نەوت چاو بە ئابووری خۆیاندا بخشێننەوە و بە ڕێژەیەکی بەرز پشت بە داهاتی نەوت نەبەستن و بڕیاریان دا ڕێژەکە لە ٩٠٪ دابەزێنن بۆ نزیکەی ٥٠-٤٠ ٪، هەر بۆ نموونە ئێستا کۆی دەوڵەتانی کەنداو بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێژەی ٤٩٪ پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن، ئەم ڕێژەیە لە وڵاتێکی کەنداوەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام وڵاتێکی وەك فەنزویلا پێشتر پەندی لە دابەزاندنی نرخی نەوت وەرنەگرت، بۆیە لە کاتی دووبارە بوونەوەی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت بووە هۆکاری ئەوەی ٤ حکومەت لەسەر یەك بگۆڕن، بەڵام ئێستا فەنزویلاش هەنگاوی هەڵگرتووە و ئاستی پشت بەستنی بە داهاتی نەوت کەم کردۆتەوە.

*** ئەگەر لەسەر ئەم قسانە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا چۆن ئەم بارودۆخە چارەسەر دەکرێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- کاتێك باس لە چارەسەر دەکەین، دەبێت بزانین ئەم وەرچەرخانە پێوەندیی بە کەلتوور و مەعریفەوە هەیە، کەواتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کەلتووری بیرکردنەوەی خۆمان بگۆڕین و پشت بە ئیرادە و توانای مرۆڤ ببەستین و تواناکانی مرۆڤەکان بخەینە کار. یەکێك لە خراپترین ئاکامە نەرێنییەکانی پشت بەستن بە داهاتی نەوت ئەوەیە وەهمێك درووست دەکات، پێی دەگوترێت وەهمی ئابووری، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم وەهمە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ بێگومان تا ئەو کاتەی سەرچاوەی داهاتەکە دوچاری قەیران دەبێت. پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا لەم قۆناخەدا چارەسەر

**کاتێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێن، دیارە ئەو لەوە تێگەیشتووە ئەگەر سەقامگیریی سیاسی نەبێت، سەقامگیریی ئابووریش نابێت**

**لە ماوەی ٦٠-٧٠ ساڵی رابردوودا ئەمە چوارەمین جارە نرخی نەوت بەو شێوە چاوەڕواننەکراوە دادەبەزێت، هەموو جارێکیش بۆ هەندێک وڵات قەیرانی گەورەی درووست کردووە و بۆ هەندێکیش ئاسایی بووە**

هەیە؟ بیگومان چارەسەر هەیە، چونکە وەك دەڵێین شتێك نییە لە ژێر چەتری ئەم کەونەدا مەحاڵ بێت، تەنیا شتێك دەبێتە مەحاڵ کە ئیرادەی مرۆڤ لاواز بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە ئیرادە لاواز بوو، ئەگەر کێشەکە بچووکیش بێت، ئەوا چارەسەرەکەی هەردەبێتە مەحاڵ، بەڵام ئەگەر ئیرادەمان بە هێز بوو، ئەوا کێشەکە چەند گەورەش بێت، چارەسەرەکەی ئاسان دەبێت.

*** ئەگەر لێرەوە باسی هەرێمی کوردستان بکەین، بەو سیفەتەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لەعێراق، ئایا چۆن لە کوردستان دەتوانین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵبگرین؟ ئایا تاچەند بەغدا ئاستەنگە بۆ ئەو چارەسەرە؟**

- بەپێی دەستوور و سیستمی ئابووری ئێمە وەك هەرێمی کوردستان هەتا ئێستاش بەشێکین لە عێراق، راستە لە دەستووری عێراقدا نووسراوە، عێراقی نوێ لە سەر بنەمای ئابووریی نوێ پەرە بە ئابووری خۆی دەدات، بەڵام زاراوەی ئابووریی نوێ لە فەرهەنگی ئابووریدا مانایەکی نییە، بەڵام با بڵێین لەبەر هەر هۆیەك بووە نەیانویستووە بنووسن لەسەر بنەمای ئابووری سەرمایەداری، یان ئابووری بازاڕ پەرە بە ئابووری عێراق دەدەین، بە هەرحاڵ با وای دابنێین مەبەستیان ئابووری بازاڕە، دیارە پێش رووخانی رژێم لە ٢٠٠٣ بە دوو ساڵ کۆنگرە بۆ ئابووری عێراقی نوێ لە هەولێر لەلایەن ئامۆژگای عێراق بۆ دیموکراتی و رۆشنبیری ئەنجام درا، یەکێك لە پڕۆژەکانیشی دووبارە بونیادنانەوەی هەیکەلی ئابووری عێراق بوو، کاتی خۆی ئێمەش بەشداریمان تێداکردووە، ئەم پڕۆژەیە لەلایەن د.شێرزاد نەجارِ پێشکەش کرا و هەموو رەهەندەکانی هەیکەلەی نوێی عێراقی داهاتووی تێدا خرایەڕوو، راستە لە ناو دەستووری عێراقدا بە کۆمەڵێك مادده ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئەم مادده دەستوورییانە بە یاسا رێك نەخراون، یان ئەگەر یاساشیان بۆ دەرچوویێت کاری پێنەکراوە، کەواتە ئێستا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە وڵاتێك کە خاوەنی سیستمێکی ئابووری نییە کە بە شێوەیەکی یاسایی کاری پێ بکرێت. پرسیار ئەوەیە هۆکاری ئەمە چییە؟ بێگومان هۆکاری ئەمە ئەوەیە بەرپرسانی عێراقی لە بەغدا، ئەوانەی دەسەڵاتدار بوون، بە هیچ شێوەیەك ئەولەوییەتیان پەرەپێدانی عێراق نەبووە، بەڵکو ئەولەوییەتیان ئەوە بووە چۆن چنگ بە سەر هەموو عێراقدا بگرن بە سوننە و کوردیشەوە. لەبەرامبەردا ئەولەوییەتی عەرەبی سوننە ئەوە بووە شکۆی رابردووی بگێڕێتەوە و نەکەوێتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی شیعەوە، کوردیش بە شێوەیەکی جددی خۆی پابەند کردووە بە فیدرڕاڵیزمەوە، بۆ ئەمەش پشتی بە دەستووری عێراق بەستووە، لە دەستووری عێراقدا لە بواری ئابووریدا دەسەڵاتەکان دابەشکراون بۆ سێ بەش کە بریتین لە: (دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدرڕاڵی، دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدرڕاڵی و هەرێمەکان، دەسەڵاتی هەرێمەکان)، ئەم سێ دەسەڵاتە چۆن فاکتەرن بۆ ئابوورییەکی بەهێز لە عێراقدا، لە هەمانکاتدا ژینگەیەکی مینرێژکراویش بۆ ئەو عێراقە درووست دەکات. پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم فاکتەرانە عێراق مینرێژ دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە نییەت و ئیرادە بۆ خوێندنەوەی ئەو خاڵانە و چۆنیەتی تەفسیرکردن و جێبەجێکردنیانەوە، لەبەر ئەوەی بە بێ رەچاوکردنی ئەولەوییەتی سیاسی و ئابووری دارێژراون، هەر بۆ نموونە کاتێك باس لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدرڕاڵی دەکەین، سیاسەتی نەختی و دارایی لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندە، هەر بۆیە کاتێك دێنە سەر باسی چارەسەری قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان زۆرێك لە بزنسمانە گەورەکان و خەڵکانی خوێندەوار و سیاسەتمەداران، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لە ساڵانی پێشتردا پارەی بۆ ئێستا هەڵنەگرتووە؟ لە کاتێکدا ئەو بەرێزانە نازانن کە بە پێی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرڕاڵی سیاسەتی نەختی و دارایی لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی ئەوانە و هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراق بۆی نەبووە تێکەڵاوی سیاسەتی نەختی و دارایی بێت، لەمەش زیاتر ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی دارایی راستەقینەمان نەبووە کە توانای دارشتنی سیاسەتی نەختی و دارایی هەبێت. وەزارەتی دارایی ئێمە زیاتر وەك سندوقێك بووە بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ خەرجی، بۆیە هەر پارەیەك لەو سندوقەدا بمێنێتەوە بە سیتمی خولاو (المدور) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشە داهاتی ١٧٪، رێژەی لە ١٥٪ خەرج بکردایە، ئەوکات ٢٪ پاشەکەوت نەدەکرا، بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ ناوەند، ئەو رێژە خولاوە لە بودجەی ساڵی داهاتوو کەم دەکرایەوە، ئەمەش بەو مانایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**وڵاتێکی وەک فەنزویلا پێشتر پەندی لە دابەزاندنی نرخی نەوت وەرنەگرت، بۆیە لە کاتی دووبارە بوونەوەی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت بووە هۆکاری ئەوەی ٤ حکومەت لەسەر یەک بگۆڕن**

**بەرپرسانی عێراقی لە بەغدا، ئەوانەی دەسەڵاتدار بوون، بە هیچ شێوەیەک ئەولەوییەتیان پەرەپێدانی عێراق نەبووە، بەڵکو ئەولەوییەتیان ئەوە بووە چۆن چنگ بە سەر هەموو عێراقدا بگرن بە سوننە و کوردیشەوە**

توانای پاشەکەوت کردنی نەبووە، خەڵکێکی دیکە دەپرسن: باشە ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان ئەو پارەیەی دراوە بە مووچە و ئەوەشی دراوە بە پڕۆژەکان، دەبوو بڕێك پارەی زیادە هەبێت، لەمەشیاندا ئەگەر بڕێك پارەی زیادە هەبێت، دیسان ئەمەش لە گەنجینەکانی حکومەت بوونی نییە، چونکە ئەگەر بوونی هەبێت، ئەوا لەکاتی تەسفیەی ساڵانە لەگەڵ ناوەند بۆتە خوڵاو و بوونی نەماوە، بۆیە ئەگەر پارەکەش هەبێت لای حکومەت نییە. ئەمانە هەمووی خاڵە لاوازەکانی ناو دەستووری عێراقن سەبارەت بە ئابووری هەرێم، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ من خۆم بە شەخسی بەهاوکاری چەند شارەزایەکی بواری ئابووری هەموو ئەم کەموکورتییانەمان لە راپۆرتێکدا پێشکەشی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمەش بەو ئامانجەی لە کاتی پێداچوونەوە بە دەستووری عێراق، یان هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەربەخویی، یان قسەکردن لەگەڵ عێراق بۆ بونیادنانی شێوازێکی دیکەی پێوەندیی ئابووری، ئەو کەموکورتییانە لەبەر چاوبگیرێن و دووبارە نەبنەوە. هەر سەبارەت بە چارەسەری قەیرانی ئابووری خەڵکانێکی دیکە پێشنیار بۆ حکومەت دەکەن کە سیستمێکی بانکی پێشکەوتوو دابمەزرێنێت، دیسان ئەمەشیان ناکرێت، لەبەر ئەوەی سیستمی بانکی بەشێکە لە سیاسەتی نەختی و دارایی و ئەویش لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییە، بۆیە بانکێك چەند سیستمەکەی پێشکەوتوو بێت لە هەولێر، یان لە سلێمانی، ئەگەر رێنماییەکانی حکومەتی بەغدا جێبەجێ نەکات، ئەوا هەر لەبەغداوە دەتوانن ئەو بانکە دابخەن.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت ئەم بارودۆخە تێپەڕێنێت و چۆن دەتوانێت ئاینده مسۆگەر بکات؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا دەستی کردووە بە چاکسازی، گرنگە لەسەر ئەم چاکسازییانە بەردەوام بێت و هەروەها دەبێت ئەو بڕیارانەی دەیدات، جێبەجێیان بکات. هەر بۆ نموونە هەندێك بڕیاری داوە سەقفی یەك مانگی بۆ داناوە، گرنگە دوای ئەو مانگە ئەوە ئاکامی ئەو بڕیارە رایبگەیەنێت کە جێبەجێمان کردووە، ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی خەڵك متمانەی بۆ دروست بێتەوە، ئەم هەنگاوانە بۆ چارەسەری خێران، وەك کەمکردنەوەی خەرجی، تەرشیقکردنی دامەزراوە و وەزارەتەکان، هەروەها کۆمەڵێك پڕۆژەی دیکە کە پێشکەشی حکومەت کراون بۆ ئەوەی دیراسەتی بکات، خاڵێکی دیکە مەسەلەی پێداچوونەوەی باجی گومرگەکانە، بەڵام ئەمەش لە رووی یاساییەوە پێوەندی بە حکومەتی فیدراڵیەوە هەیە و ئەو دیاری دەکات، بەڵام لە حاڵەتی پێویستدا حکومەت و پەرلەمان و حزبەکان دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵام دیسان ئەمەش گرفتێکی دیکەی بەدوادا دێت، ئەگەر عێراق ئەو رێژەی زیاد نەکرد، ئایا بازرگانەکانی خۆمان رووناکەنە ئەو مەرزانەی حکومەتی عێراق و لەوێوە کاڵاکانیان بێننە عێراق و پاشان بیهێننە کوردستان؟ ئەگەر هێنایە عێراق ئایا لە نێوان شارەکانی کوردستان و عێراق دەتواندرێت باجێکی دیکەی گومرگی وەربگیرێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بکاتەوە؟ لایەنێکی دیکە کە دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت باجی درامەت و خانووبەرەیە، دیارە بۆ ئەمەشیان راستییەك هەیە کە سیستمی باجدان لە وڵاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت کە حکومەتەکەی پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت، حکومەت لەم حاڵەتە چەند ئەرکێکی دەبێت، یەکێك لەوانە چاودێری کردن و هەروەها پشتگیری کردنی ئەو پڕۆژانەن کە بگەنە حاڵەتی بەرهەمهێنان، بەڵام کە گەیشتە حاڵەتی بەرهەمهێنان دیسان سیستمی باجدانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت. بۆیە دەبێت ئێمە لەم قەیرانەدا بیر لە چارەسەری ستراتیژی بکەینەوە و هەوڵبدەین بە کەمترین رێژە پشت بە داهاتی نەوت ببەستین. تەنانەت ئەگەر جارێکی دیکە نرخی نەوت بەرزبووەوە بۆ ٧٠- ٨٠ دۆلاریش، ئێمە لەسەر ستراتیژیەتی خۆمان بین و بە رێژەیەکی بەرز پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین بۆ خەرجی، بەڵکو پێویستە وەك سەرمایە بۆ پەرەپێدانی ئابووری پشتی پێببەستین، من دڵنیام ئەمجارە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت، بەڵام دەبێت هەوڵەکان جددی بن بۆ ئەوەی ئەو کەلتوورەی رژێمی سەدام حوسێن درووستی کرد و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەستین، ئەو کەلتوورە بگۆڕین، ئێستا میللەتەکەمان ئامادەیە بۆ گۆڕینی ئەو کەلتوورە، گرنگ ئەوەیە حکومەت لە بڕیارەکانی و لە جێبەجێکردنی شەفاف بێت. میللەتی ئێمە ئەگەر ئێستا بە شێوەیەکی شەفاف بزانێت حکومەت ١٠٠ ملیار دۆلاری هەیە، بەڵام ئەم پارەیە بۆ خەرجی بەکار نایەت

**له هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی دارایی راستەقینەمان نەبووە کە توانای دارشتنی سیاسەتی نەختی و دارایی هەبێت**

**سیستمی بانکی بەشێکە لە سیاسەتی نەختی و دارایی و ئەویش لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییە، بۆیە بانکێک چەند سیستمەکەی پێشکەوتوو بێت لە هەولێر، یان لە سلێمانی، ئەگەر رێنماییەکانی حکومەتی بەغدا جێبەجێ نەکات، ئەوا هەر لەبەغداوە دەتوانن ئەو بانکە دابخەن**

و حکومەت کردوویەتی بە سەرمایە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، ئەوا هیچ کێشەیەکی نییە، واتە شەفافییەت وادەکات قەناعەت بە میللەتی خۆمان بکات بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەت بێت. بۆیە گرنگترین شت کە دەبێت فەرامۆشی نەکەین، ئەوەیە کەلتووری پشتبەستن بەداهاتی نەوت ریشەکێش بکەین و رووبکەینە پشتبەستن بە سەرمایەی مرۆیی، با سەیری هەندێك دەوڵەت بکەین، وەك تایوان و سەنگافورا، ئەم دوو دەوڵەتە بێجگە لەسەرمایەی مرۆیی شتێکی دیکەیان نییە، تەنانەت سەنگافورە ئاوی شیرینی خواردنەوە لە مالیزیا دەکرێت، بەڵام یەکێکە لەو وڵاتانەی لە ٣٠-٤٠ ساڵی رابردوو دەوڵەمەند بوون، ئێستا بەرزترین ئاستی داهاتی تاکەس لەو وڵاتەیە، بۆیە گرنگە بیر لە سیاسەتێکی ئابووری تازە بکەینەوە، ئەگەر پەنا بۆ شارەزایان ببەین و ئەو بریارانەی دەیدەن، پێی پابەندبین، ئەوا دڵنیام بە ئاسانی هەڵدەستینەوە. لەلایەکی دیکەوە راستە ئەم قەیرانە قەیرانێکی راستەقینەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتێکیشە بۆ ئەوەی بیربکەینەوە و بە خۆماندا بچینەوە.

*** پێتوانییە ئەوەی هەتا ئێستا باسمانکردووە لە چوارچێوەی تیۆری دەرناچێت، ئەگەر ئەم بیروبۆچوونانە بگوازینەوە بۆ واقیعی پراکتیکی، ئایا بە کردە ئێستا دەتوانین چی بکەین؟**

- بۆ ئەوەی قسەکانمان لە چوارچێوەی تیۆری دەربکەین و بیخەینە سەر ئەرزی واقیع و شوێن پێی دیار بێت، پێش هەموو شت، من لەگەڵ ئەوە نیم هەر کەس هات و بڵێت پێویستە حکومەت وابکات و وابکات، یان ئەم حزب وابکات و وانەکات. لەم قۆناخە دەبێت ئێمە هەموومان خۆمان لە ئینتیمای حزب دابماڵین و دەبێت هەموو لایەکمان شانی بدەینە بەر، لەبەر ئەوەی خوانەخواستە ئەگەر ئەم کەشتییە نقووم بێت، پێش هەموو کەس دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەکان لێیان دەقومێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی هەژار شتێکی ئەوتۆی نییە لێی بترسێت، بۆیە ئەگەر دەوڵەمەند لێی بقەومێت، بە ئاسانی هەڵناستێتەوە، حزب بکەوێت، بە ئاسانی راست نابێتەوە، حکومەت ئیفلاس بکات، بە ئاسانی بۆی پرناکرێتەوە، سەرەنجامیش باجەکەی میللەت دەیدات، بۆیە لەم قۆناخەشدا دەبێت باجی حکومەت حزبە سیاسییەکان بیدەن، لەبەر ئەم هۆکارانە من لەگەڵ ئەوەم بزنسمان و خاوەن کۆمپانیاکان و ئەوانەی خاوەنی ئەقڵی ئابوورین، ئەوانەی لە حکومەت و ئەوانەشی لە دەرەوەی حکومەتن، ئەوانەی لە پەرلەمانن و ئەوانەشی لە دەرەوەی پەرلەمانن، بەبێ جیاوازی و ئینتیمای حزبیمان دەبێت هەموومان یەك ئینتیمامان هەبێت، ئەو ئینتیمایەش بۆ ئەم خەڵکە و ئەم نیشتمانە بێت، چۆن لەم قەیرانە رزگاریان بکەین. بۆ نموونە من داواکاریم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە لە ئێستاوە تا ٣ بۆ٦ مانگی دیکە، ئەنجومەنی وەزیران بکاتە وەرشەی کارکردن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت کاربکەن و ئەفکاریان پێیە بۆ ئەوەی خزمەتی ئەم بارودۆخە بکەن. لە ئێستادا راستە پەرلەمان کۆنابێتەوە، بەڵام گرنگە پەرلەمانتارەکان پێکەوە کۆببنەوە و بیروبۆچوونەکانی خۆیان بگۆڕنەوە، ئەو کۆبوونەوەی کە بڕیارە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزبە سیاسییەکان ئەنجامی بدات، پێویستە لەو کۆبوونەوانە زۆر بە جددی باسی ئەم قەیرانەی ئێستا بکرێت، دەبێت واز لەوە بێنین من پێموایە و فلان پێیوایە، کاتی ئەوە بەسەر چوو، کوڵ بدەین بەسەر شانی خەڵکی دیکەدا، بۆیە دەبێت دیراسەت بکرێت و لیژنەی جۆراوجۆری بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکە بدۆزینەوە. ئێستا لەوانەیە خەونی سەربەخۆییمان بێتەدی، ئێستا رەنگە دابەشبوونی عێراق ئەم جارە بەدەستی ئێمە نەبێت، بەڵام بەدڵی ئێمە بێت، باشە ئەمە ئامادەبوونی ناوێ؟ ئەمە قەد بەوە نابێ بڵێین چاکی بکەن، کێ چاکی بکات؟ هەموو کەسێك دەبێ خاوەنی قسە و هەڵوێست بێت، دەبێت خاوەنی بڕیار بن، دەرئەنجامیشی هەبێت، لەسەر ئەرزیش دەبێ دیار بێت.

*** پێتوایە ئێستا زەمینەیەك بۆ دانوستاندن لەنێوان حزبەکاندا هەبێت، یان حزبەکان بە بیرکردنەوەیەکی تازە ئەم دانوستانە بکەن، یان لەسەر قەوانە کۆنەکەیە؟**

- من وا دەزانم زۆرینە حەزی لێیەتی و ئامادەیشە، خۆ ئەگەر کەمینەیەك نائومێد بووبێت، یان تاقەتی نەبێت، یان باوەڕی بە گفتوگۆکان نەبێت، ناکرێ لەبەر ئەو لایەنە، گفتوگۆکان پەکبخەین، چونکە بەرپرسیارێتیی حزبەکان و پەرلەمان و حکومەتە بەرامبەر خەڵك کە پێنج ملیۆن مرۆڤن، ئەم بەرپرسیارێتییە بەوە کۆتایی نایەت بڵێین خۆیان تێکیان داوە، با خۆیان چاکی بکەنەوە، ئەمە چارەسەر نییە، چونکە ئێستا ئەوەی مووچەخۆرە

**ئەگەر کەمینەیەک نائومێد بووبێت، یان تاقەتی نەبێت، یان باوەڕی بە گفتوگۆکان نەبێت، ناکرێ لەبەر ئەو لایەنە، گفتوگۆکان پەکبخەین**

**پارتی و گۆران هەر یەکێکیان بۆ خۆی ستراتیژیەتێکی هەیە، ئێمە حەزمان کرد ئاوا بیگوزەرێنین، نیگەرانین کە ئەو حەزانەی ئیشی لەسەر دەکەین و نایەت، ئەمڕۆ کاتی ئەوە نییە درێژە بدەین بە قەیرانە سیاسییەکە، بەڵکو کاتی ئەوەیە تەمەنی قەیرانەکە کورت بکەینەوە**

**بابەتی ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆ مافێکی رەوایە بۆ گەلی کورد، ریفراندۆم میکانیزمە بۆ سەربەخۆیی، یان بۆ کۆتا رای خەڵکی کوردستان چی پێ باشە، ئایا لەگەڵ عێراق بمێنێ یان نەمێنێ، یان دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت؟**

**دەستکاری ئەم جارەی عێراق رەنگە بەدەست ئێمە نەبێت، بەڵام بەدڵی ئێمە بێت، ئێستا ئەو خەندەقەی لێ دەدرێت بە سەرپەرشتی ئەمریکایە، بە هاوبەشی فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەو دەوڵەتانەیە کە کاتی خۆی کوێخایەتیی سایکس پیکۆیان کردووە**

کە پارە نەبێت، مووچە وەرناگرێت، ئەوجا ئەو مووچەخۆرە پارتی بێت، یان یەکێتی، یان گۆڕان. بۆیە ئێمە دەبێت وا بیر بکەینەوە ئەم قەیرانە بکەینە دەرفەتی دروستکردنی سیستەمێك بۆ ئایندە کە شەفافییەت و چاکسازیی راستەقینە بێت. ئێستا رەوشێك هاتۆتە پێش، خەڵکی کوردستان هەژدە مانگ ئارامی گرتووە، ئێمە نابێ دنیامان لێ بێتەوە یەك و وابزانین کاول وڵاتەکە بووە و چاك نابێتەوە، کوردستان بە قەدەر شارێکی پاکستان، یان شارۆچکەیەکی هیندستان دەبێت، ئەم هەموو سەرکردەوە و ئەو هەموو ئابووریناسە ناتوانن بە یەکەوە بیربکەنەوە، چۆن چاکی بکەن، ئەمە دەستەپاچەییە ئەگەر ئیعلانی بکەین مەترسیدارە، هەر بۆ کەسایەتیمان، بۆ خەڵکەکە و بۆ حزبەکان مەترسیدارە، چارەسەری هەیەو دەبێ بگەڕێین بۆ چارەسەرەکە.

*** لە سەری ئەمساڵدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێ دەستپێشخەری کرد، دوای کرد دەبێ ناکۆکییە سیاسییەکان چارەسەربکرێن، چۆن سەیری ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟**

- بێگومان کاتێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کێشە سیاسیە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێن، دیارە ئەو لەوە تێگەیشتووە ئەگەر سەقامگیریی سیاسی نەبێت، سەقامگیریی ئابووریش نابێت، ئابووریش لێی بقەومێت لە وڵاتێکی سەقامگیردا وەك ئەڵمانیا و سویسرا و فەرەنسا کێشەی سیاسی هەر لێ پەیدا دەبێت، لەبەر ئەوە سەقامگیریی ئابووری بناخەیە، سەقامگیری سیاسیش بۆ خزمەتی ئابوورییە، بۆیە لەم روانگەیەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوە ئاگادارە چۆن هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەڵدەگیرێت و بە ژمارەش لە گەورەیی و قەوارەی ئەم قەیرانە ئاگادارە، بۆیە لەم قۆناخە زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی حزبەکان کۆبکاتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لە ئەستۆیە جگە لە شەڕی داعش و دۆخە ئەمنییە کە بەرپرسیارێتییە، بۆیە پرسی قەیرانی ئابووری بابەتی ژمارە و واقیع و واقیع حاڵە.

*** لەم بارودۆخەدا کە باستان کرد حکومەت پێویستە ئەو هەنگاوانە بنێت بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە، بەڵام دەنگوباسی دیکە هەیە کە ئەم حکومەتە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، حکومەت و پەرلەمان بە شێوەیەکی دیکە دەست بەکاربێتەوە، پێتوایە لەم بارودۆخەدا گۆڕانکاری لە حکومەتدا شتێکی باش بێت؟**

- ئەگەر گۆڕانکارییەکە بۆ چاککردنی بەڕێوەبردن و باری ئابووری وڵاتەکە بێت، وەکو باسدەکرێت تێکەڵکردنی وەزارەت و کەمکردنەوە بێت، کە حکومەتی پێشکەوتووی لی بکەوێتەوە کە پێی دەگوترێت حکومەتی کارا، ئەوە هەنگاوێکی باشە.

*** مەبەستم ئەوەیە باس لەوە دەکرێت حکومەتێکی زۆرینە پێکبهێندرێت بەبێ بزووتنەوەی گۆڕان واتا (یەکگرتوو و یەکێتی و پارتی)، ئێوە وەك یەکگرتووی ئیسلامی ئەو جۆرە تەرحەتان لایە؟**

- ئێمە هێشتا گفتوگۆمان لەسەر ئەوە نەکردووە، هەر لەسەرەتاوە گوتمان گرنگە دەرفەتمان بە یەکدی بدایە و بمانتوایبایە دۆخەکە بگونجێنین تا ٢٠١٧، هەڵبەتە ئەم گونجاندنەش بە پینە و پەڕۆ دەبێ و بە شێوەیەکی ئاسایی نابێت، واتا بە ساردی و گەرمی، یەکێك دڵی پێی خۆشە و یەکێك نا، من پێشتریش لە ٨/٢٧ بۆ ئێوەم باسم کرد، تازە دەبێ ئێمە بە پینە و پەڕۆ پەرلەمان بەڕێوە ببەین، بەداخەوە هەر واشی لێهات، ئێمە ئەو تەرحەمان باس نەکردووە تا بیکەینە ستراتیژ، بەڵام ئەگەر بوو بە ئەمری واقیع سەیر نییە کە قسەی تێدا بکرێت.

*** ئێوە خۆتان پرۆژەیەکتان هەیە وەك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە چۆن دەبنە هاوکاری پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە تێپەڕێنن؟**

- ئێمە بەردەوام لەسەر خەتین، لەگەڵ پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ قسە دەکەین، ساڵێکیش دەبێت خەریکین، زۆر بە جددی قسەمان کردووە، باسی مەترسییەکانیشمان کردووە، لەپڕ دەقەومێ، با ئێستا فریا بکەوین، بابەتی حوکمڕانی بۆ بارودۆخێکی وەکو ئێستا نابێ لێی رابکەین، دەبێ شان بدەینە بەر لێپرساوێتییەکەی، بۆ کوێ رادەکەیت و چی لێ دەکەیت؟ قابیلە سبەی خەڵك و مێژوو رەحمت پێ بکات. بۆیە ئێمە وتمان با پارتی و گۆڕان بگەنە شێوازێك مەعقوول بێت، تا ئەم دووساڵەی پێ رایی بکەین، دوایی لە ٢٠١٧ ئازادین، ئەگەر توانرا هەڵبژاردن بکرێت، ئەو کاتە دێیتە حکومەت، یان نایی، ئەوە کێشە نابێت، جۆری حکومەت دەگۆڕێت، پەشیمانی لە حکومەتی بنکەفراوان، با حزبێك ٥١٪ی دەنگەکان دەهێنێت، یان دوو حزب بە یەکەوە حوکمڕانیی کوردستان بکەن. ئەو کاتە خەڵکەکە ئازادە، ئێمە

ئێستاش لەوە بێ ئومێد نین قۆناغەکە بکەینە قۆناغی راگواستن، ئیتر لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا گۆڕانکاری دەکەن، یان لە وەزارەتەکان و تێکەڵکردن دەیکەین، بەڵام پارتی و گۆران هەر یەکێکیان بۆ خۆی ستراتیژیەتێکی هەیە، ئێمە حەزمان کرد ئاوا بیگوزەرێنین، نیگەرانین کە ئەو حەزانەی ئیشی لەسەر دەکەین و نایەت، ئەمرۆ کاتی ئەوە نییە درێژە بدەین بە قەیرانە سیاسییەکە، بەڵکو کاتی ئەوەیە تەمەنی قەیرانەکە کورت بکەینەوە.

*** لەم ماوەیەدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەیەکیان ئامادەکردبوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆیان لەسەرکردبوو، ئێوە تا چەند ئاگاداری ئەو پرۆژەیەن؟ ئایا راتان لەسەری چییە؟**

- یەکیتی دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ پارتی، پرۆژەکەیان بۆ ئێمە ناردووە، منیش لە مەکتەبی سیاسی بەشداریم لەو کۆبوونەوەیەدا کرد و وشە بە وشە باسمان کردووە، یەکیتی بۆیان نووسیبووین بۆ راگەیاندن نییە، هەروەها ناونیشانی پرۆژەکە لە یەکێتییەوە بۆ پارتییە، نەك لە یەکێتییەوە بۆ ئێمە و کۆمەڵ و گۆڕان، بەڵام حەزیان کرد راوبۆچوونی ئێمەش بزانن، بۆیە تا ئەوان خۆیان ئاشکرای نەکەن، ئێمە باسی ناکەین، دووەم پارتی هێشتا وەڵامی یەکێتیی نەداوەتەوە، با بزانین پارتی هەڵوێستی چی دەبێت، دوایی کە هاتەسەر هەڵوێست، ئەو کاتە ئێمەش بۆ برگە بە برگە و دێڕ بە دێڕی ئەم پرۆژە قسەمان دەبێت.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە کە گوتت من گەشبینم، ئێستاش کوردستان جیا لەو قەیرانە ئابوورییەی هەیەتی، خۆی ئامادەدەکات بۆ ریفراندۆم و بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەو هەموو قەیرانانە چۆن بە یەکەوە دەبەستیتەوە، ئەگەر رای خۆتی لەسەر دەرببڕی؟**

- بابەتی ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆ مافێکی رەوایە بۆ گەلی کورد، ریفراندۆم میکانیزمە بۆ سەربەخۆیی، یان بۆ کۆتا رای خەڵکی کوردستان چی پێ باشە، ئایا لەگەڵ عێراق بمێنێ یان نەمێنێ، یان دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت؟ من هەر وەك پێشتر گوتم دەستکاری ئەم جارەی عێراق رەنگە بەدەست ئێمە نەبێت، بەڵام بەدڵی ئێمە بێت، ئێستا ئەو خەندەقەی لێ دەدرێت بە سەرپەرشتی ئەمریکایە، بە هاوبەشی فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەو دەوڵەتانەیە کە کاتی خۆی کوێخایەتیی سایکس پیکۆیان کردووە، ئێستا کۆمپانیاکانی ئەوان کوێخایەتیی خەندەقەکە دەکەن، دەوڵەتانی ئیقلیمی پێیانوایە ئەمە سنووری کوردستانە، هەندێ لە سیاسەتوانانی عێراقیش هەر وای دەبینن، لە کوردستانیش هەندێ هەر وا شرۆڤەی دەکەن، ئەم خەندەقە لە هەندێك شوێن سنووری کوردستانی تێپەراندووە، لەهەندێك شوێنیش چەندین شوێن لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ نەهاتۆتە ناو خەندەقەکە، بەڵام لاشم سەیر نییە کە بەسەر عێراقیشدا بیسەپێنن، چونکە کاتێ عێراقیان درووست کرد، لە نەخشەی سایکس پیکۆدا پرسیان پێ نەکردین، ئێستاش کە ئۆباما دەڵێت: ئێمە پێمانوایە سەد ساڵ لەمەوبەر ئەوەی لەسەر نەخشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، سەرکەوتوو نەبووە، ئەوا دیوی دووەمی ئەم قسە ئەوە دەگەیەنێت، کە دەبێ جارێکی دیکە ئەو سنوورانە دابڕێژرێتەوە، ئەمەش ئەگەرێکە، سەبارەت بە ریفراندۆمیش رای گەلە و وەردەگیرێت، بەڵام دەبێ خەڵك دڵنیا بکەینەوە کە ئەم قەیرانە تەمەنی چەندە و تا کوێ بڕدەکات، چۆن کێشەکان چارەسەر دەکەین، دەبێت دڵنیاییەك بدەین، ئەو کاتە ریفراندۆم لە هەموو ماڵێکدا ئامادەیە، خەڵك خواخوایەتی، بەڵام دەبێت ئومێدێکی راستەقینەی بدەیتێ، کە دوای ئەوەی بوویت بە دەوڵەت چی دەکەیت، شێوە و وێنەی ئەم دەوڵەتە چۆنە، قورسایی ئەو دەوڵەتە لای ئەمەریکا و ئەوروپا و دەوڵەتانی هاوپەیمان کە ئێستا لە ئاسمان و زەوی داکۆکیمان لێ دەکەن، لەگەڵ ئەو قەوارە سیاسییە تازە چۆن مامەڵە دەکەن، هەروەها دەبێت بزانین تورکیا و ئێران هەڵوێستیان چۆنە کە دوو دەوڵەتی هاوسنووری ئێمەن. دوای ئەمانە ئایا لەسەر ئەرز ئابووریی ئەم وڵاتە چۆن بینا دەکرێت، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگ و زیندووە، چونکە تازە دەبێ حیسابی شتێك بکەین لە دایکبووانی ١٩٩٢ عێراقیان نەدیوە، بەڵام لەدایکبووانی ١٩٨٢ واتا دە ساڵ تەمەنی بووە، ئەویش هەر عێراقی نەدیوە، کەواتە لە ١٩٨٢ بۆ ٢٠١٦ خەڵکێکمان لە کوردستان پێگەیاندووە نازانێت عێراق چییە، کە نزیکەی ٥٥-٦٠٪ی خەڵکی کوردستان دەکات، بارودۆخەکەش لەوەرچەرخانێکی خێرادایە، ئەمەریکا گوتی شەڕی داعش لە عێراق سێ ساڵ دەخایەنێت، بەڵام کەس نازانێ دوای داعش چی دەبێت، ئەوە عەرەبی سوننە لە هەولێر دوو کۆنگرەی گرێداوە، رەنگە کۆنگرەی سێیەم و چوارەمیش بگرێت، ئەمرۆ باسی ئیقلیمی سوننە دەکەن، ئەمەش بە واتای دابەشبوونی عێراقە. بۆیە دەبێت بەهەموو شێوەیەك پێشبینی ئەو گۆڕانکارییانە بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

**کە ئۆباما دەڵێت: ئێمە پێمانوایە سەد ساڵ لەمەوبەر ئەوەی لەسەر نەخشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، سەرکەوتوو نەبووە، ئەوا دیوی دووەمی ئەم قسە ئەوە دەگەیەنێت، کە دەبێ جارێکی دیکە ئەو سنوورانە دابڕێژرێتەوە**

**عەرەبی سوننە لە هەولێر دوو کۆنگرەی گرێداوە، رەنگە کۆنگرەی سێیەم و چوارەمیش بگرێت، ئەمرۆ باسی ئیقلیمی سوننە دەکەن، ئەمەش بە واتای دابەشبوونی عێراقە. بۆیە دەبێت بەهەموو شێوەیەک پێشبینی ئەو گۆڕانکارییانە بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین**




### ڕێبوار سیوەیلی نووسەر و ڕۆشنبیر بۆ گوڵان:

# پێویستە بیرکردنەوەی ئێمە لە دەوڵەت، تەنیا بیرکردنەوەیەکی سیاسی نەبێت، بەڵکو سازدانی کەلتوورێک بێت بۆ ئەوەی سایکس پیکۆ دووبارە نەبێتەوە

**بەشی یەکەم**

ئەمساڵ ١٠٠ ساڵی تەواو بە سەر ڕێککەوتنامەی شوومی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت، ئەو ڕێککەوتنەی ماوەی ١٠٠ ساڵە واقیعێکی بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندووە کە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی بووە. لەو ماوەیەدا کورد و کوردستان بەردەوام لە ژێر زەبری قامچی و چەوسانەوە و داپلۆسین و پرۆسەی ئەنفال و کیمابارانداا بوون. دوای ئەم مێژووە دوور و درێژە، ئێستا کوردستان لە بارودۆخێکی جیاوازدایە. ڕاستە لە شەڕێکی سەختی سەپێندراودایە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەلێکی مێژوویی هاتۆتە پێشەوە و ئومێدەکان بەو ئاراستەیەن کە هەنگاوی گرنگ بەرەو ریفراندۆم و مافی چارەنووس هەڵبگرین. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، گوڵان تەوەرێکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کوردستان لەسەر ئەم پرسە بە ڕاشکاوی قسە بکەن. مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی لە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-دا بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستۆتەڕوو.



**پێویستە لایەنگرانی دەوڵەتسازی بە بەڵگەی قەناعەتپێکەرەوە گفتوگۆی تێزەکە بکەن و بەدگومانی کەس و لایەنەکان بڕەوێننەوە. هەوڵدان بۆ بێدەنگکردن و گرنگینەدان بە بۆچوونی لایەنە ناکۆکەکان و ئەو کەسانەی دژی دەوڵەتی کوردین لە کورد، ماهییەتی ئاشتیخوازانە و پێکەوەژیانی ئێمە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەخەنە ژێر پرسیارەوە**

**هەر کەس و لایەنێک لە ئێستادا، بەهەر بەڵگە و پاساوێک و بۆ هەر مەبەستێک و لە رقی هەر لایەنێک و کەسێک، هەنگاوی کردەیی بۆ پەیوەستکردنەوەی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی عێراقی و قەوارەی سیاسیی عێراقەوە بدات، گەورەترین بێڕێزی بە گوندە بە زۆر راگوێزراوەکان، شەهیدبوونی هەڵەبجە و جینۆسایدی گەرمیان و بادینان و شوێنەکانیتر دەکات**

**بیرۆکەی تێکەڵبوونەوە بە عێراق، هەڵگری کۆی ئەو توخمانەیە کە بەرئەنجامی ئامادەیی رۆحێکی ژێردەستەیین**

*** ئەمساڵ ١٠٠ ساڵی رێك بە سەر رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت. مەزندەکان هەمووی بەو ئاراستەیەن کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چاو بەو سنوورانەدا بخشێندرێتەوە کە ئەو رێککەوتنە دروستی کردوون. دیارە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا تەنیا نەتەوەیەك غەدری گەورەی بەهۆی ئەم رێککەوتنەوە لێکرایێت، نەتەوەی کورد بووە و لە مافی دەوڵەتداری بێبەش کراوە. ئێستا سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هاوسۆزییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دروستکردووە، ئایا چۆن بتوانین لەمساڵدا ئەم هاوسۆزییە گەورەیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگۆڕین بۆ پشتیوانی دەوڵەتی کوردستان و راستکردنەوەی غەدرەکانی سایکس پێکۆ؟**

- نەك تەنیا خودی رێککەوتنی سایکس پیکۆ، بەڵکو کۆی ئەو دەوڵەتانەش کە پاشتر لە ئاست غەدری ئەم رێککەوتنەدا بێدەنگ بوون و لێگەڕان کورد لە ماوەی سەد ساڵدا باجی ئەو غەدرە بدات و لەگەڵ حکومەتە چەوسێنەرەکاندا کەوتنە هاوپەیمانێتی سیاسی و بازرگانییەوە، لە غەدارییەکەدا بەشدارن. بۆیە لە ئێستاشدا کە بەشێکی زۆر لەو دەوڵەتانە لە بازنەی هاوپەیمانێتیدان و هاوسۆزی خۆیان بۆ کورد پیشان دەدەن و باس لە غەدری پەیمانی سایکس پیکۆ دەکەن، پێویستە بەو پەڕی راستگۆییەوە ئەوەیان بیر بخرێتەوە، کە ئەم هاوسۆزییەیان بەشێکی بۆ پشتیوانیی کورد و بەشێکیشی دەچێتە بری پڕکردنەوەی ئەو کەمتەرخەمییەی ئەوان لەئاست ئەم مێژووەدا هەیانبووە. مێژووی ئەم سەد ساڵە مێژوویەك بووە کورد خۆی هەڵینەبژاردووە، بەڵکو مێژوویەکی سەپاوە، هەروەك چۆن ئەم ساتەوەختەش کە تیایدا دەژین و ئەو بێدەنگانەی جاران بوونە هاوپەیمان و دۆستمان، ئەم ساتەوەختەیان هەڵنەبژاردووە و ئازایەتی و لە خۆبردوویی کوردەکان ئەوانی بۆ ناو ئەم ئێستایە راپێچ کردووە. دەنا ئەگەر بارودۆخەکە وەك جاران بمابایەوە و ستەمکاران لەسەر حوکم بوونایە، ئێستاش بەشێکی زۆری ئەم هاوپەیمانانەمان لە سووریی بێدەنگیی خۆیاندا دەمانەوە. ئێمە دەبێت سایکس پیکۆ تەنیا وەك پەیمانێك تەماشا نەکەین، بەڵکو وەك مێژوویەکی سەپاو و وەك کەلتوورێکیش لێی بڕوانین، کە لە ماوەی سەد ساڵدا بووە سێبەرێکی رەشی بەسەر هەر هاوار و هەوڵێکی کوردەکانەوە بووە کە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا بەرزیان دەکردەوە. بۆیە پێویستە ئەم راستییە بە هەموو ئەوانە بگوترێت کە لە ئێستادا هاوسۆزمانن و لە رابردوودا بێدەنگ بوون، تا ئەوەیان بیر بخەینەوە، کە چەندە ستایشیی هاوسۆزی و هاوپەیمانێتیتان دەکەین، ئەوەندەش بێدەنگیی سەدساڵەتان بکوژ بوو. ئەم سەراحەتە لە سیاسەتدا ئەوەندە گرنگە، کە بەرامبەر وا لێدەکات نەك لێت بتۆرێ و پشتت چۆڵکات، بەڵکو هەست بکات تۆ ئاگای بە یادەوەریی تراژیدیانەی خۆت و میللەتەکەت کە ئەوانیش بەشداربوون لەوەی کورد بکەوێتە ناو ئەو مێژووەوە. هەروەها گرنگیشە ئەو یادەوەرییە ئەوەندە بوێری پێبەخشیبین، کە بتوانین بە راشکاوی باسی کۆژانی نەتەوەیی خۆمان لە جیهانێکدا بکەین، کە هەموو شتێك تیایدا شەفاف و روون و راشکاوانە باسدەکرێت. هەرچەندە مێنتاڵێتەی سیاسەتی کورد لەسەر شەرمکردن و شاردنەوە و باسنەکردنی راشکاوانە دروستبووە و زیاتر ستایش و وەسف و پیاهەڵدانی بۆ ئەویتر تێدا بەرجەستە بووە، بەڵام بۆ ئەم سەد ساڵەیە دەبێت دەنگمان هێندەی قوربانییەکانمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دلێر بێت و کەس نەترسێت لەوەی ئەگەر باسی کۆژانەکانی خۆمان بکەین ئەوانیترمان لێ زویر دەبن و پشتمان چۆڵدەکەن.

*** ئایا ئەم راشکاوییە لەم کاتەدا زەمینەی لەبارە و پێویستە؟**

- ئەوروپییەکان تێڕوانینێکی رەخنەییان لە مێژووی خۆیان هەیە و بوێرن لە هەڵسەنگاندنیدا. ئەوەندەی ئەوان لە سەر دۆزینەوەکان، لەوانەش کریستۆف کۆڵۆمبۆس بە دیدێکی رەخنەیی و ئەوەندەی لەسەر قۆناغی کۆڵۆنیاڵیزم و داگیرکارییەکانی خۆیان و تاوانەکانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە شێوەیەکی حەددیی و رەخنەیی نووسیویانە و لە جیاتی بیناکردنی شکۆی خۆیان لەسەر ئەم رووداوانەوە، باس لە شەرم دەکەن، کەس ئەوەندە نەینووسیوە. تەنانەت کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢دا کە یادی ٥٠٠ساڵ تێپەڕین بە سەر سەفەرنامەی کۆڵۆمبۆس-دا لە (١٤٩٢) تێپەڕی، چەندین باسی رەخنەیی و سەرزەنشکارانە لە سەر ئەو شتە بڵاوکرایەوە، کە بۆ ئەوروپاییەکان وەك شکۆ لێکدرابۆوە، بەڵام لە راستیدا جگە لە شکست و شەرم هیچیتر نەبوو. بۆیە بە سوودوەرگرتن لەم زەمینە زیهنییەی ئەوروپاییەکان بۆ قەبووڵکردنی رەخنە، پێویستە ئێمەش کۆژانی ئەو سەد ساڵەمان بە دەست پەیمانی سایکس پیکۆ و بێدەنگیی دۆستانەوە، بە بیریان بهێنینەوە. ئەوەشیان پێ بڵێین: کە هەر چەندە ئێمە ئەو مێژووەمان هەڵنەبژاردبوو، بەڵام ئەمەی ئێستا هەیە و ئێمەی کۆکردۆتەوە، مێژوویەکە بۆ داهاتوو مایەی شکۆ و سەربەرزیی هەموو لایەك دەبێت. بەمجۆرەش هەرچەندە رابردوو کەسمان هەڵمان نەبژارد، داهاتوو دەبێتە هەڵبژاردنێکی هاوبەش و ئەمەش دەرفەت بۆ ئەوە دەسازێنێت کە نەك تەنیا دەوڵەتان و هاوپەیمانان، بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کە پشتیوانیی لە هێزەکانیان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ کورددا لە دژی

دوژمنی هاوبەش بجەنگن، ببێتە پشتیوانێکی سەرەکی و راستەوخۆ لەم پشتگیرییەدا.

خەڵکی ئەوروپا و ئەو کۆمەڵگەیانەی لە هاوپەیمانێتی شەڕی دژ بە داعشدا بەشدارن، نەک هەر تەنیا بە کار و ویژدان، بەڵکو بە باج و سەرانەش هاوکاریی حکومەتەکانی خۆیانن و چاوەڕێش دەکەن کە ئەم ماندووبوونەیان بەرەنجامی هەبێت. بۆیە ئەگەر لە ئێستادا چ بە هاندانی کورد، یان دۆستانی، راپرسییەک لە وڵاتانی بەشدار لەم جەنگەدا بکرێت، سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، بە دڵنیاییەوە ئەو میللەتانە ئەمە بە دەستکەوتێک دەزانن و دەنگی خۆیانی دەخەنە پاڵ و ویژدانی خۆیان ئاسوودە دەکەن. بۆیە هەر لێرەوە قسەکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە بۆ کاریگەریکردنەسەر ئەوروپایی و کۆمەڵگەی هاوپەیمانان بەس نییە، تا ئەوان سووربن لەسەر پشتگیریی ویژدانییانەی خۆیان بۆ کورد و پێشمەرگە، هەر ئەوەش بەس نییە ژمارەی هێرشی فرۆکەکان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و راگەیاندنی شەهید و ژمارەی کوژراوانی داعشییەکان رابگەیەندرێت، بۆ بە زیندوویی مانەوەی ئەو پشتگیرییەی ئەوروپاییەکان. ئەوروپاییەکان ستایلێکی ژیانی تایبەت بەخۆیان هەیە و هاوڕێتمی و دووبارەبوونەوە و بەردەوامیی ئەوان وەڕس دەکات. ژیانی پراکتیکی و رۆژانەی ئەوان و مەیل و گوشارەکانی ژیانی رۆژانەیان ماوەی چاوەڕوانییان کەم دەکاتەوە و وەڕسبوون لە باسکردنی هەمان شت بۆ ئەوان سەرنجڕاکێش نامێنێت و ئەنجامی کۆنکرێتیی و دڵنیاییان دەوێت و دامەزراندنی دەوڵەتێکیش بۆ کورد ئەو دڵنیاییە دەداتەجیهان. بۆیە پێویستە بەر لەو قۆناخی وەڕسبوونە، دەسەڵاتەکانی هەرێم، بە گوشارخستنە سەر نوێنەرایەتی و قونسوڵخانەکان و بە هاندانی جالییەی کوردی لەو وڵاتانە و پشتگیرییان، پردێکی پتەوی پێوەندیی لەگەڵ رای گشتی و کەسایەتی و خاوەن نفوزەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیانە، درووست بکات و کۆدەنگییەک پێک بێت لەسەر ئەوەی ئەگەر هەمەپرسییەک بۆ دەوڵەتی کوردستان، بە چاودێریی بۆ نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام بدرێت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئەنجامێکی دڵخۆشکەری بەدوادا بێت. چەندە ئەم بیرۆکەیە لە ستراتیژیی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمدا هەیە، نازانم، بەڵام دڵنیام لەوەی دەبێت سوود لە کۆی ئەو رێگەیانە وەربگیرێت کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستن. جگە لەوەش، پێویستە سوودێکی زۆر لە میدیای لۆکاڵیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەربگیرێت بە سوودی ئەم ئامانجەی کورد و پێوەندییەکی باش لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوە و زانکۆکانی جیهان درووست بکرێت کە لە درووستکردنی رای گشتیدا، کاریگەریی زۆریان هەیە. لە کۆی ئەم قسانەوە دەمەوێت بڵێم: پێویستە بیرکردنەوەی ئێمەی کورد لە دەوڵەتی کوردستان، تەنیا بیرکردنەوەیەکی سیاسی نەبێت، بەڵکو بیرکردنەوەش بێت لە سازدانی کەلتوورێک و ویژدانێک کە چیتر ئەم مەسەلەیەی بەلادا تێپەڕ نەبێت، وەک ئەوەی لە مێژووی سەدساڵەی سایکس پیکۆدا بینیمان. درووستکردنی بنەما کەلتووری و ئەخلاقی و ویژدانییەکانی دەوڵەت، کەمتر نین لە هەوڵدان بۆ گەڵاڵەکردنی بڕیارە سیاسی و ئامادەکارییە ئیدارییەکانی. بە دەوڵەتبوونی کورد، وەک کردنەوەی بارخانەیەک نییە لە ناوچەیەکدا کە پڕە لە شمشێربەدەستی مەزهەبی، قەومی، رەگەزپەرستی و ئایدیۆلۆژی، کە ئیحتیمالی ئەوەی تاڵانت بکەن زۆر زیاتر بێت، تا لە کەنارتا بحەوێنەوە و بحەوێتەوە. بە دەوڵەتبوونی کورد، لە روانگەی کەلتووری و ئەخلاقییەوە وەک کردنەوەی قوتابخانەیەک وایە لە ناوچەیەکدا کە هەر چواردەوری بە قەڵای جۆربەجۆر تەنراوە. ئەرکی ئەم قوتابخانەیە ئەوە نییە بچێتە بەردەم ئەو قەڵایانە، تا رێگەی بدەن لە ناویاندا بکرێتەوە، بەڵکو ئەرکی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە چی بکات بۆ ئەوەی دەروازەی قەڵاکان بکرێنەوە و ئەو پەروەردە مەزهەبی، ئایدیۆلۆژیی و تائیفیی و رەگەزپەرستانەیەی تا ئێستا خەڵکیان پێ گۆش کراوە، بگۆڕدرێن بە پەروەردەیەکی مرۆیی و دۆستانە. بەمجۆرەش، ئەگەری پشتگیریی ئەوروپایی و هاوپەیمانان، ئەگەرێکە بۆ سەرکەوتن لەم پرۆژەیەدا و ئەگەری رای گشتیی جیهانیی یەکێکتر و ئەگەری روانگەگۆڕینی حکومەت و کۆمەڵگەکانی هاوسێمان خاڵێکی گرنگترن، بەمجۆرەش هەوڵدانی کورد بۆ دەوڵەتسازیی هەوڵدانێکی فرەلایەن و چەند قۆڵییە و رواندنەوەی بەردەوامیی هەر ترس و دڵەڕاوکێیەکی ئەوانیترە لەسەر ئێمە. بەم جۆرەش دەبێت (ئێمەیەک) هەبێت، تا بتوانێت کاریگەریی لەسەر (ئەوانیتر) دابنێت.

*** ئەگەر کورد لەمساڵەدا بیەوێت بە راستی بەرەو راگەیاندنی دەوڵەت هەنگاو هەڵبگرێت، بێگومان پێویستی بە نەخشەیەکی رێگە دەبێت، لەم نەخشە رێگەیەدا دەبێت هەنگاوی گرنگ بەرەو چاکسازیی سیاسی و چاکسازیی ئیداری و حوکمڕانیی باش هەڵبگرێت. ئایا هەنگاوی گرنگ بۆ چاکسازیی سیاسی و ئیداری و حوکمڕانی چەند خزمەت بەم پرۆسەیە دەکات؟**

- من لەو بڕوایەدام ئیرادەیەک هەبێت بۆ چاکسازیی لەو بوارانەدا و ئەمەش پێویستی بە پشتگیرییە لە رووی سیاسییەوە، بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی

**هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ دەوڵەتسازی بەبێ لەبەرچاوگرتنی (شێوازی پێکەوەژیانی مێژوویی) ئایین و دینەکان و مەزهەبەکان و ئایینزاکانیان لە کوردستاندا و پشتگوێخستنی ئەم مێژووە و کورد خستنە ناو سەبەتەی یەک مەزهەب و یەک ئاراستەی دینی و تاکڕەهەندیی ئایینی و ئایدیۆلۆژی دینییەوە، ماهییەتی ئەو دەوڵەتە دەکاتە ماهییەتێکی مەترسیداری تۆتالیتارییانە**

**ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەیە تا رادەیەک توانیویەتی کێشە مەزهەبی و ئایینزایی و عەقیدەتییەکانی خۆی لە پێکەوەژیانێکی ئاسوودەمەندا چارەسەر بکات و لەم رووەوە لە چاو کۆمەڵگەکانی دراوسێدا ئەزموونێکی سەرکەوتووی ئاشتەواییمان هەیە، ئەمەش پێوەرێکی باشە بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانمان بە ئاراستەی دامەزراندنی دەوڵەت**

**مانەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق و چوونەوە ناو ئەو قەفەسە ئاسنینەی کە لە ئاستە میراتییەکەیدا جگە لە تراژیدیا بۆ کورد هیچیتری نەبووە، هەڵەیەکی مەترسیدارە**

کوردستان، لەوانەش یەکێتی نیشتمانی، کە بۆخۆی هەمیشە هەڵگری پڕۆژەی چاکسازی بووە. بۆیە هەر هەنگاوێك بۆ چاکسازی و بەرزکردنەوەی ئاستی عەدالەت و دیموکراتیزەکردن و ئاسوودەیی خەڵکی هەرێم بنرێت، بەشێکە لەو نەخشەڕێیە.

سرووشتی لۆژیکییانەی نەخشەڕێیەکان لە بینینی کۆی کۆمەڵگەدایە وەك یەکەیەکی پێکەوەبەستراو، نەك لێکدابڕاو. لەبەر ئەوە ئەم نەخشەڕێیە نابێت تەنیا یەکلایەنانە و تاکڕەهەندانە بێت. نابێت هەندێ پێوەندی و سێکتەر بگرێتەوە و ئەوانیتر لەبیر بکرێن، نابێت هەلێك بێت بۆ سزادان و گوشارخستنە سەر گرووپگەلێکی کۆمەڵایەتی و پشتگوێخستنیان و جارێ لێگەڕان لە گرووپەکانیتر. نەخشەڕێیەك، کە کۆمەڵگە وەك یەکەیەکی لێکدانەبڕاو ببینێت، کۆی کۆمەڵگەش دەکاتە ئامانجی خۆی و کۆی هێز و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیش راپێچ دەکات بۆ ئەوەی وزەی خۆیان بە ئاراستەی ئامانجە هاوبەشەکەدا بخەنەگەڕ. ئەگەر نەخشەڕێیەکە سەرجەمگیر نەبوو، هەم بەشێك لە ئامانجەکە ناپێکێ و هەم بەشێکی کۆمەڵگەش پشتی تێدەکات، چونکە ناتوانێت شوناسی خۆی لە ناو نەخشەڕێیەکەدا بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوە ئەم پڕۆسەی چاکسازییە، هەر نابێت بە تەنیا چاکسازی بێت لە دەرەوەی سیستەمەکە، بەڵکو دەبێت چاکسازیش بێت لە ناوەوەی سیستەمەکە خۆی، تا متمانەی کۆمەڵگە بەلای خۆیدا رابکێشێت و هەمووان وا هەست بکەن کە بە هەمان رێژە بەشدارن، چ لە ئەرکەکان و چ لە مافەکاندا. بۆیە پێداچوونەوە بە رۆڵی حزبەکان و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لەو بەشە لە کۆمەڵگە کە ئەوان تیایدا نفوزی خۆیان هەیە و خستنەگەڕی دەزگا و راگەیاندنیان بەو ئاراستەیەدا کە نەخشەڕێیەکە دەستنیشانی کردووە، گرنگیی خۆی هەیە. رەواندنەوەی گومان و راڕایی، لای کەسەکان و کۆمەڵگە و گرووپە سیاسییەکان و لایەنگرانیان، بەشێکە لەم نەخشەڕێیە بۆ سەرکەوتنی لە ئەرکەکەیدا. بەتایبەتی کە بیرۆکەی چاکسازی و نەخشەڕێ لە مێژووی زۆرینەی حزبە کوردستانییەکاندا هەبووە و دەتوانین بڵێین ئەمەی ئێستا گەڵاڵەبووی هاوبەشی ئەوانیترە. ئەم چاکسازییانەی ئێستا حکومەت رایگەیاندوون گرنگیی خۆیانیان هەیە و پاڵپشتێکی پێشینەن بۆ پڕۆژەی دەوڵەتسازیی کورد. وەلێ ئەم چاکسازییانە پێویستە لایەنی مەعنەوی و کەلتووریی وڵاتەکەش بگرێتەوە. ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی ئەوەندە لەتوپەتبوودایـن کە تەنانەت شەڕکردنیش لەگەڵ دێوێکی وەك داعشدا، کۆمان ناکاتەوە و یەکمان ناخات. لەبەر ئەوە پێویستە هاوکات بە هەنگاوەکانی چاکسازیی سیاسی و ئیداری و حوکمڕانی، هەنگاویش بنرێت بۆ بیناکردنەوەی کەلتووری رۆحی و مەعنەویی وڵاتەکە، کە لە ساڵانی رابردوودا بە هۆی باڵادەستیی بازاڕی ئازاد و خۆپەرستی سەرمایەدارییەتی خاوەن کۆمپانیاوە، بەبێ خۆ بەرپرسیارکردنیان لە ئاست ئەم کۆمەڵگەیەدا، وەك هەر شتێکیتر دووچاری قەیران بۆتەوە. بۆیە کۆمەڵگەی ئێمە لە ئاستی کەلتووری و مەعنەوییەتیشدا پێویستی بە بیناکردنەوە و چاکسازی هەیە، چونکە بۆشاییەکی رۆحی کەوتوتە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە و شوێنەکانی ژیانەوە. مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیە بە هۆی ئەو رۆشنبیرییە نومایشییەی سیستەمی سەرمایەداریی بەسەریدا سەپاندووە، لە رەهەندە مێژوویی و شوێنەواری و رۆحییەکانی خۆی، لە مۆزیك و هونەرەکان، لە کار و پیشەی دەستی و تەنانەت لە زمان و خواردنە خۆماڵییەکانیش دابڕ و نامۆ بووە و روانگەیەکی بە سووك تەماشاکردنی بۆ شار و شوێن و وڵاتەکەی خۆی بۆ دروست بووە. لە هەمانکاتیشدا ئەو کەلتوورە نومایشی و مەسرەفگەرایەی لە جێی کەلتوور و مەعنەویەتگەرایی خووپێوەگرتووی مرۆڤی ئێمە داندراوە، پێویستییە جوانیناسی و مەعنەوی و رۆحییەکانی پڕ ناکاتەوە. لەبەر ئەوە، پێویستە ئەم چاکسازییە سەرجەمگیرتر بێت و زەمینە رۆحییەکانیش بە هەمان ئەندازەی زەمینە سیاسی و ئابوورییەکەی بە هەند وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە دۆخی چوونە ناو قۆناغی بەدەوڵەتبوونی ئیداری و یاسایی و سیاسییەوە، ئامادەیی رۆحیش بۆ خۆبینینەوە لەو دەوڵەتەدا هەبێت.

*** ئێستا میحوەربەندییەك دروست بووە لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، میحوەربەندییەك ململانێی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننەیە، کورد هەتا ئێستا نەبۆتە بەشێك لەو ململانێیە، بەڵام وەك لە میدیاکان دەبینین، جۆرێك لە دابەشبوونی خیتابی سیاسی کوردی لەسەر ئەم نەزمە مەزهەبگەراییە بوونی هەیە، بەداخەوە لە هەمووی خراپتر، هەندێکجار گوێمان لەو ئاراستەیە دەبێت کە پشتگیری لە مانەوە لەگەڵ عێراق و دژایەتی ناڕاستەوخۆی سەربەخۆییە، ئایا وەك چاودێرێك دابەشبوونی ئەم خیتابە سیاسییە چۆن دەخوێنیتەوە و مەترسییەکانی لەسەر ئایندەی کوردستان چین؟**

- کورد پێویستی بەوە نییە نە ئێستا و نە داهاتوو، بچێتە ناو ئەو جۆرە ململانێیانەوە، چونکە هیچ خزمەت بە دۆز و ئامانجەکانی ناکات و بەشداربوون لەو ململانێیانەدا، گەڕانەوەیە بۆ شوناسێکی بچووکتر لە شوناسی نەتەوەیی و چوونە ناو مێژووی مرۆڤایەتییەوە. ئەگەر لە رابردووشدا و لە چەند قۆناخێکیشدا کورد بە

**کۆی ئەو ئارگیۆمەنتانەی کە بە هۆیانەوە بەرگری لە ململانێی و شەڕی مەزهەبی دەکرێن، لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا بە چاوی ئارگیۆمەنتی لاواز و رەنگدانەوەی عەقڵیەتێکی نزم و تەسکبین تەماشایان دەکرێت**

**لە ئێستادا کە جیهان پشتگیری کورد دەکات، چوونە ناو گەمەی مەزهەبی و تائیفیەوە، سومعەی کورد زۆر بچووک دەکاتەوە و بەم کارەمان گەورەیی دۆزەکەمان لەبەر چاوی میللەتانی دنیادا بچووک دەکەینەوە**

**بیرۆکەی چاکسازی و نەخشەڕێ لە مێژووی زۆرینەی حزبە کوردستانییەکاندا هەبووە و دەتوانین بڵێین ئەمەی ئێستا گەڵاڵەبووی هاوبەشی ئەوانیترە**

**ئەم پڕۆسەی چاکسازییە، هەر نابێت بە تەنیا چاکسازی بێت لە دەرەوەی سیستەمەکە، بەڵکو دەبێت چاکسازیش بێت لە ناوەوەی سیستەمەکە خۆی، تا متمانەی کۆمەڵگە بەلای خۆیدا رابکێشێت**

فیتی دوژمنەکانی و بە سوودوەرگرتن لە ساویلکەیی و دڵسافیی خۆی و ئەو چاوەڕوانییانەی لە ژێر زەبری واقیعەکەدا هەیبوون، چوویێتە وەها پێوەندیگەلێکەوە، زیانی زۆری کردووە و باجی زۆری داوە. لە ئێستاشدا کە جیهان پشتگیری کورد دەکات، چوونە ناو گەمەی مەزهەبی و تائیفیەوە، سومعەی کورد زۆر بچووک دەکاتەوە و بەم کارەمان گەورەیی دۆزەکەمان لەبەر چاوی میللەتانی دنیادا بچووک دەکەینەوە. ئەمە جگە لەوەی هیچ کامێك لەو ناوەندانەی کە دەیانەوێ کورد ڕاپێچی ناو ئەو پێوەندییانە بکەن، ئەوەندە بەهێز و ئەخلاقی و پەیمانپەرست نین، بتوانن خواست و ویستی کورد بەدی بهێنن. پاشان وەها کارێك دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی دۆستانمان لە جیهاندا بکەینەوە بە سفر، چونکە کۆی ئەو ئارگیۆمەنتانەی کە بە هۆیانەوە بەرگری لە ململانێی و شەڕی مەزهەبی دەکرێن، لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا بە چاوی ئارگیۆمەنتی لاواز و ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتێکی نزم و تەسکبین تەماشایان دەکرێت. لەولای تریشەوە، ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەیە تا ڕادەیەك توانیویەتی کێشە مەزهەبی و ئایینزایی و عەقیدەتییەکانی خۆی لە پێکەوەژیانێکی ئاسوودەمەندا چارەسەر بکات و لەم ڕووەوە و لە چاو کۆمەڵگەکانی دراوسێدا ئەزموونێکی سەرکەوتووی ئاشتەواییمان هەیە، ئەمەش پێوەرێکی باشە بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانمان بە ئاراستەی دامەزراندنی دەوڵەت. ئیتر چ پێویست دەکات ئەم دەستکەوتە جوانە بکەینە قوربانیی بەرەیەك و مەزهەبێك و لایەنێك لە بەرامبەر لایەنێکیتردا؟ لەوەش بترازێت، هەر جۆرە هەوڵدانێك بۆ دەوڵەتسازی بەبێ لەبەرچاوگرتنی (شێوازی پێکەوەژیانی مێژوویی) ئایین و مەزهەبەکان و ئایینزاکانیان لە کوردستاندا و پشتگوێخستنی ئەم مێژووە و کورد خستنە ناو سەبەتەی یەك مەزهەب و یەك ئاراستەی دینی و تاکڕەهەندیی ئایینی و ئایدیۆلۆژیی دینییەوە، ماهییەتی ئەو دەوڵەتە دەکاتە ماهییەتێکی مەترسیداری تۆتالیتارییانە. بەودیوی تریشدا، مانەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق و چوونەوە ناو ئەو قەفەسە ئاسنینەی کە لە ئاستە میراتییەکەیدا جگە لە تراژیدیا بۆ کورد هیچیتری نەبووە، هەڵەیەکی مەترسیدارە، کە تەنیا نەبوونی شعوور و تێگەیشتن لە مێژوو دەیهێنێتە ئاراوە. هەر لایەنێك و هەر کەس و هەر گرووپێك کەمترین وزەی خۆی بۆ ئەم پێکەوەلکانەوەیە تەرخان بکات، یان ئەوەتا لە ڕقەوە ئەو کارە دەکات، یان ئەوەتا بەدەست تێنەگەیشتن لە مێژوو و نەبوونی یادەوەرییەوە دەناڵێنێت. بیرۆکەی تێکەڵبوونەوە بە عێراق، هەڵگریی کۆی ئەو توخمانەیە کە بەرئەنجامی ئامادەیی ڕۆحێکی ژێردەستەیین.

ئەمە جگە لەوەی پێوەندییە پێشمۆدێرنەکانی نێوان ئاغا و کۆیلە، ستەمکار و ستەملێکراومان بیر دەخەنەوە. لە ڕووی سیاسیشەوە هیچ ناگەیەنێت کە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی پێش زانستی و لە دژی ماف و شوناسی سەربەخۆیانەیە بۆ میللەتێك، کە لە پێشتردا هەموو شوناسی خۆی بۆ جیابوونەوە و خۆ ڕزگارکردن لەم پێوەندییە پێشمۆدێرنانە تەرخان کردووە. بەدئەنجامیی وەها بیرکردنەوەیەکیش تەنیا دەتوانێ دژی ئازادیی مرۆیی و لە خزمەتی بە کۆیلەیی مانەوەدا بێت بۆ سەردەستەیەك کە شەرعییەتی خۆی نە لە خوداوە، نە لە یاساوە، نە لە ویژدانی مرۆیی و نە لە ئاکارەوە وەرنەگرتووە و تەنیا بەهۆی زەبروزەنگ و داپڵۆسانەوە توانیویەتی بەردەوامی بە خۆی بدات. مێژووی حوکمرانی لە عێراقدا وەك ئەوەیە بە دەستی دەرهێنەرێکی فێڵباز مونتاژ کرابێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ساتەوەختێکدا ناکۆکیی لەگەڵ واقیع و بەڵگەکاندا ئەو مونتاژکردنە هەڵبوەشێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەش هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە ناتوانن مژدەیەکی دڵخۆشکەر بە کەس بدەن و هیچ شتێکیشیان نابێت بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە دابینکردنی داهاتوویەکی ڕێزلێگیراودا بۆخۆیان و نەتەوەکەیان، بە هەر بەڵگەیەکیش ئەمکارە بکەن و بۆ هەر دەستکەوتێکیش بێت، هیچ شانازییەك لە پشت ئەم دژایەتییەوە نابینرێت جگە لە چەندبارە دابەشکردنەوەی کوردستان و پەرتبوونێکی ڕۆحی کە بەرئەنجامەکەی بریتییە لە سڕینەوەی شوناسی کوردبوون، لە سەردەمێکدا کە پێویستە کورد ببێتە خاوەن شوناسی ڕاستەقینەی خۆی. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، هەر کەس و لایەنێك لە ئێستادا، بەهەر بەڵگە و پاساوێك و بۆ هەر مەبەستێك و لە ڕقی هەر لایەنێك و کەسێك، هەنگاوی کردیی بۆ پەیوەستکردنەوەی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی عێراقی و قەوارەی سیاسیی عێراقەوە بدات، گەورەترین بێڕێزی بە گوندە بە زۆر ڕاگوێزراوەکان، شەهیدبوونی هەڵەبجە و جینۆسایدی گەرمیان و بادینان و شوێنەکانیتر دەکات. من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەم بۆچوونە سەرکوت بکرێت و بە توندی بەرپەچەرچ بدرێتەوە، بەڵکو پێویستە لایەنگرانی دەوڵەتسازی بە بەڵگەی قەناعەتپێکەرەوە گفتوگۆی تێزەکە بکەن و بەدگومانی کەس و لایەنەکان بڕەوێننەوە. هەوڵدان بۆ بێدەنگکردن و گرنگینەدان بە بۆچوونی لایەنە ناکۆکەکان و ئەو کەسانەی دژی دەوڵەتی کوردین لەنێو کورددا، ماهییەتی ئاشتیخوازانە و پێکەوەژیانی ئێمە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بۆیە نابێت لا یەنگرانی دەوڵەتسازی ڕەهەندە ئاشتیخوازانەکەی ئەم پڕۆژەیە بکەنە قوربانیی مشتومڕ و تەخوینکردنەوە.

**دروستکردنی بنەما کەلتووری و ئەخلاقی و ویژدانییەکانی دەوڵەت، کەمتر نین لە هەوڵدان بۆ گەلاڵەکردنی بڕیارە سیاسی و ئامادەکارییە ئیدارییەکانی**

**مێنتاڵێتەی سیاسەتی کورد لەسەر شەرمکردن و شاردنەوە و باسنەکردنی ڕاشکاوانە دروستبووە و زیاتر ستایش و وەسف و پیاهەڵدانی بۆ ئەویتر تێدا بەرجەستە بووە**

**خەڵکی ئەورووپا و ئەو کۆمەڵگەیانەی لە هاوپەیمانێتی شەڕی دژ بە داعشدا بەشدارن، نەک هەر تەنیا بە کار و ویژدان، بەڵکو بە باج و سەرانەش هاوکاریی حکومەتەکانی خۆیان و چاوەڕێش دەکەن کە ئەم ماندووبوونەیان بەرەنجامی هەبێت**

**پێویستە بیرکردنەوەی ئێمەی کورد لە دەوڵەتی کوردستان، تەنیا بیرکردنەوەیەکی سیاسی نەبێت، بەڵکو بیرکردنەوەش بێت لە سازدانی کەلتوورێک و ویژدانێک کە چیتر ئەم مەسەلەیەی بەلادا تێپەڕ نەبێت**



### ئاڵ و گۆڕی ڕیزبەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# هەڵکشانی تەنگژەکان و هاتنەئارای هاوپەیمانێتیی نوێ

دەنیس رۆز گەورە دیپلۆماتکاری پێشووی ئەمەریکا و توێژەر لە «ئەنستیتیوتی واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیک» دەڵێت: حاڵی حازر چەند قەیرانێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادان کە هەر یەکێك لەو قەیرانانە بە تەنیا بەسە بۆ سەرقاڵکردنی ئیدارەی ئەمەریکا. ئەم قسەیەی رۆز ئەوەمان پێدەڵێت کە لە یەك کاتدا کۆمەڵە قەیرانێك بەرۆکی ئەم ناوچەیەی گرتووە، هەروەها قەیرانەکانیش هێندە توند و سەخت و ئاڵۆزن کە هەر هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی هەر یەکێك لەو قەیرانانە کات و کۆششێکی زۆری گەرەکە. کەواتە کێشە بنەڕەتییەکە هەم لە زۆریی قەیرانەکان و هەم لە سرووشتی قەیرانەکانیشدایە. هەروەك دەکرێت بڵێین ئێستا تەنگژەکان بە جۆرێك پەرەیان سەندووە کە لەوە دەرچووە بتوانرێت ئیحتیوا بکرێن، بەڵکو زیاتر و زیاتر گۆڕانکاری لە سرووشتی ئەو تەنگژانە و لە پێوەندی و هاوپەیمانێتیەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا دێنەئاراوە. ئەگەر پێشتر ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل کێشە و پرسی سەرەکی بووبێت لە ئەجێندا و بایەخی زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئەوا لە ئێستادا زۆر بە روونی هەست بە ئاڵ و گۆڕەکە دەکرێت و ئێستا هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان لەبەر سەرقاڵبوونیان بە پرس و پەرەسەندنە ناوخۆییەکانەوە ناپەرژێنەسەر ئەوەی وەك پێویست گرنگی بەم پرسە بدەن. وڵاتی میسر ئەگەرچی سەردەمانێك رۆڵی پێشەنگی بینیوە لە جیهانی عەرەبیدا و سەنگ و قورساییەکی رۆشنبیری و سەربازیی گەورەشی هەبووە. هەندێ وڵاتی دیکەی ناوچەکەش، وەك لیبیا و سووریا و عێراق و یەمەن، بە چەشنێك ناسەقامگیری و کەشی شەڕی ناوخۆیی باڵی بەسەردا کێشاون کە خۆیان هەڕەشە و مەترسی لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانیان لەسەرە، بە ئەندازەیەك نە توانا و نە ئیرادەی ئەوەیان هەیە سەرچاوە و تواناکانی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین. ئەگەر لە وڵاتانی کەنداویش بڕوانین، ئەوا سەرەڕای سەرهەڵدانی گرووپێکی تیرۆریستی مەترسیداری وەك داعش کە بۆ رووبەڕووبوونەوە و تێکشکاندنی، هاوپەیمانێتییەك لەسەر ئاستی جیهان پێکهێنراوە، هەروەها سەرەڕای ئەو ناسەقامگیریە قووڵەی لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا لە ئارادایە، بەڵام رەنگە ئەم وڵاتانە لە سەرووی هەمووشیانەوە سعودیە پێیانوابێت کە پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان ئەوە دەخوازێت کە بەرپەرچدانەوە و بەرهەڵستیکردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ برەودان بە دەسەڵات و دەستڕۆیشتویی خۆی لە ناوچەکەدا، بە ئەولەوییەتی یەکەم بزانن. ئەمەش بۆی هەیە سەرلەنوێ ئاڵ و گۆڕ بەسەر نەخشەی هاوسەنگی و ریزبەندییەکان لە ناوچەکەدا بهێنێت و ململانێی تائیفەگەری لە نێوان ئەم هێزە ئیقلیمییە ببێتە تەوەری رکابەری، کە لە سەر ئاراستەی رووداو و ئاقاری پەرەسەندن و ئەگەرەکانی ئایندە کاریگەری گەورە و سەرەکی دەبێت.

**● هەنگاو و بڕیارە تاکلایەنەکانی سعودیە چیمان پێدەڵێت؟**

لە راستیدا لەسەر ئەرزی واقیع رەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە لە هەنگاو و هەڵوێستەکانی وڵاتێکی وەك سعودیەدا بەدی دەکەین، ئەم وڵاتە زیاتر تاکلایەنانە هەڵسوکەوت دەکات و پێداگیری و سووربوونی خۆیشی نەشاردۆتەوە لەسەر ئەوەی ئەگەر پێویست بکات خۆی جڵەوی دۆسیەی ئەمنی خۆی دەگرێتەدەست و ئەمەش لە دەستێوەردانەکەی لە بەحرەین-دا و لە سەروەختی نائارامییەکانی ئەو وڵاتەدا لەساڵی ٢٠١١ و هەروەها لە دەستێوەردانی سەربازیەکەی لە یەمەن لە ساڵی ٢٠١٥دا زۆر بە زەقی بەرجەستەبوون، دواتر لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی ئیسلامی بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆر، کە خۆی جڵەوی سەرکردایەتیەکەشی گرتە دەست، هەروەها لە سێدارەدانی کەسایەتی و شیعە «نمر ئەل نمر» بەم دواییە، کە بەشێکی گەورەی ئامانج و پاڵنەرەکانیشی بریتی بوون لە بەگژداچوونەوە و بەرهەڵستیکردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ فراوانکردنی هەژموون و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا. کەواتە پەیامی سعودیە ئەوە بوو کە چیتر دەستەوەستان و دەستەوئەژنۆ دانانیشێت و ئەگەر پێویست بکات، ئەوا ئامرازەکانی بەردەستی بەکاردەهێنێت بۆ دانانی سنوورێك بۆ فراوانخوازی ئێران. لە راستیدا ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ ئەو بۆشاییەی سەرکردایەتی دەگەڕێتەوە کە دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوەی ئەمەریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کردووە، هەروەها ئەو بەدگومانی و نیگەرانییەی کە وڵاتانی کەنداو بەگشتی و وڵاتی سعودیە بەتایبەتی هەستی پێدەکەن لە ئاست ئەمەریکادا، بەتایبەتی دوای ئەوەی نائومێدبوون لەوەی ئەمەریکا رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە قەیرانی سووریادا بگێڕێت، بە چەشنێك ببێتە هۆی گۆڕینی

**بیرکردنەوەی زاڵ لە نێو کاربەدەستانی عێراقدا بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ بێبەشکردنی کورد لەو مافانە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی مەرکەز بۆ هەرێم و بەتاڵکردنەوەی پرسی فیدراڵییەت لە ناوەڕۆکەکەی. کوردیش زوو لەم راستییە تێگەیشت و هەوڵیداوە کە ئەوەندەی دەکرێت پشت بە خۆی ببەستێت و رێگەنەدات هەوڵەکانی بەغدا بۆ پاشکۆکردنی هەرێمی کوردستان سەربگرن**

**پێداگیری کردن لەسەر رێگاچارە شکستخواردووەکان تەنیا جۆرێکە لە بێهودەیی و ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە دەرئەنجامی جیاوازیان بە ئاراستەی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان لێبکەوێتەوە**

هاوسەنگییەکە و هێنانەدی ئاڵ و گۆڕێکی گەورە لە سووریادا. هەروەها ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، کە هەندێ بۆچوونیش هەیە بەرگی تیۆری پیلانگێڕی دەکات بە بەر ئەم ڕێککەوتنەدا و وا لێکدانەوەی بۆ دەکات کە ئەمە سازشکردنە بۆ ئێران و ڕازی بوون بە هاوپەیمانێتی و هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا لەخۆ دەگرێت. هەرچۆنێك بێت ڕەنگە ئەمەریکاش خۆی مەبەستی بێت کە وڵاتانی ناوچەکە زیاتر و زیاتر ئەرك و بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی گێژاو و تەنگژەکان بگرنەئەستۆ، ئیدی هۆکارەکە هەرچییەك بێت، ئایا بە تێڕوانین بێت لە ئەزموونی شکستخواردووی ئیدارەی پێشووی ئەمەریکا لە دەستێوەردان و داگیرکردنی عێراق و داڕووخانی خەونی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ناوچەکە بێت لە لایەن ئەمەریکاوە، کە بۆچوونێك هەیە پێیوایە ئەمەش بۆ هەڵەئیدارەدانی دۆخی دوای داگیرکاری دەگەڕێتەوە. یان هۆکارەکە ئەوە بێت کە ئیدارەی ئۆباما باوەڕی وایە ئەمەریکا توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە و کاریگەربوون لەسەر ڕەوتی ڕووداو و بەرەوپێشچوونەکان، ئەمەش زۆر بە ڕوونی و وردی لەو قسەیەی فیلیپ گۆردن-دا خراوەتەڕوو کە دەڵێت: ئەمەریکا لە لیبیا دەستێوەردانی کرد و داگیرکاری نەکرد، بەڵام دەرئەنجامەکە مایەی کارەسات بوو، لە عێراقدا دەستێوەردان و داگیرکاری کرد، کەچی دەرئەنجامەکە هەر کارەسات بوو، لە سووریادا ئەمەریکا نە دەستێوەردانی کرد، و نە داگیرکاری کرد، کەچی دەرئەنجامەکە هەر کارەسات بوو.

هەروەها فیلیپ گۆردن لە پەنێلێکی دیکەدا کە لە دامەزراوەی «ئەنجومەنی تایبەت بە پێوەندییەکانی دەرەوە» دەڵێت: سعودیە نیگەرانە لە بڕیارە تاکلایەنەکانی ئەمەریکا، بۆ نموونە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەمەریکا و سعودیە جیاوازیی ڕاستەقینەیان لە نێواندا هەبووە، هەروەها سعودییەکان ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە ئەوان خۆشحاڵ نین بە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست میسر-دا، کە پاڵپشتی موبارەك-ی نەکرد، هەروەها دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئێران، ڕێککەوتنی نهێنی، گفتوگۆی نهێنی و دواتر ڕێککەوتنی ئەتۆمی کە دەبێتەهۆی گەڕاندنەوەی پارە بلۆککراوەکانی ئێران، سعودیەی نیگەران کردووە. هەروەها سیاسەتی ئەمەریکاش لە ئاست سووریادا، بەتایبەتی لە پرسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بەزاندنی ئەو هێڵە سوورەی – کە ئیدارەی ئەمەریکا دایینابوو-. سعودییەکان نائاسوودە بوون بەم هەموو ئەم بڕیارانەی ئەمەریکا. لەبەر ئەوە ئێستا زمانحاڵی سعودیە ئەوەیە کە بە ئەمەریکا ڕابگەیەنێت زۆر باشە ئێوە ئەو کارانە دەکەن کە خۆتان دەڵێن لە بەرژەوەندیتاندایە، بەڵام ئێمەش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکەین.

**● داکشانی ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاکامەکانی**

بەهەر حاڵ ئەوەی وڵاتانی کەنداو و سعودیە هەستی پێدەکەن، ئەوەیە کە ناتوانن وەك پێویست ئەمەریکا بە زەمانەتکاری پاراستنی ئاسایشی خۆیان بزانن، ئەگەرچی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆشیانی بزانن. ئەمەش ئەو حاڵەتەی ڕووبەڕووی ئەمەریکا کردۆتەوە کە یەکێك لە وەزیرەکانی بەرگریی پێشووی بەریتانیا باسی دەکات، کاتێك دەڵێت: هەمیشە بەرپەرچدانەوەی دوژمن لە دڵنیاکردنەوەی دۆستەکان ئاسانتر بووە. لە ڕاستیدا ئەمەش ئاکام و لێکەوتەی تایبەتی هەبووە، چونکە ئەگەر سعودیە و وڵاتانی کەنداویش نەیانەوێت بکەونە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و سەربازییەوە لەگەڵ ئێراندا، هەروەك بەم دواییە وەزیری بەرگری سعودیە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ «زە ئیکۆنۆمیست»دا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی لەگەڵ ئێراندا بە تەواوەتی دوورخستەوە کاتێك لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و سعودیەدا، گوتی: ئەمە ڕووداوێکە بە هیچ شێوەیەك پێشبینی ڕوودانی ناکەین، هەروەها هەر کەسێکیش ئاڕاستەی پەرەسەندنەکانیش بەم ئاقارەدا بەرێت، ئەوا بە هەڵەداچووە. لەبەر ئەوەی شەڕی نێوان ئێران و سعودیە سەرەتای کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ ناوچەکە و ئاکامی زۆر بەهێزیشی دەبێت لەسەر جیهان، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕێگە نادەین پەرەسەندنێکی لەم چەشنە ڕووبدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سعودیە هەوڵی گۆشەگیرکردنی ئێرانی داوە و بگرە ئەگەر ئەو لێکدانەوەیەش بکرێت کە وڵاتێکی گرنگ و کاریگەری وەك ڕووسیا تای تەرازووەکەی ئێران قورستر بکات، ئەوا سعودیە هەوڵیداوە بەر بەم ئەگەرە بگرێت و ئەگەر گوزارشتەکە درووست بێت، ئەم بەڕەیەی لە ژێر پێی ئێران دەربهێنێت، چونکە سعودیە وەبەرهێنانی بە بڕی ١٠ ملیار دۆلار لە ڕووسیادا ڕاگەیاندووە، هەروەها وەزیری دەرەوەی سعودیەش عادل ئەل جوبێر ڕایگەیاند کە سعودیە بە نیازی چڕکردنەوەی پێوەندییەکانێتی لەگەڵ ڕووسیا

**دۆخەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە باری چەقبەستن و سڕبووندا نییە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ قەیران و ئاڵۆزییەکان زیاتر تەشەنە دەکەن و ڕەهەندی نوێ وەردەگرن**

**ئەوەی وڵاتانی کەنداو و سعودیە هەستی پێدەکەن، ئەوەیە کە ناتوانن وەک پێویست ئەمەریکا بە زەمانەتکاری پاراستنی ئاسایشی خۆیان بزانن، ئەگەرچی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆشیانی بزانن**

لە سەرجەم بوارەکاندا، لە نێویاندا بواری سەربازی.

## ● خەسڵەتی جیاوازی قۆناخی ئێستای بارگرژییەکان

خەسڵەتێکی دیکەی ئەو دۆخەی ئێستا هاتۆتەئاراوە و بەڵگەیەکی دیکەی ئەوەی هەل و مەرجەکە پێی ناوەتەوە قۆناغێکی نوێیەوە، ئەوەیە کە توێژەرێکی وەك فردریك وێهرەی لە چاوپێکەوتنێکیدا لە «دامەزراوەی کارنیجی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی»، باس لەوە دەکات کە ئەوەی پەیوەست بێت بە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیەوە، ئێستا ئێمە لە قۆناخی شەپۆلی سێیەمی تائیەفەگەریداین. کە بەم شێوەیە باس لە هەر سێ شەپۆلەکە دەکات، ئەو پێیوایە، شەپۆلی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٩ــەوە بۆ ساڵانی نەوەتەکان درێژەی کێشا، واتە ئەو کاتەی شۆڕشی ئێرانی دەستی پێکرد، کە ئەوەش هەڕەشەیەکی راستەقینە بوو بۆ سیستمی سوننی، لەبەر ئەوە پاشایەتییە سوننییەکان و حکومەتە سوننییەکان پەرچەکردار و کاردانەوەیەکی تائیەفەگەرییان هەبوو. هەروەها باس لەوە دەکات شەپۆلی دووەم لەگەڵ کەوتنی سەدام لە عێراق و دەرکەوتنی ئێرانێکی سەختگیرتر لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەستی پێکرد، کە لە پایتەختە عەرەبییەکاندا بە قۆناخی دووەمی شۆڕشی ئێرانی لە قەڵەم درا. چونکە رووخانی حوکمڕانییەکەی سەددام، وەك بەربەستێك وابوو، هەروەها داڕووخانی دەوڵەتی عەرەبی ئەم بۆشاییەی دروست کرد. شەپۆلی سێیەمیش لە تێڕوانینی ئەو توێژەرەدا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە هاتەئاراوە. ناکۆکییەکەی سووریاش ئەو گێژاوە تائیەفەگەرییە بوو کە بە راستی بەرگی تائیەفەگەری کرد بە بەر بەهاری عەرەبیدا. ئەمە لە کاتێکدا کە راپەڕینە عەرەبییەکان پەیوەست نەبوون بە پرسە تائیەفەگەرییەکانەوە، -تەنانەت لەو نارەزایەتییانەی بەحرەین-یشدا کە شیعەکان سەرکردایەتییان دەکرد-، بەڵکو پتر پەیوەست بوون بە کێشەی نیشتەجێبوون و چاکسازی کە هەندێ لە سوننەکانیش بەشدارییان کرد. بە دڵنیاییەوە شیعەش هەبوون. بەڵام لەگەڵ دروستبوونی قەیرانی سووریا و دواتر سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی، بەهاری عەرەبی بە راستی داکشا.

لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران ئەگەر وەك دوژمن لەگەڵ یەکدا رەفتار نەکەن، ئەوا ناکرێت بڵێین وەك دۆستیش هەڵسوکەوت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکدا دەکەن، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم دوو وڵاتە گیرۆدەی ململانێ و رکابەری بوونەتەوە لەگەڵ یەکتردا، لەم پێناوەشدا، لە بری رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی سەربازی، کار لەسەر شەڕی بە وەکالەت دەکەن، لە بری هێرشکردنی سەر یەکتر وڵاتانی دیکەیان کردۆتە مەیدانی ململانێکانیان، هەروەها لە جیاتی تێکشکاندنی یەکتر، هەوڵ دەدەن گوشاری جۆراوجۆر لەسەر یەکتری دروست بکەن.

## ● ئایندەی ناوچەکە و پێویستی گرتنەبەری رێگاچارەی جیاواز

هەرچۆنێك بێت، لە ئێستادا ئەوەی سەرنج دەدرێت، ئەوەیە دۆخەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە باری چەقبەستن و سڕبووندا نییە، بەڵکو رۆژ بە رۆژ قەیران و ئاڵۆزییەکان زیاتر تەشەنە دەکەن و رەهەندی نوێ وەردەگرن، ئاڕاستە گشتییەکەش بەلای کەمەوە لە ئایندەی نزیکدا داڕووخانی زیاتری دەسەڵاتی دەوڵەتەکان و لێکترازانی پتری سیستمە ناوچەییەکەیە و باڵکێشانی ناسەقامگیری و تەنگژەی زیاتر و هەڵکشان و توندبوونەوەی ناکۆکییە کۆنەکان و سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی نوێیە. کەواتە رەنگە ساتەوەختی ئەوە هاتبێت کە بیر لە چارەسەری نوێ بۆ کێشە و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە بکرێتەوە، چونکە لەبەرچاونەگرتنی ئەم راستییانەی سەر ئەرزی واقیع نەك نابێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو هەروەك ئاماژەمان پێکرد، تەنیا تەمەنی کێشە و تەنگژەکان درێژ دەکاتەوە و زەمینەش بۆ ئەوە دروست دەکاتەوە کە ئەو قەیرانانە خوێناویتر بتەقنەوە، کەواتە پێداگیری کردن لەسەر رێگاچارە شکستخواردووەکان تەنیا جۆرێکە لە بێهودەیی و ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە دەرئەنجامی جیاوازیان بە ئاڕاستەی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان لێبکەوێتەوە.

ئەوەی لە ئێستادا باس و خواسێکی گەرمی لەسەر دەکرێت، پرسی کۆتایی هاتنی ئەو سیستمەیە کە سەد ساڵ بەر لە ئێستادا ناوچەکەی لەسەر داڕێژراوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵە دەوڵەتێکی لێ هاتە بەرهەم. بەڵام بە سەرنجدان لە مێژووی ئەم وڵاتانە و بە تێڕوانین لەوەی گەلانی ئەم وڵاتانە چییان چنیوەتەوە لە سایەی ئەو دەسەڵات و حوکمڕانییانەی کە لەم وڵاتانەدا باڵادەست و بڕیاربەدەست بوون، ئەوا شاردراوە نییە کە جگە لە تاڵاوی شکست و داڕووخانی ئابووری و چەقبەستنی کێشەکان و قووڵبوونەوەی تەنگژەکان رەنگە ناتوانین ئاماژە بە دەستکەوتێکی دیکەی ئەم حوکمڕانییانە بدەین، کە دواتریش ئەم کێشە و قەیرانانەش تەقینەوە و لە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا گوزارشتیان لە خۆیان کرد، کە ئومێدی

**هەندێ بۆچوونیش، هەیە بەرگی تیۆری پیلانگێڕی دەکات بە بەر رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا وا لێکدانەوەی بۆ دەکات کە ئەمە سازشکردنە بۆ ئێران و رازی بوون بە هاوپەیمانێتی و هەژمونی ئێران لە ناوچەکەدا لەخۆ دەگرێت**

**پەیامی سعودیە ئەوە بوو کە چیتر دەستەوەستان و دەستەوئەژنۆ دانانیشێت و ئەگەر پێویست بکات، ئەوا ئامرازەکانی بەردەستی بەکاردەهێنێت بۆ دانانی سنوورێک بۆ فراوانخوازیی ئێران**

ئـەوەی لێدەکـرا سـەردەمی هەڵهاتنـی ڕۆژێکـی نـوێ بێت بۆ گەلانی ناوچەکە و پێچانەوەی لاپەڕە تاریك و تاڵەکانی ڕابردوو بێت، بەڵام دواتر ئەم خەونانە گۆڕان بـۆ نائومێـدی و لـە بـری هاتنەئـارای حوکمڕانییەکـی باشتر پشێوی و ئاژاوە باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشا. ئێسـتا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە بـەردەم ئەگـەری، ئەگـەر نەڵێیـن حەتمیەتـی داڕشـتنەوە و پێویسـتی دووبـارە نەخشەکێشـانەوەی نـەك هاوکێشـە ناوخۆییـەکان، بگـرە گۆڕانـکاری جیپۆلەتیـك و دووبـارە داڕشـتنەوەی سنوورەکانیشدایە. لێرەشدا ئەگەر باس لە حاڵەتێك وەك هەرێمی کوردستان بکەیـن لـە عێراقدا، ئەوا ئاشکرایە کـە ئـەم هەرێمـە هیـچ درێغـی و کەمتەرخەمییەکـی نەکرد بۆ ئـەوەی ئەو ڕێگاچارەیـەی کە لـە دەسـتووردا چەسـپێندرابوو کـە بریتـی بـوو لـە فیدراڵییـەت جێبەجـێ بـکات، بـە مەرجێـك بتوانێـت مومارەسـەی مافـە دەسـتوورییەکانی خـۆی بـکات، بـەڵام دواتـر دەرکـەوت کـە بیرکردنـەوەی زاڵ لـە نێـو کاربەدەسـتانی عێراقدا بریتـی بـوو لـە هەوڵدان بـۆ بێبەشـکردنی کـورد لـەو مافانـە و درێژکردنـەوەی دەسـەڵاتی مەرکـەز بـۆ هەرێـم و بەتاڵکردنـەوەی پرسـی فیدراڵییـەت لـە ناوەڕۆکەکـەی. کوردیـش زوو لـەم ڕاستییە تێگەیشـت و هەوڵیداوە کـە ئەوەنـدەی دەکرێت پشـت بـە خـۆی ببەسـتێت و ڕێگەنـەدات هەوڵەکانـی بەغدا بۆ پاشکۆکردنی هەرێمی کوردستان سـەربگرن. لـەم پێناوەشـدا هـەوڵ و هەنگاوەکانـی دەسـتپێکرد بـۆ بنیادنانـی دامەزراوەکانـی و بـۆ گرتنەبـەری ڕێـگای سە ر بە خۆ یی ، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی خەسـڵەتی دەوڵەتـی شکسـتخواردووش بـووە ناسـنامەی دەوڵەتـی عێراقـی.



لە ئێستاشدا هەست بەوە دەکرێت لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، ئەگەر بە شێوەیەکی رەسمیش نەبێت، هاسۆزییەك هەیە بۆ ئەم هەنگاوانەی هەرێمی کوردستان و لە راستیدا ئەو قەناعەتەش درووست بووە کە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە لایەن کوردەوە، بەشێك دەبێت لە هەوڵەکان بۆ هێورکردنەوەی ئەو ئاگر و ئاژاوە هەڵکشاوەی ناوچەکەی تەنیوەتەوە. واتە رەنگە یەکێك لە هۆکارەکان ئەوە بێت کە ئەوان پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیان پێ راست بێت کە پێیوایە بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە لایەن کوردەوە سەرچاوەی ناسەقامگیری و پشێوی زیاتر بێت لە ناوچەکەدا، چونکە ئێستا دەرکەوتووە کورد دەتوانێت سەرچاوەی سەقامگیری بێت، چونکە هەم ئیرادە و هەم توانای ئەوەشیان هەیە رۆڵی ئیجابی و بنیادنەرانە لە ناوچەکەدا ببینن و بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت بکەن، تا ئێستاش هەرێمی کوردستان ئەمەی سەلماندووە کە ئەگەرچی دەوڵەتێکی سەربەخۆش نەبووە و تەنها هەرێمێك بووە، بەڵام سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە و هەیە لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە چاوی رێزەوە لێی دەڕوانرێت، هەموو ئەوانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم هەرێمە و سەرکردایەتییەکەی نەبوونەتە بەشێك لە هیچ یەك لەو رێزبەندی و هاوپەیمانێتییانەی بۆ مەبەستی ناکۆکی و برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و تێکشکاندنی لایەنە رکابەرەکان درووست بوون. بۆ نموونە لە ناکۆکی و شەڕی تائیفەگەرییەوە تێوەنەگلاوە، نەبۆتە بەشێك لە هاوکێشە ئیقلیمییەکان بۆ دژایەتیکردنی وڵاتێك و کارکردن بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکان وڵاتێکی دیکە.





لۆرێنس روبین پسپۆڕی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سعودیه و ئێران هەوڵیان ئەوەیە شەڕی خۆیان بە وەكالەت بە لایەنی دیكە بكەن

**لۆرێنس روبین پرۆفیسۆرە لە قوتابخانەی سام نوون بۆ كاروبارە نێودەوڵەتییەكان، توێژەری بواری سیاسەتی بەراوردكاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتییە، بایەخێكی تایبەتیش دەدات بە توێژینەوەی ئیسلام و سیاسەت و سیاسەتی دەرەوەی عەرەب. بۆ ئاشنابوون بە بیروبۆچوونەكانی گوڵان دیدارێكی لەگەڵدا ئەنجام دا لەبارەی پەرەسەندن و هەڵكشانی پرسی تائیفەگەری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زیادبوونی بارگرژییەكانی نێوان سعودیە و ئێران و ئەگەری هاتنەئارای گۆڕانكاری جیوپۆلەتیكی، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.**

*** بەگشتی ناكۆكیی نێوان سعودیە و ئێران جێی ناكۆكی نێوان عەرەب و ئیسرائیلی گرتووەتەوە، بە مانایەكی دی، لە كاتێكدا دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی لە دژی ئیسرائیل وەستابوونەوە، بەڵام ئێستا لە دژی ئێران یەكیان گرتووە، كەواتە تا چەند ئەم ناكۆكییە دەبێتە هۆی دابەشبوونی سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر بنەمای هاوپەیمانی شیعە و سوننەكان؟**

- ئەوە راستە كە ئیسرائیل وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی یەكنەخستووە، بەڵام پێموا نییە سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە رێی هێڵی سوننە و شیعەكانەوە رێكبخرێت. پێموایە ئەمە بەردەوام دەبێتە رەگەزی هەندێك سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆیی دەوڵەتان، بەتایبەتی ئێران و سعودیە. بەڵام هێڵێكی دابەشبون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابینم كە ببێتە بنەمای سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** وڵاتانی عەرەبی سوننی لە ناوچەكەدا ئێران بە مەترسیدارتر دەزانن لە داعش، ئەمەش واتە تا رادەیەك مەحاڵە جارێكی دی بیر لە پێكەوەژیانیان**

**بکرێتەوە. ئایا پێتوا نییە دەبێت هەنگاو هەبێت بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتر بەلانی کەمەوە لە عێراق و سووریا لە بەر ئەوەی چیتر دەرفەتی پێکەوەمانیان نەماوە؟**

- بەداخەوە پێموا نییە بەو شێوەیە ئاسان بێت جیابکرێنەوە، بەتایبەتی کاتێك نفووزی گرنگیان هەیە، هەندێکجار گرنگترین نفووزیان هەیە. لە ناوچە گرنگەکانی ناکۆکی وەك سووریا و عێراق و لوبنان و شوێنی تریش. بۆ زۆر لە دەوڵەتانی سوننی و هەروەها لە دیدی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا، ئێران زۆرجار بەشێکە لە کێشەکە و هەروەها لەوانەشە بەشێکی چارەسەرەکەش بێت کە نەتوانرێت فەرامۆش بکرێت. ئەوان لە سووریادا، دژی داعشن هەروەك ئێمە، بەڵام پاڵپشتی حکومەتی سووریا دەکەن، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ زۆر لە دەوڵەتە سوننەکان. لە عێراقدا دژی داعشن، بەڵام دەوڵەتانی سوننی و بەرژەوەندییەکانیان دەمێکە لە کاریگەری ئێرانییەکان و پاڵشتیکردنی ئەو دەسەڵاتە دەترسن کە پشتیوانی بەرژەوەندییەکانی شیعە دەکەن لە عێراقدا.

*** دەبینین لەم ناکۆکییەدا، رۆژئاوا راستەوخۆ پاڵپشتی سعودیە دەکات و رووسیاش راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتی جەمسەری ئێرانی دەکات، ئەمەش واتە ئەم دوو وڵاتە دوو هێزی گەورە لە پشتیانەوەن. تاچەند ئەمە دەبێتە هۆی شەڕێکی ساردی تائیفی لە ناوچەکەدا لە جیاتی چارەسەرێکی ئاشتییانە؟**

- لە ئێستادا وادەردەکەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئاراستەی ئێراندا بچێتە پێش لە پێوەندی بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، بۆیە هێشتا هاوپەیمانی هەرێمایەتی بە روونی نەکێشراون، بەشێکی زۆری ئەم پرسە بەندە بەوەی چی لە ناو عێراق و سووریا و هەروەها رێککەوتنە ئەتۆمییەکە روودەدات.

*** لە گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی-یەوە بۆ ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم وڵاتە دروشم و بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان هەنارده دەکات و لە ئەنجامدا هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ عێراقدا کرد و لەم جەنگەشدا وڵاتانی عەرەبی پاڵپشتی سەدام حوسەین-یان کرد و پاش رووخانی سەدام-یش لە ٢٠٠٣ دا بەرهەمی ئەو پرۆسەیە درا بە ئێران و هیلالی شیعە لەگەڵ ناکۆکییە نیۆتائیفییەکان دەرکەوتن، بۆیە لەگەڵ کێشەی سووریادا ئێران چووە ناو قۆناغی سێیەمی تائیفەگەرییەوە، ئایا ئێران سەرتاپای دەسەڵاتی دەوڵەتی تەرخانکردووە بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی وەك ئەوەی سعودیە تۆمەتباری دەکات؟**

- هەناردەکردنی زۆر لەو بیرۆکە شۆڕشگێڕییانە بەشێك بووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە هەشتاکاندا و لە چەندین کاتی جیاوازیش لە پاش مەرگی خومەینی- یەوە درێژەی پێدرا، بەڵام بە هەمان رادە نا. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لە دەوڵەتانی کەنداو هەروەها دەوڵەتانی عەرەبی سوننی، بەتایبەتی سعودیە بەدڵنیاییەوە ئاوا لە ئێران و ئاواتەکانی تێگەیشتوون. کارەکانی ئێران و تێگەیشتنەکانی دەوڵەتانی سوننەی کەنداو بوونە پاڵنەری پێوەندییەکان و چۆنیەتی راڤەکردنی رووداوەکان. ساڵی ٢٠٠٣ بۆشاییەکی دەسەڵاتی دروستکرد بۆ ئێران، ئێرانیش پڕی کردەوە و بە شێوەیەکی سرووشتیش سعودیە ئەمەی وەك بەدیهێنانی ئاواتە ئایدیۆلۆژییەکانی ئێران و ئامانجە هەرێمایەتییەکانی بینی.

*** هەرچەندە سعودیە و ئێران لە شەڕێکی سەربازی راستەوخۆ تێوەنەگلاون لەگەڵ یەك، بەڵام شەڕی بەوەکالەت بەتایبەتی لە یەمەن لەنێوانیاندا بەرەوپێش چووە، تا چەند ئەم شەڕە بەوەکالەتە دەبێتە هۆی پێکدادانی راستەوخۆ لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- لەوانەیە، بەڵام پێموایە ئەگەری روودانی نییە. پێموا نییە هیچیان بیانەوێت شەڕی راستەوخۆی سەربازی بکەن و پێیان باشترە شەڕەکەیان لە ناوچەی خەڵکانی تر بکەن. ئەمە کەمتری تێدەچێت و کەمتریش مایەی ناسەقامگیری دەبێت بۆیان و هەروەها مەترسیی هەڵکشانیشی کەمترە.

*** هیچ دەسەڵاتێك نییە لە جیهاندا کە بە تەنیا بتوانێت ئاسایش و سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین بکات. ئاماژەکانیش پێمان دەڵێن سیستەمێکی نوێ بە هۆی گۆڕانی جیۆپۆلیتیکییەوە دروست دەبێت، ئەو گۆڕانکارییەش دەبێتە مایەی بەدیهێنانی سەقامگیری، پێتوایە پێویستە گۆڕانکاری جیۆپۆلیتیکی لە ناوچەکەدا دروست بێت، پێش ئەوەی بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت؟**

- لە دوای راپەڕینی عەرەبی و شەڕی ناوخۆوە، بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکاریدایە. کاتێك بارودۆخ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمێك هێور بێتەوە، ئەوا ئەگەری نییە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەمان شێوەی جاران بمێنێتەوە.



فەهیم عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک بۆ گوڵان:

# پارێزگای دهۆک پێشوازی لە سەرجەم ئاوارەکانی عێراق کردووە، بەڵام حکومەتی بەغدا هێندەی دەوڵەتانی کۆمەکبەخش هاوکاری نەکردووین

پارێزگای دهۆك لە ماوەی شەڕی داعشدا، ئەو پارێزگایەی کوردستانە بووە کە پێشوازی لە زۆرترین ئاوارەی رۆژئاوا و ناوخۆی کوردستان و ناوچەکانی عێراق کردووە. هەروەها بە هۆی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە خزمەتگوزاری بەشێکی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا کەوتووەتە سەرشانی ئەم پارێزگایە. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی پارێزگای دهۆك و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە تایبەتییە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ فەهیم عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** ماوەی دوو ساڵە هەرێمی کوردستان و پارێزگای دهۆك بە دۆخێکی تایبەتدا تێپەڕ دەبێت، بەتایبەتی هاتنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارە و پەناهەندە و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و قەیرانی دارایی، ئایا لەو دوو ساڵەدا تاچەند ئاستەنگتان بۆ دروست بووە بەتایبەتی لە پرسی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە؟**

- بێگومان کاریگەرییەکە زۆر بووە، چونکە دوای کەوتنی موسڵ و ئەو کارەساتەی بەسەر شنگال هات، زیاتر لە یەك ملیۆنێك و ١٠٠ هەزار کەس لە موسڵ و زوممار و دەشتی نەینەوا ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و روویان کردە پارێزگای دهۆك، کە هاتنی ئەم شەپۆلی ئاوارەیەش سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم و رێکخراوە مرۆییەکان درێغییان نەکردووە لە هاوکاریکردنی ئەم پارێزگایە، بارگرانییەکی گەورەی لەسەر ئیدارەی پارێزگای دهۆك و خەڵکی ئەم پارێزگایە دروست کرد، لە رووی تەندروستی و کارەبا و رێگەوبان و دابینکردنی سووتەمەنی و دەستەبەرکردنی جێگە و رێگە بۆیان. چونکە تەنیا لە بواری کارەبادا کە حاڵی حازر کوردستان خۆی بە دەست قەیرانی کارەباوە دەناڵێنێت، ئەوا زیاتر لە ١١٣ مێگاوات کارەبا بۆ کەمپی ئاوارەکان دابین کراوە. ئەمە سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و هەڵکشانی کرێی خانوو لەم شارەدا.

*** باسی کاروباری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمت کرد، بەتایبەتی شنگال و زوممار و سنوونێ و چەندین شار و شارۆچکەی دەشتی نەینەوا کە ئێستا بە ئەمری واقیع گەڕاونەتەوە ناو باوەشی نیشتمان، ئەمەش کاریگەری لەسەر بارگرانی و فراوانبوونی دیموگرافی و ئیداری پارێزگای دهۆك دروست کردووە، ئایا توانیوتانە رووبەڕووی ئەم واقیعە نوێیە ببنەوە و کێشەکان چارەسەری بۆ بدۆزنەوە؟**

- لە راستیدا پێش کەوتنی موسڵیش، ئەو ناوچانە، بە شنگال و زوممار و تەلەعفەر کە زۆربەی دانیشتووانەکەی تورکمانن، هەروەها تلکێف و بەعشیقە و بەرتلەش لە رووی دابینکردنی پێداویستی و کەل و پەلی تەندروستییەوە بارگرانی بوون لە سەر پارێزگای دهۆك. هەروەها ئەگەر باسی بارگرانی لەسەر سووتەمەنی بکەین، ئەوا تەنیا ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەگەڵ ئاوارەکاندا هاتوون و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆك تۆمار کراون، زیاتر لە ٣٠ هەزار ئۆتۆمبێلن، کە هەموویان لەسەر پشکی پارێزگای دهۆك بەنزین و گازوایل وەردەگرن. لە بارەی پرسی ئەوەی چۆن رووبەڕووی ئەم دۆخە دەبینەوە، ئەوا خۆ ناکرێت ئێمە دەستەوەستان بین و قەیرانێکە و دەبێت رووبەڕووی ببینەوە، ئەگەرچی دەستەبەرکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەش لەسەر حیسابی خەڵکی ئیمە بێت. ئێمە سوپاسی خەڵکی پارێزگای دهۆك و هەموو خێرخوازەکان دەکەین کە هاوکاری ئیدارەی پارێزگاکەمان دەکەن. لە راستیدا هەموو ئەو شاندانەش کە دێن و سەردانمان دەکەن، خۆشحاڵ دەبن بە شێوازی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و شوێنی نیشتەجێبوون و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئاوارەکان. ئومێدی ئێمە ئەوەیە جارێکی دیکە خەڵکەکە بتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی ئازادکراون و بتوانرێت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین بکرێت. وەك شنگال و سنوونێ و زوممار و سەرجەم ناوچەکانی رۆژئاوای دیجلە. مەترسیی راستەقینە ئەوەیە کە لە شەڕی رزگاکردنی موسڵدا رەنگە دوو هێندەی ئاوارەکانی ئێستای نیشتەجێبووی دهۆك، ئاوارەی دیکە روو بکەنە شارەکەمان، یان هەر هیچ نەبێت لەو ژمارەیەی ئێستا ئاوارەکان زیاتر ئاوارەی دیکە بەرەو دهۆك بێن، لەبەر ئەوە هەمیشە ئەم مەترسییە بە بیر وەزیر و پەرلەمانتار و لایەنە خێرخوازییەکان دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بە لای کەمەوە ئامادەکارییە سەرەتاییەکان دەستەبەر بکەن.

*** ناسەقامگیرییەکانی کوردستانی باکوور و داخستنی ناوبەناوی دەروازەی برایم خەلیل و تەقاندنەوەی بۆری نەوتی کوردستان بارگرانی لەسەر کوردستان و رەوشی بازرگانی و ئابووری هەرێم دروست کردووە، ئایا ئەو ناسەقامگیری و کێشانەی نێوان سوپای تورکیا و هێزەکانی پەکەکە تاچەند کاریگەری لەسەر رەوشی کاروبارەکانتان کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکە یەکجار زۆرە، وەك دەزانن ئەوە نزیکەی مانگێکە ئەو دەروازەیە داخراوە، ئاشکرایەش ئەمەش کاریگەری لەسەر جموجووڵی بازاڕ هەیە، نەك تەنیا حکومەتی مەحەلی پارێزگای دهۆك، بەڵکو کاریگەری گەورەی لە سەر داهاتی حکومەتی هەرێمیش هەبووە. پێمخۆشە ئاماژە بەوەش بکەن کە پشکی شێری شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعش بەر پارێزگای دهۆك دەکەوێت، چونکە بەرەیەکی یەکجار گەورەی هەیە لەگەڵ ئەم شەڕەدا، کە پێویست دەکات کارەبا بۆ بەرەکانی شەڕ دابین بکەین، هەروەها لە بواری رێگەوبانیش، کە بەڕێوەبەرایەتی رێگەوبانی دهۆکیش هاوکار بوون بۆ پێشمەرگە و بۆ سەنگەرلێدان، کە جار هەبووە کەسانی تەکنیکی و شۆفێرەکانیشمان شەرەفی شەهیدبوونیان پێبڕاوە. کەواتە ئێمە لە ئیدارەی پارێزگای دهۆك بارگرانییەکی گەورە کەوتۆتەسەر شانمان. دواتر ئەوەی پێوەندی بە رۆژئاواوە هەبێت، کە بۆ پەیداکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکان پشت بە باشووری کوردستان دەبەستن و هاوسنووربوونیشیان لەگەڵ دهۆکدا ئەوەندەی دیکە بارگرانی لەسەر ئەم پارێزگایە دروووست کردووە.

*** ئایا ئەمە ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە کە چەکدارانی پەکەکەی لێیە و ئایا تا چەند رێگرە لەوەی ئاوەدان بکرێتەوە؟**

- ئێمە ئەوە لەبەرچاو ناگرین کە کێی لێیە و کێی لێ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوانە خەڵکی ئێمەن و

**ئاریشەی نیشتەجێبوون لە سەرتاسەری کوردستان و بەتایبەت لە دهۆك ئەوەیە شارەکانمان بە ئاسۆیی، نەك بە ستوونی گەشە دەکەن**

**نە حکومەت و نە پەرلەمان و نە پارتە سیاسییەکانیش جددی نین لە مەسەلەی ئەنجومەنی پارێزگا و هەرگیز پشتیوانییان نەکردوون. چونکە ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت، بڕوا ناکەم لەگەڵ فەرمانگەیەکی بچووکی حکومیدا بکرێت**

**مەسەلەی گۆڕینی سیستم دەبێت بە دیراسەت بێت و کەسانی پسپۆڕ کاری لەسەر بکەن و ئەم پرۆسەیە هەنگاو بە هەنگاو بێت بەرەو نامەرکەزیەتێکی ئیداری و دارایی کە هەموومان قەناعەتمان پێ هەبێت و دەرئەنجامەکەش لە بەرژەوەندی خەڵك بشکێتەوە**

**هەمیشە ئێمە وەک پارتی زۆرینە بووین لە پارێزگای دهۆک، ئەوەش نە بە کودەتا و نە بە شێوازی ناشەرعی بووە، بەڵام دەبێت خۆمان رابێنین لەسەر ئەوەی کە ئێستا سەردەمی ئەوەیە هەموو لایەک لە دەسەڵات بەشدار بن**

**لەگەڵ گۆڕان ساردییەک هەیە، کە هیواخوازین ئەو ساردییەش برەوێتەوە، چونکە پێمان خۆشە هەمو لایەنەکان ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان بگرنەئەستۆ و پۆستەکانی خۆیان وەربگرن**

**نابێت لەسەر بنەمای ژمارەی کورسییەکان مامەڵە لەگەڵ برایانی یەکێتی بکەین، دەبێت ئەوانیش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ئەم دوو لایەنە بەرپرسیارێتی سەرەکییان لە ئەستۆیە، چ لە بەرەکانی جەنگ و چ لە ئەرکی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆیی**

میللەتی ئێمەن و پێویستە ئەوەندەی لە تواناماندا بێت خزمەتیان بکەین. بۆ نموونە ئێمە توانیومانە کارەبا بۆ زۆرێك لەو ناچانە دابین بکەین، ئەگەرچی بڕەکەشی کەم بێت، لەگەڵ چاککردنی ئەو ڕێگەیانەی تێکیان داوە، بە هەمان شێوەی دابینکردنی ئاو، واتە توانیومانە هەندێ خزمەتگوزاری سەرەتایی بگەیەنین، ئەگەرچی لە ئاستی پێویست و لە ئاست تمووحی ئێمەشدا نین. هەرچەندە ئێمە هەر بە خەمخۆرییەوە کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆیان بۆ ئەوەی ئەم خەڵکانە دڵگەرم بن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

*** ئایا تاچەند گرژی و دۆخە نائاساییەکەی نێوان پارتە کوردستانییەکان کاریگەری لەسەر لاواز بوونی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك کردووە؟**

- لە راستیدا رەنگە ئەو کاریگەرییەی نەبووبێت لەسەر ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام هەروەك ئێوەش دەزانن ئێمە لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان کە بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان ناودەبرێت کاروبارەکان بەڕێوەدەبەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە رووی عەمەلییەوە کاری ئێمە چاودێری و دەرکردنی هەندێك بڕیار و رێنماییە، بەڵام بە هۆی بێ بودجەیی و بارگرانی لە سەر یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکە، ئەوا جگە لە هاوکاریی یەکتر هیچ ڕێگەیەکەی دیکەمان لەبەردەمدا نەماوەتەوە، بەڵام نابێت ئەو هاوکارییە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی بێت. ئەوەتا لە ناوەڕاستی هەفتەی رابردوو بوو بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆکمان بانگێشتی ئەنجومەن کرد، وەکو میوان بەدواداچوونمان لەسەر زۆر گرفت و کێشە کرد، ئەگەرچی نابێت ئەو راستییە لە یاد بکەین کە ئەم بەڕێوبەرایەتییە هەوڵ و کۆششێکی زۆر گەورەیان لە ئەستۆ گرتووە بە رادەیەك جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی سوپاسی رۆڵی ئەوانی کرد بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ بەرەکانی شەڕ و دانیشتووانی ناوچە ئازادکراوەکان. لەبەر ئەوە ناچارین تەبایی و هەماهەنگی و هاوکارییەکی باشمان لەگەڵ ئیدارەی پارێزگای دهۆك هەبێت، بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە.

*** هەر سەبارەت بە ئەنجومەنەکەتان ماوەیەك پێش ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆمەڵێك پۆستی وەرگرت، ئایا ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك سەرقاڵی دامەزراندنی حکومەتی خۆجێیە و ئایا بەنیاز نین ئەم حکومەتە خۆجێیە فراوانتر بکەن؟**

- ئێمە هەر لە سەرەتای پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا و ئیدارەی خۆجێیەتی پارێزگای دهۆك بە نیەتپاکی روومان کردە لایەنەکانی دیکە، بەڵام هەروەك ئاشکرایە رۆژێك دوای دەستەبەرکاربوونمان رووداوەکانی موسڵ و شنگال هاتنەئاراوە و ئێمەش کەوتنیە دۆخێکی نائاساییەوە. بەڵام پاش خۆگونجاندمان لەگەڵ قەیران و دۆخە سەختەکە، ئیدی پێویست بوو لەگەڵ لایەنەکان بکەوینە گفتوگۆ و سەرەتا لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی رێککەوتین، و وردە وردە پۆست وەردەگرن و فەرمانیان بۆ دەردەچێت، ئەوەی لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگایە ئێمە ئەنجاممانداون، ئەوەی لە دەسەڵاتی پارێزگایە ئەوەش خەریکە جێبەجێ دەبێت، ئەوانی دیکە چاوەڕێی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران و هەندێکیان پێویست بەوە دەکات لە وەزارەتی ناوخۆ فەرمانیان بۆ دەربچێت. کە ئێمە چاوەڕێی دەرچوونیان دەکەین. رەنگە هەنگاوی داهاتوومان لەگەڵ برایانی مەسیحی بێت. هەروەك دەزانن مەسیحییەکان بەشێکی زۆر گرنگی پێکهاتەکی کۆمەڵایەتی دهۆکن، لەبەر ئەوە لەگەڵ لایەنە سیاسی و کەسایەتیەکانیان دەکەویتە گفتوگۆ و ئومێد دەکەین لە ماوەیەکی کورتدا بگەینە رێککەوتن بۆ ئەوەی ئەوانیش بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن. ئەوەی پێوەندی بە یەکێتی و گۆڕانەوە هەبێت، ئەوا ئەمە پەیوەستە بە هەل و مەرجە سیاسییەی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە ئارادایە. ئێمەش چاومان لەوەیە کە برایانی یەکێتی بەتایبەتی، دۆخی ئێمە لە پارێزگای هەڵەبجە لەبەرچاو بگرن. بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە نابێت لەسەر بنەمای ژمارەی کورسییەکان مامەڵە لەگەڵ برایانی یەکێتی بکەین، دەبێت ئەوانیش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ئەم دوو لایەنە بەرپرسیارێتی سەرەکییان لە ئەستۆیە، چ لە بەرەکانی جەنگ و چ لە ئەرکی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆیی. لەبەر ئەوە خوازیارین لەسەر پۆستێك لێرە و لەوێ ئاستەنگ درووست نەبێت، بەڵکو کار بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی کورد بکەین بۆ ئەوەی ببینە گەورەترین پشت و پەنا بۆ پێشمەرگەکان لە بەرەکانی شەڕدا. لەگەڵ گۆڕان ساردییەك هەیە، کە هیواخوازین ئەو ساردییەش برەوێتەوە، چونکە پێمان خۆشە هەمو لایەنەکان ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان بگرنەئەستۆ و پۆستەکانی خۆیان وەربگرن. من دەڵێم هەرچەندە هەمیشە ئێمە وەك پارتی زۆرینە بووین لە پارێزگای دهۆك، ئەوەش نە بە کودەتا و نە بە شێوازی ناشەرعی بووە، بەڵام دەبێت خۆمان رابێنین لەسەر ئەوەی کە ئێستا سەردەمی ئەوەیە هەموو لایەك لە دەسەڵات بەشدار بن.

*** لەکاتێکدا پارەی پەرەپێدانی پارێزگاو بودجەی هەرێمی کوردستان راوەستاوە لەم دۆخە سەختەدا پشت بە چ سەرچاوەیەکی داهات دەبەستن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانتان؟ ئایا بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندێتی پارێزگاکەیان لەبەرچاو گرتووە؟**

- پێم خۆش بوو ئەم پرسیارەتان کرد، لە راستیدا مامەڵەی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ ئێمەدا بەتایبەتی پارێزگای دهۆك و ئاوارەکانی ئەم شارە، تەنانەت وەك مامەڵەی وڵاتە کۆمەکبەخشەکانیش نییە، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو

ئاوارانەی لە پارێزگاکەی ئێمەدان عەرەبن و خەڵکی موسڵ و ئەبنار و فەللوجە و تەنانەت بەسرە-شی تێدایە، وەك ئەوەی ئێمە بەشێك نەبین لە عێراق و بیانی بین. واتە ئەگەرچی هەندێ دەرمان و بڕە پارەیەکیان ناردووە بۆ دروستکردنی کەمپ بۆ ئاوارەکان، بەڵام هەرگیز هاوکارییەکانیان لە ئاستی پێویستدا نەبووە و هیچ کاتێك هەست بەوە نەکراوە حکومەتێکی فیدراڵی هەبووە و پشتیوانی لەم خەڵکانە دەکات و کار بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانیان دەکات. هەروەها نەهاتنی بوجەی پەرەپێدانی پارێزگاش کاریگەرییەکی دیار و بەرچاوی هەبووە.

*** ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باسی لە شێوازەکی زۆر نامەرکەزی کردووە بە رادەیەك داوای کردووە داهاتی خۆیان بۆ خۆیان بێت، ئێوە تاچەند ئاگاداری ئەو داواکارییەن و راوبۆچوونی ئێوە لەسەر شێوازی نامەرکەزی چییە؟**

- لە هەقیقەتدا ئێمە هەر تەنیا لە ڕێگەی راگەیاندنەکانەوە ئاگاداری ئەو پرسە بووین، بە تێڕوانینی من نابێت بڕیارێك بدەین کە کاردانەوە بێت لە ئاست ئەم دۆخەدا. دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئێمە هەر لە زاخۆ تاوەکو دوا گوندی گەرمیان هاوچارەنووسین. من لە رووی مەبدەئییەوە لەگەڵ ئەوەدام دەسەڵات شۆڕبکرێتەوە بۆ پارێزگاکان و لەوێشەوە بۆ قەزا و ناحییەکان، ئەویش بۆ کەمکردنەوە و تێپەڕاندنی ئەو رۆتینەی هەیە کە زۆرجار خەڵکی ئێمە لە دەستی ئەو رۆتینە دەناڵێنن، بەڵام ناکرێت باس لە نامەرکەزیەتی دارایی بکرێت، خۆ ئەگەر ئەمە بکرێت، ئەوا کەس لە پارێزگای دهۆك سوودمەنتر نابێت، چونکە سەردەمانێك تەنیا بەهۆی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل کوردستان بەڕێوەدەچوو، رەنگە ئێستا وانەبێت، بەڵام خۆ وا چوار دەروازەی دیکەش دەکرێنەوە. هەروەها رەنگە هیچ پارێزگایەکی دیکەش هێندەی ئێمە بە نەوت دەوڵەمەند نەبێت کە سوودمەند دەبین لە پارەی پەترۆدۆلار، بەڵام خۆ ناکرێت ئەمە وەك کاردانەوە بێت و بێین بڵێین لەبەر ئەوەی دووچاری قەیران بووین، ئیدی با کێشەکانی خۆم چارەسەر بکەم و ئاگام لە سلێمانی و گەرمیان و هەولێر و راپەڕین نەبێت. لە راستیدا ئەمە چارەسەر نییە. هەروەها مەسەلەی گۆڕینی سیستم دەبێت بە دیراسەت بێت و کەسانی پسپۆڕ کاری لەسەر بکەن و ئەم پرۆسەیە هەنگاو بە هەنگاو بێت بەرەو نامەرکەزیەتێکی ئیداری و دارایی کە هەموومان قەناعەتمان پێ هەبێت و دەرئەنجامەکەش لە بەرژەوەندی خەڵك بشکێتەوە. بەڵام ئەگەر بێم و بڵێم بە نامەرکەزییەت دنیا دەکەم بە شامی شەریف،بە خوا قەد بڕوا ناکەم ئەمە سەربگرێت.

*** بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا زۆر لەدەسەڵاتەکانی بەمەرکەزییەت بەڕێوەدەبات و نامەرکەزییەت داواکاری زۆر لە یەکە ئیدارییەکانتانە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك زۆر سنووردارە؟**

-با ئێمە خۆڵ نەکەین چاوی خەڵك، من ئەم قسەیە دەکەم و لێشی بەرپرسم، کە نە حکومەت و نە پەرلەمان و نە پارتە سیاسییەکانیش جددی نین لە مەسەلەی ئەنجومەنی پارێزگا و هەرگیز پشتیوانییان نەکردوون. چونکە ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت، بڕوا ناکەم لەگەڵ فەرمانگەیەکی بچووکی حکومیدا بکرێت، ئیدی لە رووی ئیمکانایاتەوە بێت، یان لە رووی تەقدیر و رێزەوە، تەنانەت یاساکەش سەقەتە و یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە، هێشتا زۆر شت روون نین، کە دەبێت باشتر هەموار بکرێنەوە. ئێوە دەزانن بۆ پێداویستییەکانیان خەڵکی چاوی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. لەبەر ئەوە حەقە دەسەڵاتی زیاتر بە پارێزگاکان بدرێت، چونکە ئەو دەسەڵاتانەی هەن بەشی ئەوە ناکەن وەك پێویست خزمەتی خەڵکی پێ بکەن. بۆ نموونە با بێینە سەر باسی دابەشکردنی زەوی، پێموایە خەڵکی پارێزگاکە باشتر دەزانن ئەو زەوییە بۆچی بەکار بهێندرێت و بۆچی بەکار نەهێندرێت، واتە وەك عەرەب دەڵێت: «اهل مكة ادری بشعابها»، ناکرێت وەزیری شارەوانی بێت و بڵێت نابێت ئەمە بکرێت و ئەوە نەکرێت.

*** ئاماژەتان بە مەسەلەی دابەشکردنی زەوی کرد، پێیمان باشە پرسیاریٚ ئەوە بکەین کە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی پارێزگای دهۆك کێشەی نیشتەجێبوونە، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتووە گوایە ئەنجومەنەکەتان بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە هەیە، لەو بوارەدا چیتان کردووە؟**

- لە راستیدا ئێمە بیرۆکەمان هەیە، بەڵام بە هۆی بێ بودجەییەوە بێ بەرنامەشین، چونکە ئەگەر بەرنامەش دابنێیت و نەتوانیت تەنانەت بەشێکیشی لێ جێبەجێ بکەیت، ئەوا وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە. دواتر ئاریشەی نیشتەجێبوون لە سەرتاسەری کوردستان و بەتایبەت لە دهۆك ئەوەیە شارەکانمان بە ئاسۆیی، نەك بە ستوونی گەشە دەکەن، تەنانەت ئەمە بۆ سەنتەری پارێزگای دهۆك راستە. دواتر ئێمە وا راهاتووین هەر کەسێك پارچە زەوییەکی هەبێت، کە من وای دەبینم دوای ١٠ساڵی دیکە زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئێمە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون تەرخان بکرێن، کە ئەواتە دابینکردنی خزمەتگوزاریش بۆیان زۆر ئەستەمە. راستە هەموو کەسێك مافی رەوای خۆیەتی یەکەی نیشتەجێبوونی هەبێت، بەڵام کارکردن لەسەر فراوانکردنی شارەکان بە شێوەیەکی ستوونی زۆر عەمەلیترە و دەبێتەهۆی ئەوەی زەوییەکی زۆرمان دەستکەوێتەوە کە زۆربەیان زەوی کشتوکاڵین.

**مەسیحییەکان بەشێکی زۆر گرنگی پێکهاتەکی کۆمەڵایەتی دهۆکن، لەبەر ئەوە لەگەڵ لایەنە سیاسی و کەسایەتیەکانیان دەکەویتە گفتوگۆ و ئومێد دەکەین لە ماوەیەکی کورتدا بگەینە رێککەوتن بۆ ئەوەی ئەوانیش بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن**

**هەموو ئەو شاندانەش کە دێن و سەردانمان دەکەن، خۆشحاڵ دەبن بە شێوازی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و شوێنی نیشتەجێبوون و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئاوارەکان**

**مەترسیی راستەقینە ئەوەیە کە لە شەڕی رزگاکردنی موسڵدا رەنگە دوو هێندەی ئاوارەکانی ئێستای نیشتەجێبووی دهۆک، ئاوارەی دیکە روو بکەنە شارەکەمان**

## پرۆفیسۆر ویلیام کلارک

### پسپۆڕ لە سیاسەتی بەراوردکاری و حوکمڕانی بۆ گوڵان:

# لە سەروەختی بنیادنانی دەوڵەتدا سەرکردایەتی سیاسی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت



**پڕۆفیسۆر ویلیام کلارک، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی لە زانکۆی ساوس کارۆلاینا و ئێستاش لە هەمان بواردا وانەبێژە لە زانکۆی لویزیانا، هەندێ لە بوارەکانی وانەبێژیشی بریتین لە سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەت و حکومەتی رووسی، رژێمە خۆسەپێنەکان. سەبارەت بە پرسی هاوسەنگڕاگرتنی سەقامگیری و ئازادی و مەسەلەی خراپ بەکارهێنانی دیموکراسی و بێتوانایی دەوڵەت لە بەرگرتن بە پشێوی، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازدکرد، ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** بۆ ئەوەی دیموکراسی بەردەوام بێت، دەبێت هاوسەنگییەکی باش لە نێوان سەقامگیری و ئازادیدا هەبێت، بە مانایەکی دی یەکێك لە گرنگترین گرفتەکانی بەردەم دیموکراسی پاراستنی سەقامگیرییە لە کاتێکدا ئازادییە بنەڕەتییەکانیش دەبێت دابین بکات، بەڵام چی روودەدات کاتێك دیموکراسی کێشەی هەبوو لە رێگرتن لە پشێوی و درووستکردنی سەقامگیری؟**

- درووستکردنی ئەو هاوسەنگییە هەم پێویستە و هەمیش قورسە، بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە بەشێکی زۆری دانیشتووان دڵنیا نەکرابێتنەوە لە شەرعییەتی دەوڵەت و نەریتی دیموکراسی هێشتا دانەمەزرابێت. پێموایە پێویستە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەوڵەکان زیادبکرێن بۆ برەودان بەوەی پێی دەوترێت «بنیادنانی دەوڵەت»، واتە دامەزراندنی توانای دەوڵەت بۆ ئەوەی بەڕاستی حوکم بکات و ئاسایشی دانیشتووانەکەی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دابین بکات، لەگەڵ کارکردن بۆ هێنانە ئارای شەرعییەت بۆ حکومەتەکە لە چاوی دانیشتووانەوە. قورسە کە ئازادی تاکەکەسی لە سیاقی پشێوی و بێدەوڵەتیدا پیادەبکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، بنیادنانی دەوڵەت لە هەموو شتێك گرنگترە.

*** هەروەك بزووتنەوەی دژە جیهانگیری و ئاراستەکانی دیکەی دژ بە یەکێتی ئەورووپا، نەتەوەپەرستی و چەند پارتێکی توندڕەوی راستڕەو دەرکەوتوون کە دژی کۆچبەرانن، بەگشتی دژی نۆرمەکانی دیموکراسین، کەواتە ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە چۆن دەبینی و تاچەند دەبنە هەڕەشە بۆ دیموکراسی؟**

- دووبارە لێرەدا کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزمان هەیە، کە ئاراستە دژ بەیەکەکانی جیهانگیری درووستی کردووە، لە لایەك ئاوێتەبوون نەمانی سنوورەکان و لەلایەکی ترەوە بیرۆکە تەقلیدییەکانی پەیوەست بە سەروەری دەوڵەت و مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی و سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی کە دەوڵەتی نەتەوە تێیدا کاراکتەرێکی جەوهەرییە. بۆچوونیشمان لە بارەی ئەو هێزە کێبەرکێکەرانە بە رادەیەکی گەورە دەوەستێتە سەر ئەوەی هەڵگری چ ئایدیۆلۆژیایەکن. بۆچوونی من ئەوەیە سەروەری و هاونیشتمانیبوون بەندن بە گرنگیی دەوڵەتانەوە، نەك بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. بەشێك لە سەروەری دەوڵەت پەیوەستە بە مافی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانەوە. بە دڵنیاییەوە زۆر لە ئاراستەکانی دژە کۆچبەران لە ئەورووپا و شوێنانی دی بانگەشەی دیدێکی شەڕانگێزی دەکەن کە زیان بە ئامانجەکانی دیموکراسی و گوتاری سیاسیی رێزدار و هاوسەنگی دەگەیەنێت، بەڵام ئەمە لەوانەیە نیشانەی ئەوە بێت کە نوخبە سیاسییەکان تا رادەیەك لە پێش دانیشتووانی گشتی ئەو وڵاتانەوە بن لە پاڵپشتیکردنی یەکانگیری و رووبەڕووبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان. وەك دەوترێت، خۆی لەخۆیدا ماوەی راگوزەری خەڵك دەخاتە دۆخێکەوە ناتوانن هیچ بەدەست بێنن.

*** دیاردەیەکی دیکە هەیە لەناو وڵاتانی دیموکراسیدا، ئەویش ئەوەیە ئازادی لەو وڵاتانەدا وەك ئازادی رادەربڕین و کۆبوونەوە سوودی لێوەرگیراوە، وەڵامی راست و گونجاو چییە و دەبێت چ رێکارگەلێك بگیرێتە بەر بۆ بەرگرتن لە خراپ بەکارهێنانی میکانیزمەکانی دیموکراسی؟**

- لە هەموو حاڵەتێکدا وڵاتانی دیموکراسی خاوەنی ئەو دامەزراوە پاراستنە یاساییانەن کە رێگە دەدەن جیاوازی درووست بکرێت لە نێوان پیادەکردنی مافی قبووڵکراو و قبووڵنەکراو. ئازادی رادەربڕین و کۆبوونەوە دەبێت پارێزگاری لێبکرێت و بە دووربێت لە بانگەشەکانی توندوتیژی و تەنانەت ئەگەر ئەو رایە لەلایەن هەندێکەوە وەك تانە، یان شتی ناخۆش سەیر بکرێت. حکومەتە دیموکراسییەکان کەمتر لە دیکتاتۆرییەکان رێکخراون و زۆرجار کێبەڕکێی بە هاواری تێدایە. براوە و دۆڕاو هەموو رۆژێك درووست دەبێت و درووست دەبێتەوە. کلیلی بەڕێوەبردنی دیموکراسیی سەرکەوتوو قبووڵکردنی ناکارایی، هەروەها قبوڵکردنی مشت و مڕە سیاسییە پڕ لە تەحەددی و ناسوودەکارەکانیشە، بەڵام بە مەرجێ ئەوەی ئەمڕۆ لە رووی سیاسییەوە دۆڕاوە، بتوانێت سبەینێ ببێتە براوەی سیاسی، واتە بە مەرجێ هەموو پارتەکان لەوە تێبگەن کە ئەنجامە سیاسییەکان کاتین و بەندن بە هەل و مەرجێکی دیاریکراوەوە، کە لەسەر بەرد هەڵنەکۆڵراون و نەگۆڕ نین.

*** ئەوانەی کە رێگری و گرفت بۆ دیموکراسی درووست دەکەن، وەك ئیسلامی و پۆپۆلیستەکان هەمان رێگە بەکاردێنن، واتە سوود لە پڕوپاگەندەکان دەبینین و بە شێوەیەکی ئیستفیزازییانە میدیا بەکاردێنن، بۆیە لە جیاتی ئەوەی ببنە فاکتەری پاڵپشتی دیموکراسی، راگەیاندن دەگۆڕن بە هێزێك بۆ لاوازکردنی دیموکراسی، کەواتە لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانە چین لە رۆڵ و فرمانی میدیادا؟**

-ئازادی میدیا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بەڕێوەبردنی دیموکراسی و دەبێت بە هەر نرخێك بێت بپارێزرێت، تەنانەت ئەگەر یەکێك لەو زیانانە ئەو دەنگە نابەرپرسانە بن کە لە کۆمەڵگەی ئازاددا رێگەیان پێدەدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە. تیۆری پشت کۆمەڵگە کراوەکان ئەوەیە کە لە بازاڕی کراوەی بیرۆکەکاندا بۆچوونەکان لە هەموو سووچێکی شەبەنگی سیاسییەوە رێگەی پێدراوە بڵاو ببێتەوە بە ئاشکرا و کێبەرکێ بکات، بیروڕا میانڕەوەکانیش بە تێپەڕبوونی کات دەیبەنەوە. لاوازی بیرۆکە خراپەکان تەنیا لە رێی کێبەرکێ لەگەڵ بیرۆکە باشترەکاندا دەردەکەوێت. زۆر خراپە پاڵپشتی سنووردارکردنی ئازادی هەندێ میدیای دیاریکراو بکرێت بۆ ئەوەی دیموکراسی بپارێزرێت. باشترە رێگە بدرێت بە شەڕی ئازادی بۆچوونەکان و لێگەڕێین بیروبۆچوونە عاقڵانەکان لەو بازاڕەدا پڕوپاگەندەکان ببەزێنێت. هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی گفتوگۆکان هەرگیز شتێکی باش نییە.

*** یەکێك لە گرفتەکان کە رووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە، کەمبوونەوەی تاکگەراییە، لە بەرئەوەی هەڕەشەکان ئاراستەی سەرجەم کۆمەڵگە دەکرێن، پێتوا نییە ئەگەر تاکگەرایی چیتر نەبێتە بنەمای دیموکراسی، ئەوا هەر بوونی دیموکراسی لە مەترسیدایە؟**

- بەگشتی هاوڕاتم، سەیرکردنی کۆمەڵگە بەوەی لە گرووپەکان پێکهاتوون، بۆ نموونە وەك چین و توێژ و کاست و نەژاد و. تاد، لەجیاتی

**زۆر لە ئاراستەکانی دژە کۆچبەران لە ئەورووپا و شوێنانی دی بانگەشەی دیدێکی شەڕانگێزی دەکەن کە زیان بە ئامانجەکانی دیموکراسی و گوتاری سیاسیی رێزدار و هاوسەنگی دەگەیەنێت**

**حکومەتە دیموکراسییەکان کەمتر لە دیکتاتۆرییەکان رێکخراون و زۆرجار کێبەڕکێی بە هاواری تێدایە**

**کلیلی بەڕێوەبردنی دیموکراسیی سەرکەوتوو قبووڵکردنی ناکاراییی، هەروەها قبوڵکردنی مشت و مڕە سیاسییە پڕ لە تەحەددی و ناسوودەکارەکانیشە**

**تیۆری پشت کۆمەڵگە کراوەکان ئەوەیە کە لە بازاڕی کراوەی بیرۆکەکاندا بۆچوونەکان لە هەموو سووچێکی شەبەنگی سیاسییەوە ڕێگەی پێدراوە بڵاو ببێتەوە بە ئاشکرا و کێبەرکێ بکات**

**باشترە ڕێگە بدرێت بە شەڕی ئازادی بۆچوونەکان و لێگەڕێین بیروبۆچوونە عاقڵانەکان لەو بازارەدا پڕوپاگەندەکان ببەزێنێت**

تاکەکان هەنگاوێکە بە ڕێگەیەکی هەڵەدا. خەڵکی پێویستە وەك تاك حوکمیان لەسەر بدرێت، نەك وەك ئەندامی ئەم یان ئەو گرووپ. ئەم کێشەیە دوو لێواری تیژی هەیە، خەڵك ئەوانی تر وەك ئەندامی ناسراوی دەرەوەی گرووپەکەیان دەبینن، هەروەها خۆشیان وەك ئەندامانی ناو گرووپەکەیان. ئەم ڕێگەیە ئەگەر توند و سەختیگرانە بگیرێتەبەر هاوسەنگی کۆمەڵایەتی کەم دەکاتەوە و هەروەها چارەسەرە بنیادنەرەکان بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەناودەبات.

*** ئەگەر پشێوی لە وڵاتانی دیموکراسی و پێگەیشتوودا ڕوویدات، ئەوا دەرفەتەکانی چەسپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتانەی کە تەواو لە پشێویدان چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ڕەشبینانەیە، بەڵام وردیشە. وەڵامێکی ڕەشبینانە لەوانەیە ئەوە بێت ئەو وڵاتانە چارەنووسیان شکستە، بەڵام دیموکراسی لە شوێن و کاتێکدا چەسپاوە کە پێشوازی لێکراو نەبووە، بۆ نموونە وەك ئەڵمانیا و یابان پاش جەنگی دووەمی جیهانی، یان هیندستان پاش سەربەخۆیی لە دەست بەریتانیا، هەروەها چەندین وڵاتانی پاش کۆمۆنیستی لە ئەورووپا سەرکەوتووانە پاش ڕووخانی ڕژێمەکانیان دیموکراسییان چەسپاندووە. بە گەڕانەوە بۆ وەڵامەکەی پێشووم، دەتوانین بڵێین دروستکردنی دەوڵەت گرنگە بۆ پەرەدان بە توانای گشتی و شەرعییەتی سیستمەکە. لەم کات و شوێنانەدا سەرکردایەتی سیاسی زۆر گرنگە.

*** ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت حوکمی یاسا بەرقەرار بکات و ناوچەکانی بپارێزێت و ڕێ لە پشێوی بگرێت، ئایا دەتوانین بڵێین ئەو دەوڵەتە نەك هەر دیموکراسی نییە، بەڵکو گەیشتووەتە کۆتایی و داڕووخان؟**

- لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا ٦٠ وڵات لە جیهاندا هەبوون، لە کاتێکدا ئێستا نزیکەی ٢٠٠ وڵات هەیە. دەوڵەتان دێن و دەڕۆن، هەروەها سەرکەوتوو و شکستخواردوو دەبن و دەوڵەتانیش هەن دەردەکەون و هەشن لەناو دەچن (هەروەها هەندێك جار دەردەکەونەوە). ئەمە لە سرووشتی شتەکانە. ئەگەر چەمکی «دەوڵەت» پێشنیار بکەین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمانە لەخۆدەگرێت وەك دامەزراندنی نیزامی دیموکراسی و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی و سیاسەتی ئاگایی کۆمەڵگەکەی و .. تاد. هەموو دەوڵەتانی جیهان لەمڕۆدا لەسەر شوێنێکی ئەم پێرستە دادەنرێن و ئەم پێوەرانەش دەگۆڕێن. هەندێك دەوڵەت دەوڵەتی شکستخواردوون لەبەرئەوەی وەك پرسیارەکەت ئاماژەی پێداوە، ناتوانن توانای دەوڵەت بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بپارێزن. چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژوودا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شکستی دەوڵەت شتێکی ئاساییە و لە هەموو شوێنێك لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدات. بەم مانایە شتێکی ئاساییە و دەگمەن نییە. لە کۆتاییدا دەبێت بزانین دەوڵەتی مۆدێرن لە ڕووی مێژووییەوە گەورەترین هەڕەشە بووە لە ئازادی تاك و هەروەها گەورەترین چارەسەری دامەزراوەیی بووە بۆ دەرخستنی کێشە کردارییە کۆمەڵییەکان. پێویستمان بە دەوڵەتە، بەڵام دەشبێت ئاگامان لە دەسەڵاتی دەوڵەت بێت، لێرەشەوەیە کە گرفتەکە خۆی حەشارداوە.

*** هەندێك دەڵێن: مەترسی هەیە لیبراڵیزم ببێتە ئایدیۆلۆژیا، بە شێوەیەك کە نەتوانرێت پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و چاوی پێدابخشێندرێتەوە؟ ئایا لەگەڵ ئەمەدای؟ ئەی ئەگەر ئەمە ڕاست بێت پێتوانییە دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی جەنگە ئایینییەکان؟**

- لیبراڵیزم بۆ ماوەیەکی تەواو درێژ ئایدیۆلۆژیا بووە، لەوانەیە لەمڕۆدا پێگەیەکی وەستاوی هەبێت، بەڵام هەمیشە وا نییە. سێ دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە لیبراڵیزم بۆ ماوەیەکی درێژ بوونی نەبووە لای هەندێك —تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی «بەرێزدا»— وەك کۆتایی ڕێگە سەیرکراوە. پێموایە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین لە ئێستادا کە لیبراڵیزم چەمکێکی هاوچەرخە ئەویش بە هۆی هەندێك پرۆسەی کۆمەڵایەتی خراپ پێناسە کراوەیە، بۆیە لێرەشەوە دەتوانین بڵێین نەگۆڕ و حەتمی و باش دامەزراوە. بەڵام نیوەی وڵاتانی جیهان لەمڕۆدا نادیموکراسین. لەوانەیە لە ڕاستیدا نوێبوونەوەی ناکۆکییە ئایینییەکان لە سیستەمی نیودەوڵەتیدا ببینین، بەڵام پێوەندیەکی ڕوون نابینم لە نێوان ئەم پێکدادانی شارستانییانە و (بە زمانی هەنتینگتۆن) و لیبراڵیزمدا. لە کاتێکدا لیبراڵیزمی مۆدێرن لەوانەیە پاڵپشتی دیدی عەلمانی لە سیاسەتدا بکات، ئەوا بێگومان ڕێگری لە پیادەکردنی ئازادانەی ئایین ناگرێت. ئەوەی کە دەیەوێت ڕێگری لێبکات، دۆگماتیزمە بە هەموو جۆرەکانیەوە، لەناویشیاندا دۆگماتیزمی ئایینی.

# دەربارەی هاووڵاتیبوون و جۆر و شێوازەکانییەوە..



**عەبدولحوسێن شەعبان**
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

تا ئێستا مژاری هاووڵاتیبوون و پێکهاتەکانی، بژاردەیەکی هزری و رۆشنبیری و سیاسی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و بە شێوەیەکی گشتیش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، لە کاتێکدا تا رادەیەکی زۆر بۆتە بابەتێکی بەڵگەنەویست لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، نەخاسمە لە وڵاتانی پیشەسازی ودیموکراسیدا، کە هەنگاوی زۆر بەرچاویان بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی هەڵهێناوە لە رووی دابینکردنی هاووڵاتیبوونێکی کارادا، سەرباری ئەوەی کە هەندێ کێشەو گرفت تا ئێستا بەرۆکی گرتوون و هەندێ جاریش دەربڕینی دیکەی بۆ دەستنیشان دەکەن لەبەر هەمەجۆری و جیاوازی و فرەیی لە ناسنامە و دیدگاو وێناکردن و بەرژەوەندییەکان.

ئەگەر چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخ و سەردەم چووبێتە ناو ئەدەبی سیاسی و یاساییەوە لە ماوەی پتر لە دووسەدەی رابردوودا، بە تایبەتش لە دانان بە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتدا کە لەسەر بنەمای گەل و خاك و حکومەت و سەروەری دامەزراوە، ئەوا چەمکی هاووڵاتیبوون بە چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخەوە گرێدراوە، لەرووی پێوەندیی وەك رایەڵێکی ماف و یاساوە، بۆیە ماف و ئەرکەکانیی تاکی کۆمەڵگە لەسایەی دەوڵەتێکدا دەست نیشان دەکرێن کە پێویستە پرەنسیپی یەکسانی تێدا بۆ هەمووان فەراهەم بکرێت، ئەو یەکسانییەش هەر وەك زانراوە یەکێکە لە دیارترین ئامانجەکانی شۆڕشی فەرەنسیی ساڵی ١٧٤٩، ئەمە وێڕای ئازادی و برایەتی.

هەندێ جیاوازیی هەیە لەنێوان فەلسەفەو ئەیدیۆلۆژییەکان سەبارەت بە چەمکی هاووڵاتیبوون، لەوانە رەوتی ئایینی بەشێوەیەکی گشتی و ئیسلامی بە تایبەتی، باس لە هاووڵاتیبوونی سنووربەزێنی دەوڵەتێکی نیشتمانی دەکەن و دان بەو سنوورەدا نانێن، ئیسلام ئایینێکی جیهانی و نەتەوەییە، کارەکە تەنیا لەوەدا نییە کە بازدان بێت بەسەر سنووری یاسایی لای رەوتە ئیسلامییەکان لەوەتەی دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین لە میسر ساڵی ١٩٢٨، هەروەها حزبی دەعوەی ئیسلامی و ولایەتی فەقیهـ تەنانەت تاکو دەگاتە دەوڵەت بە هەموو وردەکاری و مەرجەعییەکانییەوە، ئەویش بە خستنەڕووی مەرجەعییەتی نەتەوەی بەسەر نیشتمانیدا.

تەنیا ئەمە نییە بەڵکو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام( داعش) ئەویش دان بەو سنوورەدا نانێت، لەرووی کردەنییەوە هەر لای بردووە، بگرە لە رەققە( پایتەختی داعش) و دیر ئەلزور لە سوریا تاکو پارێزگای موسڵ و ناوچەکانی دیکەی رۆژئاوای عێراق، واتا لە سنووری رێکەوتننامەی سایکس پیکۆی ساڵی ١٩١٦ی تێپەڕاندووە کە جیهانی عەرەبی پارچەپارچە کرد، بەڵام بەزاندنی

**چەمکی هاووڵاتیبوون بە چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخەوە گرێدراوە، لەرووی پێوەندیی وەک رایەڵێکی ماف و یاساوە، بۆیە ماف و ئەرکەکانیی تاکی کۆمەڵگە لە سایەی دەوڵەتێکدا دەستنیشان دەکرێن**

**هەندێ جیاوازیی هەیە لەنێوان فەلسەفەو ئەیدیۆلۆژییەکان سەبارەت بە چەمکی هاووڵاتیبوون، لەوانە رەوتی ئایینی بەشێوەیەکی گشتی و ئیسلامی بەتایبەتی، کە باس لە هاووڵاتیبوونی سنووربەزێنی دەوڵەتێکی نیشتمانی دەکەن و دان بەو سنوورەدا نانێن**

**دەوڵەتانی پێشووی پیشەسازی و دیموکراسی و سۆسیالیست بە تەواوی کێشەی هاووڵاتیبوونیان چارەسەرنەکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتی رۆژئاوا چین و توێژەکانیان هەست بە جیاکاری دەکەن**

ئەو شێوازە، واتا لە رووی کردەنییەوە بەشکردن و دابەشکردن بووە لەجیاتی یەکگرتنەوەی بەشە پارچەکراوەکانی نیشتمانی عەرەبی.

بەڵام رەوتی مارکسیزم و قوتابخانەی سۆسیالیزم بەگشتی، داوای تێپەڕاندنی سنووری هاووڵاتیبوون و پەڕینەوەی سنووری دەوڵەتی نیشتمانیان کرد لەژێر ناونیشانی ( کرێکاران هیچ نیشتمانێکیان نییە) و لەمیانی دروشمی ( کرێکارانی جیهان یەکبگرن)، لەمەشدا ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری و شێوازە فەرمییەکەی کە ئەنتەرناسیۆنالیزمی سۆسیالیزمەو حوکمڕانیی وڵاتانی سۆسیالیستی کردووە، هاوکات مەسەلەی هاوکاریی ناسیۆنالیزمی بەسەر سنووری نیشتمان و سەروەرییەکاندا دەسەپێنن، زۆر جاریش دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆ و تێپەڕاندنی سنوور لەوانە ناردنی هێزەکان بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بە پاساوی ناسیۆنالیزم و بەبیانووی بەهاناوەهاتنی ئەو وڵاتانە ئەنجام دەدرا، بەتایبەتیش بە ناچارکردنی لایەنەکان تا بکەونە ژێرهەژموونی ناوەند و سەپاندنی هێز لەژێر چەندین ناوونیشانی ناسیۆنالیزمەوە کە هاووڵاتیبوونی نیشتمانی تێپەڕاندووە.

جا ئەگەر (ئیسلامییەکان) بە جیاوازیی رەوت و لایەنگیریی و پاساوەکانیانەوە کەسانێك دەنێرن(بۆ گواستنەوەی چەکداران) تاکو بگەنە پرۆژەکانیان یان هاوکاریی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکەن، ئەوا سۆسیالیستە مارکسییەکان هەمان رۆڵیان هەبووە، ئیسلامییەکانیش بە(موجاهیدین) ناونراون، لەکاتێکدا مارکسییەکان و شیوعییەکان بە لایەنگرو بەرهەڵستکاران ناوزەدکراون، سۆسیالیست و شیوعییەکان دیبانەوێ بەناوی ( ئەنتەرناسیۆنالیزم)ەوە درێژەبکێشن و ئیسلامییەکانیش بەناوی بڵاوکردنەوەی ئیسلام، زۆر جاریش پاشخانەکەی ئایینزایی بووە، لەهەموو حاڵەتێکدا ئەمە سیمایەك و تایبەتمەندییەکە لەسەرووی هاووڵاتیبوونی نیشتمانی، بە ئاراستەی هاووڵاتیبوونێکی فراوانترو گشتگیرتر.

ناسیۆنالیستە عەرەبییەکان دان بە سنووردا نانێن و بە دروستکراوی دەزانن، بۆیە ئەو هاووڵاتیبوونەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن لە سنووری سایکس بیکۆ تێدەپەڕێت، ئەویش هاووڵاتیبوونێکی سنووربەزێنی عەرەبچێتییە، کە سنووری نیشتمانی تێدەپەڕێنێت و بنەماکەشی زۆرجار لەسەر ئایدیۆلۆژییەت دامەزراوە، بۆیە لە پەراوێزی هەمان بیرۆکەدا، هەتا ئەگەر جیاوازیش بێت، چەند یەکێتییەکی عەرەبی هاتنە ئاراوە، وەکو: ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو ١٩٨١ و یەکێتیی مەغریبییەکان ساڵی ١٩٨٩، ئەنجومەنی هاریکاریی عەرەبی ساڵی ١٩٨٩، ئەم یەکێتییانە هەتا ئەگەر جیاوازبن لە یەکێتیی تێکەڵبوونی میسری- سوری کە لە شوباتی ساڵی ١٩٥٨ هاتە ئاراوە، بەڵام شێوازی هاووڵاتیبوونی تێدا فراوانتربووە لە شێوازی هاووڵاتیبوونی نیشتمانی.

لەسەر ئاستی جیهانیدا شێوازی یەکێتیی ئەورووپا هەیە، کە باس لە هاووڵاتیبوونی ئەورووپی دەکات کە سنووری نیشتمانیی دەوڵەتی ئەورووپا دەبەزێنێت، بە تایبەتی بە بوونی دەستوورێکی هاوبەش و پەرلەمانێکی یەکگرتوو، هاوکات دراوێکی یەکگرتوو و بازاڕی یەکگرتووی ئەورووپی و گواستنەوەی کرێکاران و هەڵوەشاندنەوەی ڤیزا و زۆر شتی دیکە.

لە روانگەی رەوتی لیبراڵیزمدا، هاووڵاتیبوون پشتی بە دەربازبوون لە شێوازی دەوڵەتی نیشتمانی بەستووە ئەویش بە بیانووی بەرزکردنەوەی ئاستی تاك، هاوکات بەرزکردنەوەی ئازادیی ئەو تاکە وەك بەهایەکی رەسەن، ئەمە وێڕای ئازادیی بازاڕ، کە ئەمانە بنەمای سەرەکیی لیبراڵیزمن بە چەمکە مێژووییە هاوچەرخەکەی، کە ناکرێ لە یەکدی جودا بکرێنەوە، کە لە کۆتاییشدا زەمینەیەك پێکدەهێنێت بۆ جووڵەی تاکەکان و سەرمایە بە شێوەیەك بە ئازادیی بەڕێوەبچن.

ئەگەر دەوڵەت گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤایەتی بێت، چونکە بەبێ دەوڵەت ناکرێ هەردوو ئەرکی سەرەکی دابین بکرێن، کە بریتین لە پاراستنی ئاسایش و سیستەمی گشتی و پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان، ئەوا دەوڵەتی چاودێر بۆ هاووڵاتیبوونی کارا لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دادەمەزرێت: ئازادی و یەکسانی و شەراکەت و دادپەروەری، بە تایبەتیش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەم بنەمایانە بەیەکەوە گرێدراون و کاران و تێکەڵ بە بەها مرۆییەکان بوونە کە شەرعییەتی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ لەخۆی گرتوون، ئەمەش وەك بەرهەمێك کە هێزی مرۆڤایەتی هێناویەتەدی لە رووی پەرەسەندنی ماف و ئازادییەکان، کە بریتین لەو ماف و ئازادییە بەردەوامانەی تا کۆمەڵگە مرۆییەکان مابن هەر لەگەشەو پەرەسەندندا دەبن.

لە مژاری هاووڵاتیبووندا سەرباری ئەوەی کە لەم بوارەدا پەرەسەندن هاتۆتە ئاراوە، بەڵام کۆمەڵگە

مرۆییەکان رووبەڕووی تەحەدییەکان بۆتەوە، هەتا ئەگەر رووبەڕووبوونەوەمان بۆ ئەم بوارە زۆر سەخت و ئاڵۆز و دووفاقیانە بێت و کاریگەرییەکەی مەترسیداربێت و شێوازی چارەسەرکردنیشی بە ئاراستەی توندوتیژی و پەراوێزخستن و داننەنان بە یەکدی بێت، ئەویش بە هۆی دەمارگیری و پەرگیرییەوە.

هەروەك چۆن هەندێ تەحەدییاتی واقیعی و کردنی رووماان تێدەکات، بەو شێوەیەش هەندێ وەهم و وێناکردنی ناواقیعی هەن کە رووبەڕوویان دەبینەوە، یەکەمیان: دەوڵەتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو کێشەی هاووڵاتیبوونی چارەسەرکردووە، هاوکات پێشکەوتنی پیشەسازی بەسە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی دووچاری هاووڵاتیبوون دەبنەوە، دووەمیشیان ئەوەیە کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان کێشەی هاووڵاتیبوون و گرفتەکانی فرەکلتووریی سەرجەم گرووپە رۆشنبیرییەکانی چارەسەرکردووە، کە بە(کەمایەتییەکان) ناودەبرێت، سێیەمیان: دەوڵەتانی سۆسیالیست کێشەی ناسنامە جیاوازەکانی بە هاووڵاتیبوونی یەکسان لەسەر بنەمای ئەنتەرناسیۆنالیزمی مرۆیی چارەسەرکردووە، ئەویش بە تێپەڕاندنی مەسەلەی نەتەوە یان ئایین یاخود جیاوازیی زمان و رەچەڵەك. چوارەمیان: ئەو دەوڵەتانەی بە دواکەوتوو یان بۆ موجامەلە بە(گەشەسەندوو) ناوزەدکراون ئەوانە بەدەست نەبوونی هاووڵاتیبوونەوە دەناڵێنن لەبەر چەند هۆیەك کە پەیوەستن بە یەکسانی، بۆیە ناتوانن لە ململانێی ناسنامە رزگاریان بێت، بە رادەیەك کە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی و چەك بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکانیان.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەگەر لەهەر چوار ئەو خاڵە یان وەهمەی کە خرانەڕوو شتێکی راستیان تێدابێت، بەڵام ئەو گشتاندنە زۆر هەڵەیە، چونکە دەوڵەتانی پێشووی پیشەسازی و دیموکراسی و سۆسیالیست بەتەواوی کێشەی هاووڵاتیبوونیان چارەسەرنەکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتی رۆژئاوا چین و توێژەکانیان هەست بە جیاکاری دەکەن، ئەوانە زیاتر خولیای ئەوەن کە ناسنامە و تایبەتمەندییان بۆ بسەلمێنرێت، تەنانەت ئەو حەزو خولیایەیان دەگاتە رادەی جودابوونەوەو سەربەخۆیی. وەك پەیوەندیی نێوان (والانییەکان و فلامانییەکان) لە بەلجیکا، کە خاوەن سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵییە و یەکێکە لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان، بەڵام هەڕەشەی جودابوونەوەی لەسەرە، ئەویش لەبەر سەرهەڵدانەوەی مەسەلەی ناسنامەی لاوەکی و حەزی سەربەخۆیی، هەمان شتیش لە کاتالۆنیاو باسك(ئیسپانیا) و ئیسکۆتلەندا(بەریتانیا) و کیبك(کەندا) و باشووری فەرەنساو باشووری ئیتاڵیا و شوێنی دیکە بوونی هەیە.

بەڵام دەوڵەتانی پێشووی سۆسیالیست ئەوانیش مەسەلەی هاووڵاتیبوونیان چارەسەرنەکردووە، چونکە هەر ئەوەندە رژێمە تۆتالیتارەکان هەرەسیان هێنا، یەکسەر مەسەلەی ناسنامە سەری هەڵدایەوە، تەنانەت گەیشتە شەڕی رێکخراو و ململانێی چەکداریی ناوخۆ، دەوڵەتانی دوژمن بەیەك هاتنەئاراوە لە (یۆگسلافیا ٦ دەوڵەت) و لە(یەکێتیی سۆڤیەت ١٥ دەوڵەت) و لە چیکۆسلۆڤاکیا (کۆماری چیکیا و کۆماری سلۆڤاکیا)کە بەشێوەیەکی نەرم جیابوونەوە.

بەڵام لە جیهانی سێیەم، وێڕای دواکەوتوویی و بەدینەهێنانی هەر چوار بنەما سەرەکییەکانی هاووڵاتیبوون، تا ئێستا چەند ئەزموونێکیان بەدەستهێناوە کە مەسەلەی هاووڵاتیبوون تێیاندا بەدیهاتووە لەوانە ریزگرتن لە ماف و ئازادییەکان و ناسنامە لاوەکییەکان، وەکو هیندستان کە لەچوارچێوەی هاووڵاتیبوونی یەکساندا چەندین نەتەوەو ئایین و زمان بەیەکەوە دەژین، بە هەمان شێوەش لە مالیزیاو شوێنی دیکە.

وەدیهێنانی بەشێك لە لێبووردەیی و پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی یەکسانیی دەکرێ ببێتە رێگایەکی دروستی هاووڵاتیبوون، لە دەرەوەی چوارچێوەی پەنابردنەبەر ململانێیەکی کوشندە بە خواستەوەی زاراوەی(ناسنامە بکوژەکان) ی نووسەر ئەمین مەعلوف، چ ئایین بێت یان نەتەوە یان زمان یان ئایدیۆلۆژیا بێت، بابەتەکە پێوەندیی بە هەڵوێست وەرگرتن نییە لە ئایین، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەت و دەوڵەت، دەوڵەتیش یاسای خۆی هەیە و دەبێتە مەرجەع و لە سەروەی هەموو مەرجەعێکە.

پێوەندیی نێوان ئایین و سیکۆلاریزم بابەتی گفتوگۆیەکی گەرم و دیالۆگێکی زانستی و رۆشنبیری بوو دەربارەی(هاووڵاتیبوون) کە دیداری ئایین و رۆشنبیرییەکان بۆ پەرەپێدان و دیالۆگ لە بەیروت سازی کردبوو، لەم دیدارەدا بژاردەیەکی هزرڤان و توێژەران و پیاوانی ئایین و رۆشنبیرانی سیکۆلاریزم لە هەموو بۆچوونەکان بەشداریان تێداکرد.

**رەوتی مارکسیزم و قوتابخانەی سۆسیالیزم بەگشتی، داوای تێپەڕاندنی سنووری هاووڵاتیبوون و پەرینەوەی سنووری دەوڵەتی نیشتمانییان کرد لەژێر ناونیشانی(کرێکاران هیچ نیشتمانێکیان نییە) و لەمیانی دروشمی(کرێکارانی جیهان یەکبگرن)**

**دەوڵەتانی پێشووی سۆسیالیست ئەوانیش مەسەلەی هاووڵاتیبوونیان چارەسەرنەکردووە، چونکە هەر ئەوەندە رژێمە تۆتالیتارەکان هەرەسیان هێنا، یەکسەر مەسەلەی ناسنامە سەری هەڵدایەوە، تەنانەت گەیشتە شەڕی رێکخراو و ململانێی چەکداریی ناوخۆ**

**لە جیهانی سێیەم، وێڕای دواکەوتوویی و بەدینەهێنانی هەر چوار بنەما سەرەکییەکانی هاووڵاتیبوون، تا ئێستا چەند ئەزموونێکیان بەدەستهێناوە کە مەسەلەی هاووڵاتیبوون تێیاندا بەدیهاتووە، لەوانە ریزگرتن لە ماف و ئازادییەکان و ناسنامە لاوەکییەکان**

### کۆستانتینۆ پیسچێدا
### پسپۆڕ لەکاروباری عێراق لە زانکۆی میامی بۆ گوڵان:

# چارەسەری درێژخایەنی مەترسیی داعش لە ڕێککەوتنی ڕاستەقینەی دابەشکردنی دەسەڵاتدا بەرجەستە دەبێت

**پرۆفیسۆر کۆستانتینۆ پیسچێدا ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی میامی و ماوەیەکی زۆریش دیراسەتی لەسەر هەردوو وڵاتی عێراق و ئەسیوبیا کردووە. تەنیا لە عێراقدا دیمانەی لەگەڵ ٦٠ یاخیبووی عێراق کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر گۆرینی ئاراستەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر فەرەنسا و ئەوروپا دوای شکستەکانیان لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** پاش پەلامارەکانی پاریس لەلایەن داعش-ەوە، سەرۆکی فەرەنسی فرانسۆ هۆلاند وتی: جەنگێك لە دژی وڵاتەکەمان بەرپا کراوە، پاشان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەلامارانە و ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی دیکە. ئایا دەتوانین بڵێین پاش پەلامارەکانی پاریس جیهان لە جەنگدایە؟**

- من دەڵێم لە پاش هێرشەکانی سەر پاریس ئیلتیزاماتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بەهێزتر بووە، بەڵام بەلای منەوە گۆڕانەکە ناکاتە گۆڕان لە ئاستی هەوڵەکانی پێشوو لە دژی داعش، بەڵکو زیاتر گۆڕانێکی گوتارییە. بۆ نموونە: فەڕەنسا پێشتریش ئامانجەکانی داعشی لە سووریا و عێراق بۆردوومان دەکرد، بەڵام دوای هێرشەکانی پاریس تەنیا ئاستی هەڵمەتە ئاسمانییەکانی زیاد کردووە. بەمانایەکی دی، ئەوەی ئێستا دەیبینین جەنگێکە لە نێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوێکی چەکدار بە ناوی داعش کە بانگەشەی دەوڵەتداری لە پێش هێرشەکانی پاریسەوە کردووە،



هەرچەندە ئەم جەنگە لەوکاتەوە تا رادەیەك زیاتر بووە.

*** پاش هێرشەکان، فەرەنسا باری نائاسایی راگەیاند و بۆ سێ مانگی دیکەش درێژی کردەوە، هەروەها وڵاتانی تری ئەوروپاش رێکارە ئەمنییەکانیان توندتر کردووە،تا چەند راگەیاندنی باری نائاسایی لە کیشوەری ئەوروپادا دەبێتە هۆی زیادکردنی سەقامگیری لەسەر حیسابی دیموکراسی؟**

- مەترسی ئەوە هەیە رێکارە دژە تیرۆریستییەکان کە ئامانج لێی دڵنیاکردنەوەی ئاسایشی هاونیشتمانییانی ئەوروپییە، دیموکراسی کەم بکاتەوە. وڵاتانی دیموکراسی بە مانایەك هەمیشە رووبەڕووی ئاڵۆگۆڕێك دەبنەوە لە نێوان ئاسایش و ئازادییە مەدەنییەکاندا، لەبەرئەوەی رێکخراوە تیرۆریستیەکان سوودوەردەگرن لە سنوربەندییەکانی سەر دەسەڵاتی پۆلیسی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی خەڵك و رێکخستن و ئەنجامدانی هێرشەکان. درووستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دووانەدا گرفتێکی جددییە و هەڵەکردن لەلایەنی ئەمنییەوە هەروەکو ئەو کێشە پێچەوانەیە مەترسیدارە کە زۆر هەست بە رازیبوون بکەیت، واتە دەزگایەکی ئەمنی زۆر سەرکوتکار وادەکات تا رادەیەکی زۆر مەحاڵ بێت بۆ رێکخراوە تیرۆریستییەکان کار بکەن، بەڵام ئەمە باجی زۆری دەبێت لەسەر سنووردارکردنی ئازادییەکان کە هاونیشتمانییانی ئەوروپی شانازی پێوەدەکەن. ئەمەش بە بۆچوونی من سەرکەوتنێکی زۆر تاڵە.

*** پاش دەستێوەردانەکانی رووسیا لە سووریا و هەر پاش تێکشکانە سەربازییەکەی داعش لە شنگال، داعش ستراتیژی خۆی گۆڕی لە هەرێمایەتییەوە بۆ سەرئاستی جیهانی، کە ئەمەش ستراتیژی قاعیدەیە، راڤەی ئێوە بۆ ئەم گۆڕانە چییە. ئایا پێتوانییە داعش دەستیکردووە بە لەدەستدانی فروانکردنی خەلافەتەکەی لە سووریا و عێراق؟**

- لە سەرەتای ئەم ساڵەوە بەردەوام داعش لە عێراق و سوریادا ناوچەکانی ژێردەستی لەدەست دەدات، بەپێی هەندێك لە هەڵسەنگاندنەکان، داعش لە نێوان مانگی یەك و مانگی شەشی ٢٠١٥دا ١٠ ناوچەی لەدەستداوە کە پێشتر لە دەستیدا بووە، بەردەوامیشە لەدەستدانی ناوچەکان لە مانگی حەوتەوە تا ئێستا. بۆیە شتێکی مەعقوولە بڵێین: داعش یارییەکی مەترسیدار دەکات

**تا داعش دڵسۆزیی زۆربەی دانیشتووانی ناوخۆیی هەبێت، ئەوا دەتوانێت وەک شەڕکەر و تیرۆریست بەکاریان بێنێت**

**هەنگاوی سەرەکی بەم ئاراستەیەدا ئەوەیە ڕێککەوتنێکی راستەقینەی دەسەڵات دابەشکردن بەدی بێت کە گرووپە نەژادی و تائیفییەکانی وڵات بە یەکسانی دەسەڵاتیان هەبێت و پاراستنێکی دەستووری و تەندروستیان هەبێت و مافە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکرێت**

**گەڕانەوەی ئەو شەڕکەرە بیانییانەی ناو داعش بۆ وڵاتی خۆیان هەڕەشەیەکی جددی دروستدەکات، کە دەبێت بە زیادکردنی سەرچاوەکانی پۆلیس و دەزگە ئەمنییەکان کە تەرخانکراون بۆ ئەوە، چارەسەر بکرێن**

(گۆڕان لە هەرێمایەتییەوە بۆ جیهانی) و هەوڵێکی بێ هیوایە بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو ئاراستە خراپەی. بەداخەوە لەم قۆناغەدا زانیاریمان نییە لەسەر بڕیاردانە ناوخۆییەکانی داعش. لەهەر حاڵێکدا بێت، ئەگەر هەیە کە ئەم گۆڕانی ستراتیژییەی داعش بۆ بە ئامانجکردنێکی جیهانی (ئەگەر هەبێت) پێش رزگارکردنی شنگال رووی داوە وەك ئەوەی کە پلانی هێرشی بۆ سەر میسر و لوبنان و پاریس ماوەیەکی خایاند.

*** لە ئێستادا پۆلیسی ئینتەرپۆل ناوی ٦٥٠٠ هاونیشتمانی ئەوروپی راگەیاندووە کە گەشتیانکردووە و پێوەندییان بە داعشەوە لە سووریا و عێراق کردووە، ئەم وڵاتانە رووبەڕووی چ جۆرە گرفتێکی ئەمنی و هەڕەشە دەبنەوە، لە حاڵەتێکدا ئەو شەڕکەرانە بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان؟**

- گەڕانەوەی ئەو شەڕکەرە بیانییانەی ناو داعش بۆ وڵاتی خۆیان هەڕەشەیەکی جددی دروستدەکات، کە دەبێت بە زیادکردنی سەرچاوەکانی پۆلیس و دەزگە ئەمنییەکان کە تەرخانکراون بۆ ئەوە، چارەسەر بکرێن. ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام ڕێژەکەی تا ئێستا هاوشانی نەبووە و بە دڵنیاییەوە زیاترە لەوەی کە بینیومانە لە ماوەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. گرنگە ئەوە بزانین کە ئاستی هەڕەشەکان کە لەلایەن شەڕکەرە بیانییەکانەوە کراوە، زیاترە لە پاش جەنگی ناوخۆیی سووریا و عێراقەوە. ئەگەر «خەلافەتی داعش» هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەوا شەڕکەرە بیانییەکان بۆ پاراستنی دەوڵەتە نوێیەکەیان ناچاردەکرێن و بواریان بۆ دەڕەخسێت ئەرکەکانیان لەهەر شوێنێك کە بۆیان دەکرێت، ئەنجام بدەن، لەناویشیاندا ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون.

*** بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا و عێراق بەتایبەتی ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی توندڕەویی تائیفی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا؟ بۆیە پرسیار ئەوەیە چۆن کەلتووری پێکەوەژیان و سەقامگیری لەم ژینگە ناتەندروستەدا دروست دەکرێت؟**

- پێموایە هەنگاوی سەرەکی بەم ئاراستەیەدا ئەوەیە ڕێککەوتنێکی راستەقینەی دەسەڵات دابەشکردن بەدی بێت کە گرووپە نەژادی و تائیفییەکانی وڵات بە یەکسانی دەسەڵاتیان هەبێت و پاراستنێکی دەستووری و تەندروستیان هەبێت و مافە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکرێت. بەدڵنیاییەوە وردەکارییە تایبەتییەکان پێوەندی بەو سازشانەوە دەبێت کە لە نێوان یاریزانە سەرەکییەکاندا دەکرێت، بەڵام پێچەوانەکردنەوەی ئەو بێبەریکردنە



سیستەماتیکییەی عەرەبە سوننەکان لە عێراق و سووریا دەبێتە مەرجی سەرەکی بۆ چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ هەڕەشەکانی داعش. بەبێ ئەوە، بەشێکی زۆری دانیشتووانی سوننی لەم دوو وڵاتە بەردەوام دەبن لە بینینی داعش وەك ڕێکخراوێکی جێگیر و بەهێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی سوننەکان. تا داعش دڵسۆزیی زۆربەی دانیشتووانی ناوخۆیی هەبێت، ئەوا دەتوانێت وەك شەڕکەر و تیرۆریست بەکاریان بێنێت، تەنانەت ئەگەر لەو ناوچانەی کە داگیری کردوون، لاببرێن بە هەڵمەتە ئاسمانی و هێرشە هاوبەشە زەمینییەکان کە لە ئێستادا بەردەوامە. بەبێ ئەو خاکە زۆرەی کە داگیری کردوون لە ئەمڕۆدا، مەترسیی داعش کەمتر دەبێت لە ناوچەکەدا و لە رۆژئاواش، بەڵام هێشتا هەر هەڕەشەیەکی جددییە. سەرەڕای هەموو ئەمانە داعش لە هەوڵە هاوبەشەکانی ئەمریکا و عێراق و هێزەکانی سەحوە لە ٢٠٠٧ وە تا ٢٠١١ خۆی رزگارکرد بە خۆشاردنەوە لە ژێر زەوی و پاشان توانی بە تۆڵەوە بگەڕێتەوە لە ساڵی ٢٠٤١ دا و موسڵ داگیر بکات.



*** بارودۆخی ئێستا پیشانی دەدات کە ناتوانرێت داعش سنووردار بکرێت و هیچ ئەگەری ئەوەش نییە ئاگربەستی لەگەڵدا بکرێت و تەنانەت ناتوانرێت گفتوگۆشی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە بۆ تێکشکانی داعش پێویستە چۆن چاو بە ستراتیژیی دژەتیرۆردا بخشێندرێتەوە؟**

- هاورام لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ چارەسەرێك بە رێککەوتن لەگەڵ داعشدا ناکرێت و مەحاڵە، لەبەر ئەوەی داعش ئامانجی زۆر توندی هەیە و خۆی لە یەك، یان چەند وڵاتێکدا سنووردار نەکردووە و وادەردەکەوێت بە تەواوی نەیەوێت سازش لەسەر هیچیان بکات. بەڵام پێموا نییە رووداوەکانی ئەم دواییانە ئەوە پیشان بدات کە ناتواندرێت داعش سنووردار بکرێت. سنورداركردن نابێت لەو رووەوە پێناسە بکرێت کە ئەگەری هێرشێکی گەورەی داعش بۆ سفر نەهێڵدرێت. بەشێوەیەکی مەعقوولانە سنووردارکردن واتە سنووردارکردنی توانای گرووپەکە بۆ فراونکردنی ناوچەکانی لە سووریا و عێراق و وڵاتانی دراوسێ و دڵنیابوون لەوەی کە تەنیا پەناگەیەکی دیاریکراوی هەیە لە سووریا و عێراقدا کە دەتوانێت ئازادانە پلانی هێرشەکان دابنێ و جێبەجێی بکات. بەم مانایە، سنووردارکردن سەرکەوتوو دەبێت لەبەر ئەوەی پێشڕەوییە ناوچەییەکانی داعش لە سووریا و عێراق لە دوامانەوەیە. ئەمساڵ داعش لە ژێر فشاری سەربازیدا ناوچەی زۆری لەدەست داوە و بەردەوامیش ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەی زیاتر لەدەست بدات، بەم شێوەیەش تواناکانی بۆ خۆڕێکخستن و جێبەجێکردنی هێرش لە دەرەوەی شانۆی ئۆپەراسیۆنەکانی کەم دەبێتەوە. وەك سەرنجمان دا، ئەگەر تێکنەشکێندرێت و بە سادەیی سنووردار بکرێت، ئەوا داعش بەردەوام دەبێت لە هەڕەشە درووستکردن، هەرچەندە هەڕەشەکانی بشتوانێت بەدی بێنێت. بە تەواوی تێکشکانی ئەم رێکخراوە ئامانجێکی گرنگە، بەڵام پێویستی بە شتێك زیاتر لە ئامرازە سەربازییەکان هەیە، لەبەرئەوەی چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانی دانیشتووانی عەرەبە سوننەکانی عێراق و سووریا زۆر گرنگە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا پێویستە ئەمە بکاتە کاری لەپێشینەی خۆی.

**بەپێی هەندێک لە هەڵسەنگاندنەکان، داعش لە نێوان مانگی یەک و مانگی شەشی ٢٠١٥دا ١٠ ناوچەی لەدەستداوە کە پێشتر لە دەستیدا بووە، بەردەوامیشە لەدەستدانی ناوچەکان لە مانگی حەوتەوە تا ئێستا**